زانكۆی بەغدا
كۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد
بەشی زمانی كوردی

# ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی
# لە ڕۆمانی كوردیدا

نامەیەكە

ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموود جاف

هەواڵنامەی کتێب

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشدی كردووە وەك بەشێك لە پێویستییەكانی بەخشینی بڕوانامەی ماجستێر لە ئەدەبی كوردیدا.

سەرپەرشتی

پڕۆفیسۆری یاریدەر

د. فوئاد حوسێن ئەحمەد

١٤٢٥ی كۆچی ٢٧٠٤ی كوردی ٢٠٠٤ی زایینی

هەواڵنامەی کتێب

بِسمِ اللَهِ الرّحَمن الرَحيم

﴿ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي(٢٥) وَيَسِّرْ لِـي أَمْـرِي(٢٦) وَاحْلُـلْ عُقْـدَةً
مِنْ لِسَانِي(٢٧) يَفْقَهُوا قَوْلِي(٢٨) ﴾

{ صَدَقَ اللهُ العَظيم }

سورة طه – الآيات (٢٥-٢٨)

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەشە

*- بە زاناو ڕابەری مێژوونووسانی هاوچەرخی کورد هێژا د. کەمال مەزهەر..

*- بە گیانی پاکی عەرەب شەمۆ وەك یەکەم نووسەری ڕۆمانی مێژوویی کورد لە ڕەوتی ڕۆمانی کوردیدا..

*- بە گیانی پاکی باوکم..

*- بە دایکی هەر ئازیزم..

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا وەك ئەمكداری سوپاسی سەرپەرشتیاری ئەم نامەیە پ.ی.د. فوئاد حوسێن ئەحمەد دەكەم، كەوا لە نزیكەوە لە ڕووی زانستیی‌و مەعنەوییەوە هاریكاری كردووم بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم لێكۆڵینەوەیە.

هەروەها وەك ئەمكداری زۆر سوپاسی زانای گەورەی میللەتەكەمان پ.د. كەمال مەزهەر ئەحمەدو زانای زمانەوانی پایەدار پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەكەم، كەوا بە چەندین سەرچاوە یارمەتیان داوم و، بە چەندین ئامۆژگاری زانستییانە لە ماوەی هەردوو ساڵی خوێندن و نووسینی ئەم نامەیە ڕێنماییان كردووم.

بە پێویستی دەزانم سوپاسی د. عادل گەرمیانی‌و سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانە بكەم، كەوا لە قۆناغی خوێندنی ماستەر وانەیان پێ دەوتین و، لە نزیكەوە خەمخۆری سەركەوتنی قوتابییانی خوێندنی باڵا بوون لەم بەشی كوردییە، كەوا تا ئێستا چەندین خاوەن بڕوانامەی ماستەرو دوكتۆرای پێگەیاندووە.

هەروەها بە پێوستی دەزانم سوپاسی مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم و مامۆستا عەبدولڕەزاق بێمارو مامۆستا ئەحمەد باوەرو لوقمان تاهیر حوسێن و سەرجەم ئەو مامۆستاو برادەرانە بكەم كەوا بە دابینكردنی سەرچاوە هاریكاریان كردووم و، زۆر سوپاسی مامۆستا شەهاب شێخ تەیب دەكەم كەوا بە ئەوپەری توانای خۆی وەك دۆستێكی هەر ئازیزم هاریكاری‌و یارمەتیداوم بە خۆێندنەوەو هەڵە چنینی چاپكردنی ئەم نامەیە.

- لێكۆڵەر -

# (دانپێنانی سەرپەرشتکار)

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی _ ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا ئامادە کراوەو، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەخشینی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا .

سەرپەرشت

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د. فوئاد حوسێن ئەحمەد

/ / ٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرپەرشت

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د. فوئاد حوسێن ئەحمەد

/ / ٢٠٠٤

## (دانپێنانی لیژنەی تاوتوێکردن)

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی دیکە کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ئەندام
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
د. عادل مجید گرمیانی
/ / ۲۰۰٤

ئەندام
پڕۆفیسۆر
د. نسرین محمد فخری
/ / ۲۰۰٤

سەرۆکی لیژنە
پڕۆفیسۆر
د. عزالدین مصگفی رسول
/ / ۲۰۰٤

ئەندام و سەرپەرشت
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
د. فوئاد حوسێن ئەحمەد
/ / ۲۰۰٤

بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردنەکە لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد – ەوە پەسەند کرا.

پرۆفیسۆر
د. عبدالأمیر عبد دکسن
ڕاگری کۆلێج
/ / ۲۰۰٤

هەواڵنامەی کتێب

# إقرار المُشرِف

أشهدُ بأن هذه الرسالة الموسومة بـ (أنعكاس الحدث التأريخي في الرواية الكردية) المُقدَمة مِن قِبَل الطالب أبراهيم عبدالرحمن محمود الجاف قد تمت بإشرافي في قسم اللغة الكردية / كلية التربية – أبن رشد.

الأستاذ المساعد

د. فؤاد حسين أحمد

المشرف

/ / ٢٠٠٤

بناءً على التوصيات أُرشح هذه الرسالة للمناقشة.

الأستاذ المساعد

د. فؤاد حسين أحمد

رئيس قسم اللغة الكردية

/ / ٢٠٠٤

## قرار اللجنة

نشهدُ نحنُ أعضاء لجنة المناقشة بإننا قد أطلعنا على الرسالة الموسومة بـ (أنعكاس الحدث التأريخي في الرواية الكردية) المُقَدَمْ مِن قِبَل الطالب أبراهيم عبدالرحمن محمود الجاف، وقد ناقشناه في محتوياتها ونقرُّ بأنهُ جدير بالقبول لنيل درجة الماجستير في الأدب الكردي وبدرجة (          ).

| عضو | عضو | رئيس اللجنة |
|---|---|---|
| أ.م.د | أ.د | أ.د |
| عادل مجيد طرميانى | نسرين محمد فخرى | عزالدين مصطفى رسول |
| / / ٢..٤ | / / ٢..٤ | / / ٢..٤ |

عضو / المشرف

أ.م.د

فؤاد حسين أحمد

/ /٢..٤

صُدق المشروع من قبل مجلس كلية التربية – أبن رشد / جامعة بغداد

الأستاذ

د. عبدالأمير عبد دكسن

عميد كلية التربية – أبن رشد

/ / ٢..٤

# پێرست


* پێشکەش

*- سوپاس

*- پێشەکی

*- بەشی یەکەم:- چەمکی ڕۆمان

١- سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی

٢- چەمکی ڕۆمانی مێژوویی

٣- جیاوازی نێوان ڕۆماننووس و مێژوونووس

*- بەشی دووەم:- ڕەنگدانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی کۆنی کورد

تەوەری یەکەم:- خۆڕاگری کورد لە ڕۆمانی (قەڵای دمدم)دا

تەوەری دووەم:- ڕەنگدانەوەی پێوەندی نیوان فەرمانڕەوایی بابان وجاف لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا

*- بەشی سێیەم:- ڕەنگدانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی نوێی کورد

١- ڕەنگدانەوەی فیتی عوسمانی نێوان کوردو ئەرمەن لە ڕۆمانی (وا بەهار هات)دا

٢- ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلی کوردستانی ئیران لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا

*- بەشی چوارەم:- ڕەنگدانەوەی مانگرتنی کرێکارانی گاور باغیو کێشەی کورد لە شاری کەرکوکدا

تەوەری یەکەم:- ڕەنگدانەوەی مانگرتنی کرێکارانی گاور باغی لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا

تەوەری دووەم:- ڕەنگدانەوەی کێشەی کورد لە شاری کەرکوک پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس)و (عەلە بەستێ)دا

*- ئەنجام

*- سەرچاوەکان

*- کورتەی نامەکە بە زمانی عەرەبی

*- کورتەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ڕۆمان، وەك ژانرێکی ئەدەبی، یەکێکە لەو لقە ئەدەبییانەی کە زۆرترین خوێنەری هەیەو، بەشێکی بەر چاوی لەناو ڕیزی کتێبی کتێبخانەکانی بۆ خۆی داگیر کردووە.ڕەنگە ئەم بلاّوبوونەوەو زۆری خوێنەرانی وای کردووە هونەری ڕۆماننووسین بکاتە پێشەنگی ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب لە دونیای ئەفسانەو خەیاڵ ئامێزدا، چونکە ڕۆمان توانیوویەتی جێگای شیاوی بۆ خۆی بڕەخسێنی، نەك هەر ئەمە بەڵکو نووسەر لە ڕۆماندا دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی و بە خەیاڵی خۆی کارەکتەر هەڵبژێرێو کەسایەتییان دەستنیشان بکات.

نووسەری بەتوانا تەنیا لە ڕێگای نووسینی ڕۆمانەوە خەیاڵ بلاّوی خۆی ناخاتە سەر پەڕی کاغەزو سەرمانی پێ بێنێتە ژان، بەڵگو لە ڕێی ڕۆماننووسینەوە بیروبۆچوونی ڕەخنە ئامێزی دەخاتە ڕوو، وەیا وەك هینری میللەر دەڵێت: " ئەو نیوە ڕووی تاریکەی مانگ ڕۆشن دەکاتەوە کە لە ئێمەوە دیار نییە ". هەر لێرەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە نووسەر هەر بە تەنیا لاپەڕەی کتێبەکان ڕەش ناکاتەوەو، ڕیزی پیتەکان زیاد ناکات بەڵکو جۆرە پەیامێکی هەیە کە مێژوو فەرامۆشی کردووە، هەروەها ڕۆمان وەك شۆڕبوونەوەیە بەنێو کەلتوورو مێژوودا کەوا بە سادەیی نووسراوەتەوە.

یەکێك لە نووسەرە ئینگلیزەکان دەڵێ: " ئەرکی نووسەر ئەوەیە کە خەڵك لەوە بە ئاگا بهێنێتەوە کە چ دۆزەخێك لە ژێر پێیاندایە ". بێگۆمان ئەمە نەك تێروانینە، بەڵکو هاندەرێکە بۆ ئەوەی بڵێین نووسەر وەك پەیامبەرێکە لە خەسڵەتێکی دیکەدا، چونکە نووسەرو ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە پەنجەی کۆمەڵ بۆ ئەو زامانە ڕادەکێشێ کە مێژوو فەرامۆشی کردووە. واتە نووسەر وەك کۆلن ولسن وەسفی دەکا: " ئەو چۆلەکەیە کە هەر چوار دەوری خۆی جوان دەبینێ.. ئەو ژوورانە ڕۆشن دەکاتەوە کە تاریك بوونە ". وەیا بە مانایەکی دیکە ڕۆماننووس جۆرە مێژوو نووسێکە بە زمانی سیحر ئامێزی ئەدەبیی خاڵی نەبوو لە فەنتازیاو خەیاڵ ڕووداوەکان دەنووسێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی یەکێك لە لقەکانی ڕۆمان ئەویش ڕۆمانی مێژووییە، کەوا بە لامانەوە جۆرە سەربەخۆیی خۆی هەیەو خاوەن هەندێ تایبەتمەندی خۆیەتی. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ خستنە ڕووی سروشتی چەمکی ڕۆمانی

مێژوویی‌و ڕووداوی مێژوویی وەك دوو کایەی جیاوازو، باسکردنی ئەو لایەنانـەی پێکـەوە کۆیـان دەکاتەوەو، چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا کـەوا تەمـەنی لـە نیـو سەدە زیاترە.

ئەگەرچی ڕۆمانی کوردی تەمەنێکی ئەوەندە درێـژی نییـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆمـانی کوردی ئاوڕی لە کێشەکانی کۆمەڵی کوردەواری داوەتەوەو کەم تا زۆر کێشەکانی تیا بەرجەسـتە کراوەو، هەندێ ڕووداوی مێژووییش بەشی خۆی هەبووە لەو ئاوڕدانەوەیە لە لایەن ڕۆماننووسـانی کوردەوە، کەوا بە شێوازێکی ڕیالیسـتانەو لـە چـوار چێوەی ڕیـالیزمی مێـژوویی ئـەو ڕووداوە مێژووییانە بەرجەستە کراونە.

بۆ ئەوەی لە ماناو مەبەسـتەکانی ڕۆماننووسـی مێـژوویی کـورد بگـەین پێویسـتە شـەن و کەوێکی ڕۆمانەکانیان بکەین بۆ ئەوەی بزانین تاچەند ڕووداوی مێژووی لـەم ڕۆمانانـەدا ناویـان هاتووەو چۆن ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وردی باس لە سرووشتی ڕۆمانی مێـژوویی کوردی‌ـو ڕووداوە مێژووییـە کۆن و نوێکانی کۆمەڵی کوردەواریمان دەکات و، ڕۆماننووسـە کوردەکـان لـەم جـۆرە ڕۆمانـەدا کارەکتەرەکان و پاڵەوانەکانیان لەنێو جەرگـەی هەنـدێ ڕووداوی مێـژوویی هەڵبـژاردووە کـەوا بەسەر میللەتی کورددا هاتوونـەو، بـە خـەیاڵێکی هونـەری جـوان ڕاسـتیی ئـەو ڕووداونـەیان داڕشتووەتەوە، بەڵام ئەوەندەی پشت بە مێژوو دەبەستن بەقەد نێـو ئەوەنـدە پشـت بـە خـەیاڵ و ئەندێشە نابەستێت تاوەکو بە گێرەشێوێنی ڕاستیی مێژوویی تاوانبار نەکرێت.

عەشقی خستنە ڕووی ڕووداوی مێژوویی وەیا هەوڵدان بـۆ خـۆ تاقیکردنـەوە وەهـای کـردووە ژمارەی ئەو نووسەرە کوردانەی بەرهەمیان لە بواری ڕۆمانی مێژوویی هـەبێ لـە زیادبووندایـە، چونکە ئەم بوارە گرنگە هێشتا بە جوان و بە تەواوی نەکێڵراوەو، لەوانەیە لە داهـاتووی نزیکـدا کوردیش ببێتە خاوەن هەندێ شاکاری ئەدەبیی بەناوبانگ لە بواری ڕۆمانی مێژووییدا، کەوا بـە لامانەوە نووسینی مێژوو بە زمانێکی ئەدەبیی تام و چێژی تایبەتی خـۆی هەیـە لای عاشـقانی خوێندنەوەی ڕۆمان لەم سەردەمەدا.

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە هەردوو ڕێبـازی وەسـفی و شـیکاری وەرگرتـووە، چونکە بۆ لیدوان دەربارەی ڕووداوی مێژوویی پێویستە هەندێ جار بە وردی باس و وەسـفی ئـەو ڕووداوە مێژووییە بکرێت. هـەروەها پێویسـتە لێکۆڵـەری بـواری مێـژوو لایـەنی شـیکردنەوەی سرووشتی ڕووداوە مێژووەکە فەرامۆش نەکات بۆ ئەوەی خوێنەری نووسینەکەی بگەیەنێتە جـۆرە قەناعەتێك و، هەر ئەم لایەنە وەهای لێکردین جۆرە ئاوێتەیەك لە نێوان هەردوو ڕێبازی وەسفی‌و شیکاری بکەین لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەماندا.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی باسکردن و شیکردنەوەی ڕاستیی سرووشتی هەندێ ڕووداوی مێژوویی گرنگ و سەرنجڕاکێشدا خۆی دەنوێنێ، کەوا لە ڕابردووی دوورو نزیکیدا بەسەر میللەتی کورددا هاتووە و، لەنێو بابەتی هەندێ ڕۆمانی کوردیدا بەرجەستە کراوەو خراوەتە ڕوو. هەروەها سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا ئەو ڕۆمانانە دەگرێتە خۆ کەوا لە سالآنی سەدەی بیستەهەمدا دەرچوون و، پرۆژی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش پرۆسەی ئازادی عێراق نووسراوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنە ڕووی ئاستی داهێنانی ڕۆماننووسانی کوردە لە بواری هەڵبژاردنی بابەتی مێژوویی بۆ ناوەرۆکی ڕۆمانەکانیان. هەروەها ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنە ڕووی ڕادەی هاوتەریبی ڕاستگۆیی باس و وەسفکاری ڕۆماننووسانی کوردە لەگەڵ ڕاستیی بەسەرهاتی ئەو ڕووداوە مێژووییانەیە بەسەر میللەتی کورددا لە مێژوویی کۆن و نوێیدا هاتووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێنجەمین نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردی: نامەی ماجستێرەکەی ئیبراهیم قادر محەمەد یەکەمین نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردیەو بە ناونیشانی (ڕۆمانی کوردی لە عێراق دا)یەو سالّی ١٩٩. پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوەو، نامەی ماجستیرەکەی عادل گەرمیانی دووەمین نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردیەو بە ناونیشانی (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا)یەو سالّی ١٩٩٦ پێشکەش بە کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕۆشدی زانکۆی بەغدا کراوەو، نامەی محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا سێیەمین نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردیەو بە ناونیشانی (شاکەس لە ڕۆمانی کوردیدا)یەو سالّی ٢... پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوەو، نامەی دوکتۆراکەی نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی چوارەمین نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردیەو بە ناونیشانی (بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا - ژانی گەل، شار، ڕاز) و سالّی ٢..٣ پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە.لە ناونیشانی ئەم پێنج نامەی خوێندنی باڵایە دەربارەی ڕۆمانی کوردی دەردەکەوێ نامەکەی ئێمە یەکەم نامەی خوێندنی باڵای کوردییە دەربارەی ڕۆمانی مێژوویی کوردیەو، ئەم لایەنەش جۆرە گرنگییەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکەمان دەبەخشێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە پێشەکیەو چوار بەش و ئەنجام ولیستەی ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێ بینیوە. بەشی یەکەمان بۆ چەمکی ڕۆمان تەرخانکردووەو، بریتییە لە سێ تەوەر: لە تەوەرەی یەکەمدا سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردیمان خستۆتە ڕووو، لە تەوەرەی دووەمدا سروشتی ڕۆمانی مێژووییمان خستۆتە ڕووو، لە تەوەری سێیەمدا هەندێ جیاوازی لە نێوان سرووشت و تایبەتمەندی ڕومانووس و مێژوونووس بە وردی خراوەتە ڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چۆنێتی ڕەنگدانەوەی هەندێ لایەنی مێژووی نوێی کورد لە هەندێ ڕۆمانی کوردیداو، ئەم بەشە بریتییە لە دوو تەوەر یەکەمیان بۆ لێدوانەوە لەمەڕ قارەمانێتیو خۆراگری کورد لە ڕۆمانی (قەڵای دمدم)داو، دووەمیان تەرخانکراوە بۆ خستنە ڕووی ڕەنگدانەوەی ئاستی پێوەندی نێوان فەرمانڕەوایی بابان وجاف لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا.

بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە دوو تەوەر یەکەمیان بۆ خستنە ڕووی چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ئاشوبەگێڕیو فیتی عوسمانی لە نێوان کوردو ئەرمەندا لە ڕۆمانی (وا بەهار هات)داو، دووەم تەوەرەش تەرخانکراوە بۆ بەرجەستە کردن و ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلی کوردستانی ئێران لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا.

بەشی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرحانکراوە بۆ باسکردنی ڕەنگدانەوەی هەندێ لایەنی مێژووی هاوچەرخی کورد لە هەندێ ڕۆمانی کوردیداو، ئەم بەشە بریتییە لە دوو تەوەر یەکەمیان بۆ خستنە ڕووی ڕەنگدانەوەی مانگرتنی گاور باغی لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)داو، دووەمیان بۆ خستنە ڕووی ڕەنگدانەوەی کێشەی کوردەکانی شاری کەرکوک پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس) و (عەلە بەستێ)دا.

لە ئەنجامدا لایەنە گرنگەکانی سەرجەم ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند خاڵێك تۆمار کراوە بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر شارەزایی لەمەڕ سرووشتی ناوەرۆکی سەرجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیدا بکات. هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە جێی ڕەزامەندی ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی تاوتوێکردنەکە بێت و، هەروەها هیوادارم بەم لێکۆڵینەوەیە توانیبێتم کەلێنێکی گەنجینەی ئەدەبی کوردیم پڕ کردبێتەوە.

**- لێکۆڵەر -**

# ﴿ بەشی یەکەم:- چەمکی ڕۆمان ﴾

**تەوەری یەکەم:- سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی**

**تەوەری دووەم:-چەمکی ڕۆمانی مێژوویی**

**تەوەری سێیەم:- جیاوازی نێوان ڕۆماننووس و مێژوونووس**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری یەکەم

## سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی

ئەگەر سەرنجێك لە مێژووی ئەدەب بەگشتی بدەین، دەبینین هەموو قۆناغێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرە ئەدەبێك زیاتر تێدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم دیاردەیە شتێکی سروشتییە ئەگەر بێتو ئەدەبمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ئاستی ژیانی کۆمەڵ لەو قۆناغە مێژوویيەدا دانا. ڕۆمان وەك ژانەرێکی ئەدەبی هاوچەرخ گرنگی پێ دراو لە لایەن هەموو نەتەوەکانەوەو، بە بەرهەمێکی شار ناسراوە، چونکە سەرهەڵدانە جیهانییەکەی دەبەستنەوە بە پەیدابوون و تەشەنەکردنی چینی ناوەڕاست و خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنان. یەکێك لە مەبەستە گرنگ و سەرەکییەکانی ڕۆمان یارمەتیدانی خەڵك وەیا میللەت نەبووە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەڵسوکەوتی ژیاندا، بەڵکو بریتی بووە لە گواستنەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵك وەیا جیهانی خەڵك بۆ ناو جیهانێکی میسالی و خۆشتر.

ئاشکرایە ئەدەبی هەر میللەتێك ڕەنگدانەوەی باری ژیانی ئابووریو شارستانیو کۆمەلأیەتیو ڕامیاریی ئەو میللەتەیە. ئەدەبیش بەبێ میللەت نایەتە ڕوو، ئەدەبیش ڕۆڵەکانی گەل و میللەت بەبیرو بۆچوونیان بۆ ژیان و سروشت و ڕووداوەکانی دەوروبەریان و هەڵوێستیان بەرانبەریان دەیهێننە بەرهەم و، هەموو ئەدەبێك مۆرکێکی نەتەوەیی خۆی هەیەو یەکێك لە ڕەگەزەکانی نەتەوە پێکدەهێنن.

لێدوان لەمەڕ مێژووی ڕۆمان کارێکی سوود بەخشە بە مێژووی ئەدەب، چونکە مێژووی ڕۆمان وەك ئارنۆڵد کیبتل دەڵێت " مێژووی گەڕانی ڕۆماننووسانە بەدوای فەلسەفەیەکی پڕ بەپێستی ژیاندا "[١].

بە بیرو بۆچوونی زانایان، لای هەموو میللەتانی جیهان شیعر لە پێش هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەبەوە سەری هەڵداوە، ئەگەرچی بابەتەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری وەك حیکایەت و پەند و... هتد پەیدا بووبن و لە تەمەنیشدا زۆر لە دواوەی شیعر هاتوونەتە کایەوە، ئەویش لەبەر گونجاندنی هۆنراوە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بە گشتیو ئەو چالاکییانە کە مرۆڤ بۆ بژێوی ئەنجامی داون لەبەرهەمهێناندا. کەواتە پەخشان و بەشەکانی پەخشان لای میللەتان تێکرا

---

١- ارنولد كيبتل - مدخل الى الرواية الأنكليزية ، ترجمة : هانى الراهب ، المجلد الأول ، مطبعة وزارة الثقافة ، دمشق ، ١٩٧٧، ص٣٩ ، ص ٣٩

هەواڵنامەی کتێب

کەوتوونەتە پاشەوەی داهێنانە ئەدەبییەکانەوە، چونکە پەخشان زمانی ژیرییەو زمانی هەست و سۆز نییە وەك لە هۆنراوەدا خۆیان دەنوێنن.

ئەم فراوانبوونە بۆ پەخشان سەردەم وکات و کەشی ڕەخساوی خۆی دەوێت و، لەبەر ئەوە پێویستە کەسانێك هەبێت کاتی خۆیانن بۆ داهێنانی تەرخان بکەن. پەخشان وەك هۆنراوە نییە لە هەموو کاتێکدا بووترێت چ خۆشی بێت یان ناخۆشی، بەڵگە نەویستە پەخشان دەبێت بنووسرێت بۆ هەڵگرتن و تۆمارکردنی، چونکە زۆر گرانەو بۆ لەبەرکردنی ناشێ. دواکەوتنی پەخشان لای میللەتان پێوەندییەکی گرنگی هەیە بە بوون و نەبوونی ڕینووسی هەر زمانێك چ ژمارەی ئەو کەسانەی پێی دەنووسن لەو زمانە زۆر بێت وەیا کەم بێت.

میللەتی کوردیش وەك هەموو میللەتان بەرهەمی پەخشانی کەم بووە بۆیە باسی هەموو میللەتان دەکەین، چونکە لای هەموو میللەتێك تاوەکو ئەلفو بێی ئەو میللەتە پەیدا نەبووبێ بۆ نووسین پەخشان هەر لەدواوەی هۆنراوە بووە. جیاوازی لە نێوان هۆنراوەو پەخشاندا لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەوەیە کە هۆنراوە سادەیەو ساکارە پێوەندیی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوەو، دەتوانرێت لە خۆشی و ناخۆشیدا بەکار بهێنرێت. هەروەها زمانی هۆنراوە سۆزە، بەڵام زمانی پەخشان پێوەندی مرۆڤ بە پێشکەوتنە شارستانییەتەکەوە دەردەخات.

ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتی کورد بدەینەوە، دەبینین مێژووی پەخشان نووسین زۆر نزیکە لە ڕۆژگاری ئێستامانەوە، چونکە گەشەکردن و فراوانبوونی پەخشان بەندە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و بەرهەمی ئەدەبییەوەو، لە پێش هەموویانەوە ڕۆژنامە بە پلەی یەکەم دێت و ئەمیش بەهۆی هەبوون و پێشکەوتنی چاپخانەوە گەشە دەکات. لە دوای ڕۆژنامەشەوە ڕادیۆو تەلەفزیۆن دێت کە ئەمانەش پابەندن بە باری ئابووری و ڕامیاریی وڵاتەکەوە. کوردستانیش هەر لە کاتی دابەشبونییەوە لە دوای شەڕی (چاڵدیران)ەوە لە ساڵی ١٥١٤دا لە نێوان تورك و عەجەمدا هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش لەبەر بوونی هەردوو دەوڵەتی عەجەم و عوسمانی کەوا ناوچەکانی کوردستانیان داگیر کردبوو، بەڵام تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین پاش دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لایەنی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا گەشەی کردووەو پێشکەوتووە، هەرچەندە ڕۆژنامەی (کوردستان) ڕۆڵێکی تەواوی بەخۆیەوە نەبینی لە بواری ڕۆشنبیریداو بە هۆیەوە ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشان و هاندانی خوێنەر بۆ خۆی. جا میللەتێك ئەمە یەکەم هەنگاوی بێت لە بواری نووسینی پەخشاندا نابێت وەك میللەتانی دیکە چاوەڕوانی زۆری لێ بکرێت لەو بارەوە.

بە دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا کاروانی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەیدا پەرەی سەندو بوونە مایەی خۆشحاڵیخوێنەرانی کوردو، ئەم لایەنە بواری

بۆ بڵاوبوونەوەی جۆرەکانی پەخشان ڕەخساندو " پاشان دەرکەوتنی کۆمەڵێك ئەدیب و ڕووناکبیر کە زۆربەیان لەوەوپێش لە کۆمەڵە سیاسیو ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی زەمانی تورکیای عوسمانیدا چالاکییان نواندبوو بووە یاریدەدەرێکی گەورەی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی باری ڕۆشنبیری"[١]. سەرەرای ئەم هۆکارانە " دامەزراندنی چاپخانەی بەلەدییە لە سلێمانیو زاری کرمانجی لە ڕەواندز بۆ چاپەمەنی کوردیو دەرکردنی (١١) یانزە ڕۆژنامەو گۆڤار لە ماوەی کەمتر لە دەساڵدا (١٩١٨ - ١٩٢٧)و دەستکردن بەخوێندن بە زمانی کوردیو بووژاندنەوەی ئەدەب و زمان و دانانی بناغەی ئیملاو شێوەی نووسین و بڵاوبوونەوەی لەناو خەڵکیدا لە بری تورکی و فارسی بوون، کە مزگێنی پاشە ڕۆژێکی ڕووناکیان ڕادەگەیاندو ئەو ڕاستییەیان دەسەلماند کە کوردستانی عێراق ڕوو لەوە دەکا ببێتە مەڵبەندی بزووتنەوەی هاوچەرخی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد "[٢]. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی درووستبوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەگشتی و، بەرهەم و نۆبەرەکەی " سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی بوو کە وەك بابەتێکی ئەدەبی تازەی بێگانە هاتە ئەدەبی کوردی یەوە)[٣]. ئەدەبی تورکی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەدەبی کوردیەوە هەبوو تەنانەت ئەو کاریگەرییە ئەدەبی عەرەبیی عێراقیشی گرتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە بەرهەمە ئەدەبییە لەو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەوەیە، چونکە پێشتر ئەم بەرهەمانەمان نەبووە. لە سەرەتادا چیرۆکی هونەریی کوردی کەڵکێکی وای لێ وەرنەگیراوە تەنیا ئەو چیرۆکانە نەبێت کە بە زمان و پەخشانێکی هونەریی نوێ لەلایەن کۆمەڵێك نووسەرەوە دایانڕشتووە لەوانە مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردوونەتەوە. ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی لە عێراقدا ڕێگا بۆ باسەکەمان دەکاتەوەو، بواری ئەوەمان دەدات کەوا هەنگاو بنێین بەرەو مەبەست کە دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردییە لە عێراقدا. نموونەشی بۆ ئەم مەبەستە (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جافە، کە لە ساڵی (١٩٢٧ وەیا ١٩٢٨) نووسیویەتی و لەنیوان ڕەخنەگرە کوردەکاندا چەند بیرو بۆچوونێك لە بارەیەوە هەیە بۆ ساغکردنەوەی جۆرە ئەدەبییەکەی لەنێوان (چیرۆك و ڕۆمان)دا. بۆ نموونە چەند ناوێك بۆ ئەم

(١)- حسین عارف – چیرۆکی هونەری کوردی ( ١٩٢٥- ١٩٦٩ )، چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان، هەولێر، ١٩٨٧، ل١٠

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٣

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٣

بەرهەمە لەلایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانەوە دانراوەو، هەندێکیان بە چیرۆکی کورتیان داناوە وەیا چیرۆکی درێژو، هەشیانە بە ڕۆمانی دادەنێت و، بەلای د. عادل گەرمیانی یەوە ئەم دەقە کورتە ڕۆمانێکی تەواو نەکراوەیە [١].

ئەدەبی کوردی بە پەیدابوونی ئەم جۆرە بەرهەمە هەنگاوێکی فراوانی بەرەو پێشەوە ناوەو، هونەری ڕۆماننووسین بناغەی بیرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە لە ئەدەبی کوردی لە عێراقدا هەبوو، چونکە تا ئەو کاتە بەرهەمی وا گرنگ و بە پێز لە ئارادا نەبووە. هەروەها بەرهەمی وەك (نازدار یان کچی کورد لە لادێ)ی (محەمەد عەلی کوردی)[٢] کە لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا لە ساڵی (١٩٣٦ز) بۆ یەکەم جار زاراوەی ڕۆمانی بەکار هێناوەو، یەکەم ڕۆمانی کوردییە لە کوردستانی عێراقدا بە زنجیرەی تەواو نەکراو تەنیا سێ ئەلقەی لێ بلاوکراوەتەوەو، دەستنووسی ڕۆمانەکە بە تەواوی‌و بە کوردی دیار نییەو هەر دەستنووسێکی عەرەبیی تەواوی ڕۆمانەکە لەبەر دەستدایە[١] و، ئەم دەقە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە وەك دەقێکی ڕۆمانی کوردی بایەخی پێ نەدراوەو، تەنیا وەك چیرۆکێکی تەواونەکراو لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە باسی ئەو سێ ئەڵقەیەیان کردووەو لێیان کۆڵیوەتەوەو ناوەڕۆکەکەشیان بە خەیاڵێکی ڕووت لەقەڵەم داوە[٢]. دەقی ئەم ڕۆمانە لە لایەن عومەر مەعروف بەرزنجی لە ڕووی شێوەوە هەندێك وەسفی کردووەو، وەك ڕۆمانێك ئەو دەنگەو ڕەنگەی نەبووە لە کاتێکدا کە یەکەم ڕۆمانی کوردی لەلایەن (عەرەبی

---

(١)- أحمد مختار جاف - مسألة الضمير ، مراجعة وتقديم : د. عزالدين مصطفى رسول ، ترجمة : **عادل گەرمیانی** ، مطبعة الفنون ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص ٤٨

(٢)- محەمەد عەلی کوردی - نازدار یان کچی کورد لەلادێ ، گۆڤاری ڕووناکی، ژمارەکانی ( ٧ و ٩ و ١١) ، ١٩٣٦

(٣)- ئیبراهیم قادر محەمەد لەم بارەیەوە دەڵێت : " ئەو دەستنووسەیە کە لای (هند محەمەد عەلی کوردی ) دەستمان کەوت و بەزمانی عەرەبی و بە خەتی نووسەر نووسراوەتەوە لە (١٠٢) لاپەڕەی دەفنەرێکی قەبارە ناوەندداپەو مێژووی لەسەر نی یە " بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە : - ابراهیم قادر محمد — ڕۆمانی کوردی لە عێرق دا . نامەی ماستەرە پێشکەش کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە ، ئەیلولی ١٩٩٠ ، ل٢٥

(٢)- حسێن عارف - چیرۆکی هونەری کوردی ، ل ٤٥ ـ ٥٠

(٣)- عومەر مەعروف بەرزنجی — لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ( ١٩٢٥ — ١٩٦٩ ) ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل٣٩

(٤)- صەباحی غالب - ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ( ١٩٢٥ — ١٩٧٠ ) ، دار الحرية للطباعة ، بەغداد ، ١٩٧٩ ، ل٣٩

(٥)- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پرۆفیسۆر د. عیزدین مستەفا ڕەسول، کۆڤاری بەیان، ژ/١٩٥ ، ١٩٩٠، ل٩٢

هەولێر نامەی کتێب

شەمۆ)وە بە ناوی (شڤانی کورد)ەوە[٣] کە شەست ساڵ لە مەوبەر لە یەکێتی سوڤیەت بڵاوکراوەتەوە. ئەم هەوڵدانە سەرەتاییانە لای نووسەری کورد بۆ ڕۆماننووسین هاوشان و هاوکاتی ڕۆماننووسینە لای نووسەرە عەرەبە عێراقییەکان و، هەر ئەو بارودۆخی ژیانە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابوورییە بوو کە سەرانسەری عێراقی گرتبووەوە. لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت: ئایا ئەو سەرهەڵدانە لەو ساڵانەدا وەها زوو دەرکەوتووە بۆچی بەرهەمی دیکەی بەدوادا نەهاتووە هەروەك چیرۆکی هونەریی کوردی گەشەی کردووە، چ بە نووسین و چ بە وەرگێڕان !. تاکو ساڵانی ١٩٦١ کە (پێش مەرگە)ی (د. ڕەحیمی قازی) چاپکراوە، نەك بە نووسینی تەنانەت بە گۆڕینیش تەنیا کورتکراوەیەکی ڕۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرگی لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی[٤] کە (٢٥) ساڵ دەکات ! بە مەرجێك (٨٢) جیرۆکی بێگانە[٥] لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا کراوە بە کوردی بەرانبەر بە (٣٢) چیرۆکی خۆماڵی. بۆیە وەڵامی پرسیارەکەش و ئەم خامۆشیو کپییە لە بواری ڕۆماننووسیندا بەدەلیلێك دەهێنینەوە کە چیرۆکنووسە کوردەکان لە ژێر کاریگەری و هەڵپەو پەلەقاژەی دامودەزگای ڕژێمی سەر بە ئینگلیزدا خۆی دەبینییەوە. بۆیە ئەو بوارەیان بۆ نەدەڕەخسا کە بتوانن ئەسپی خۆیان لە بواری ڕۆماننووسیندا تاوبدەن، تەنانەت ئاستە جیهانییەکەش کاریگەری هەبووە لەسەر ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان، کە ململانێ و پێشبڕکێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەم و زۆر بەسەریاندا دەشکایەوە، هەر بۆیە نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە خەڵکی لە ڕاستی ئاگادار بکەنەوەو خەڵك ڕزگار بکەن لە چەوساندنەوەو زوڵم لێکردنیان. بۆیە هەرچی سۆزو تاسەو خەمێکیان هەبوایە هەر زوو لە ڕێگەی هۆنراوەو چیرۆکەوە دەریان دەبڕی بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگات بە جەماوەر بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتیان بەرانبەر بە داگیرکەران. هەر ئەمەش وەهای کرد لە نووسەران ڕوو لە ڕۆمان نەکەن، چونکە ڕۆمان پێویستی بە کات و شوێن و خۆڕاگرتن هەیە، هەروەکو خوێنەری هێمنی دەوێت کەلای نووسەرو خوێنەر بەدەست نە دەکەوت، چونکە کاتەکانی پێویستی بە بزواندنی هەست و سۆز بووە بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی کۆڕی خەبات. لەم ڕووەوە ڕۆماننووسی میسری نەجیب مەحفوز دەربارەی ڕۆمانی میسری دەڵێت: " سەردەمی شۆڕشگێڕی سەردەمێکی دینامیکی توندو تیژ ڕەوە، خۆڕاگرتن تێیدا پاشەکشە دەکات و ڕەوشتی پیرۆزتر جێگەی دەگرێ، ئەم پاشەکشەیەی ئارامیو خۆڕاگرتنەش لای هونەرمەندو جەماوەر یەکسانە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ڕۆمانیش تووشی ئەم پاشەکشەیە ببێت ؟، چونکە ڕۆمان

پێویستی بەخۆڕاگرتنێکی لە ڕادە بەدەرە، هەروەکو داواش لە خوێنەر دەکات کە هەمان خۆڕاگرتنی هەبێت، سروشتی ماوەی شۆڕشگێری پێویستی بە کردەوە هەیە. لەبەر ئەم هۆیە هونەرە پراکتیکییەکانی وەك (شانۆو سینەماو ئێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن) ڕەواجیان پتر دەبێت "[١] ئەمە لە کاتێکدا کە میسر لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە لایەنەکانی دیکەی عێراق پێشکەوتووتر بوو. ئەم کەم و کوڕیو وەستانەش بەسەر عێراقدا بە تایبەتی لە سالأنی جەنگی دووەمی جیهانیداو بەدواوە بەدرێژای سالأنی پەنجاکاندا ئەم دواکەوتنە هەر بەردەوام بوو بە تایبەتی لایەنی سیاسی و کۆمەلأیەتی جەماوەری تووشی بێ ئومێدی کردبوو. بۆیە ئەم هۆکارە وەها دەکات ئێمە نەتوانین لەمە زیاتر داوا لە هونەری چیرۆك بکەین بەتایبەتی ڕۆمان لەبەر ئەوەی ڕۆمان پێویستی بە کەشوهەوایەکی تایبەتی هەیە، سەرەرای ئەوەش هەموو چاپخانەکان زیاتر خەریکبوون بە بلأوکردنەوەی دەنگو باسی جەنگەوە.

لەم ماوەیەدا ناتوانین بلێین ڕۆماننووسە کوردەکان وەیا نووسەرانی کورد هەولیان نەداوە بۆ ئەوەی ڕۆمان بنووسن، چونکە نووسەران هەر یەکەو لە لای خۆییەوە هەولیداوە، بەلأم بەهۆی نەبوونی چاپەمەنی بە دەستنووسی ماونەتەوە[١]. نەبوونی ڕۆمان لەو ماوەیەدا ناتوانرێت ببێتە هۆی ناشارەزایی لە نووسینی ڕۆماندا، چونکە نووسینی کورتە چیرۆك و درێژ لە لایەن چەندین چیرۆکنووسی کوردەوە دەورێکی تایبەتی خۆی بینیوەو شارەزایی و توانای پێوە دیارە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری دووەم

## چەمکی ڕۆمانی مێژوویی

ئەگەرچی سەرەتا ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتیی لە ولأتانی ڕۆژئاوای پێشکەوتوودا سەری هەلداوە، بەلأم ڕۆمانی مێژوویی وەکو بەشەکانی دیکەی ڕۆمان هیچ جیاوازییەکی نییە لە لایەنی سەرەتایی سەرهەلدانییەوە، بەلأم ئەتوانرێت خالە جیاوازییەکانی ئەم جۆرەی ڕۆمانە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە ڕێگای پێناسە کردنی لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە دیاری بکرێت.

ڕۆمانی مێژوویی چیە؟، هەولەکانی پێناسەکردنی ڕۆمانی مێژوویی بە گشتی لە چوارچێوەی چەمکی ڕابردووی مێژوو دەرناچێت و، پشتیان پێدەبەستێت بۆ دیاریکردنی سیماکانی. ئەم

---

(١)- یوسف الشارونی – الروایة المصریة المعاصرة ، دارالهلال ، مصر ، فبرایر ١٩٧٢ ، ص ٨ ـ ٩

(١)- بەپێی ئاگاداریمان مامۆستا ( زێوەر ) ی شاعیر ڕۆمانێکی دەستنووسی هەیە ، کە ڕۆمانێکی خەیالییە. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە لاپەڕەی (٢٥)ی نامەی ماستەرەکەی ئیبراهیم قادر محەمەد.

ڕابردووە بە واتای سەردەمێکی دیکە نەوەك سەردەمی نووسەر دێت، هەروەها ئـەم مێژوویـە بـە واتای شتە نووسراوو زانراو پارێزراو بە ڕووداوو کەسایەتیەکانەوە دێت.ڕۆمـانی مێـژوویی بـەلای ڕەخنەگری ئینگلیزی (جۆن بۆکان) بە سادەیی بریتییە لەوەی:" ڕۆمانێکە لە پێنـاو سـەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ژیانـدا هەوڵـدەدات و دووبارەکردنـەوەی کەشـوهەوای سـەردەمێکە جیـاوازە لـە سەردەمی نووسەرەکەی "[1].

هەروەها ڕۆمانی مێژوویی بەلای (هیلین کام)ەوە جۆرە سەرلەنوێ دارشتنێکە بۆ ڕووداوەکـانی ڕابردووی مێژووی کۆمـەڵێك و، لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە بە جۆرە خەڵقکردنێکی تازە دادەنرێت، چونکە ئەم نووسەرە لەو باوەڕەدایە ڕۆمانی مێژوویی:" ئـەو ڕۆمانەیـە دووبـارەی خەڵقکردنەوەی سەردەم و کۆمەڵ و جیهانێکە کەوا بریتییە لە بیرو هەستی ڕابردوو، زیاتر لەوەی بایەخ بەخود نامەی کەسایەتییەك وەیا کۆمەڵە کەسێك بێت " [2].

لە مێژووی ڕۆمانی مێژووییدا هەندێ کەڵە ڕۆمـاننووس هـەن توانیوویانـە بـە شـێوەیەکی ئەدەبیی‌و لە ڕێی بەکارهێنانی جۆرە ئەندێشەیەکی هونەریەوە هەندێ ڕووداوی مێژوویی بکەنـە کەرەسەیەك بۆ بابەتی ڕۆمانەکانیان و، لە مێژوویی ڕۆمانی مێژووییدا (والتەرسکۆت) بە کەڵە ڕۆماننووسێکی ئەم بوارە ناسراوەو، بەلایەوە وەسف لەم جۆرە ڕۆمانە بایـەخێکی تایبـەتی خـۆی هەیەو" پێویستە کردەوەو ئاوازو هێماو خەندەی دڵدارو تووڕەیی خاوەن دەسەلات و بـزەی چاوش لەنێو ڕۆماندا وەصف بکرێت، چونکە لە تواناد‌ا نییە هیچ شتێك ببینرێت وەك ئەوەی لە شانۆدا هەیە، بۆیە خودی دانساندن ئاوێتەی گێڕانەوە دەبێت "[1].

هەواڵنامەی کتێب

لە پێناسەی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەنسکلۆپیدیای ئینگلیزیدا ئامـاژە بـەوە کـراوە هەمیشـە کاتی ڕووداوی مێژوویی دەکەوێتە پێش کات و سەردەمی لە دایکبوونی ڕۆماننووسی مێـژوویی. ئەم لایەنەش جۆرە ئەرکێکی تایبەت بە ڕۆمانی مێژوویی دەبەخشێت کەوا دەبـێ تـەنیا لەگـەڵ ڕووداوی ڕابردووی مێژوو سەودا بکات و، خۆی لە قـەرەی بابـەتی ڕووداوی مێـژوویی هاوچـەرخ نەدات، چونکە بەلای دانەرانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە ڕۆمانی مێژوویی " جۆرە ڕۆمانێکە لە پێش لەدایکبوونی نووسەر بە زەمانێك دارێژراوەو، زۆر جـار نـەك هـەر خـەڵك و ڕووداوی خـەیاڵی،

---

(١)- ارنولد كيبتل – مدخل الى الرواية الأنكليزية ، ص٣٩

(٢)- رولان بورنوف وريال اوئيليه – عالم الرواية ، ترجمة : نهاد التكرلي ، مطابع دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، ١٩٩٠ ، ص٥

(١)- ر٠م٠ البريس – تأريخ الرواية الحديثة ، ترجمة : جورج سالم ، منشورات عويدات ، بيروت – باريس ، ط/٢ ، ١٩٨٣ ، ص٤٤

بەڵکو لەگەڵیشیا مێژوویشی تێدایە... والتەر سکۆت ئەم شێوازەی دامەزراندو، کاریگەری لە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوەو بەردەوامبوو لە گەشەکردن و پەرەسەندندا بۆ پاشماوەی سەدەکەش لە ئینگلتەرە، بەتایبەتی لە کارەکانی (ئاکیرەی، دیکنز، بلویر، لاتیۆن، ڕیدێ، کینگسای، چی ئیلیۆت، هاردی و چەندانی دیکە "(٢).

گرنگیدان بەم شێوازە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە تەنیا لە بازارە گشتییەکاندا نەبێ، کەچی (هابەر) دوای (ئۆرکزی و یمان و هێرلێت) هات و، ئەم شێوازەی ڕۆمان لەلایەن نووسەرانی وەك (ئێم ڕنیاڵت، ئێن – میجسۆن، دەبلیو- گولدنێگ و چی –قاریل)ەوە بەسەرکەوتووییەوە بەکارهێنراوەو، ئەتوانرێت سەدەی نۆزدە بە گەشەترین سەردەم دابنرێت بۆ گەشەکردنی ڕۆمانی مێژوویی‌و، بە کۆمەڵە کردنی ڕۆمانی مێژوویی.

والتەر سکۆت (١٧٧١-١٨٣٢) جۆرێکی دیکەی لە ڕۆمان داهێنا لە جیهانی ڕۆژئاوادا، وەك ئەوەی کە سکۆت دانی پیادا دەنێ پەخشانێکی خەیاڵی درێژ بووە، کە هەوڵدان بووە بۆ گەڕاندنەوەی وەیا ڕاڤەکردنی شوێن و شێوازی ڕابردووی نزیك و دوور بووەو، ڕۆیشتنی بەرەو بە ماڵی کردنی مێژوو، لە ڕێگەی زنجیرەیەك سەرەرۆیی (مغامرە) خۆشەوە بە سروشتێکی ڕۆمانسییانەوەو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارەکتەرەوە کە هەست و کرداریان زۆر نزیکە لە قارەمانەوە تاوەکو ڕاستی بەرجەستە دەبێ .

ڕۆمانی (ئیڤانۆ / ١٨٢.) ی سکۆت یەکێکە لە بەرفراوانترین ڕۆمانەکان لە سەدەی بیستدا، کە جۆرێکە لە جۆرە تازەکان، شوێنەکەی، کوتاییەکانی سەدەی دوانزەیە لە ئینگلتەرەی (ڕیچارد کۆیەر دی لیۆن). قارەمانەکەی (ئیڤانۆیە) کە خانەدانێکی ساکسۆنییە، کە لەبەر ئەو خۆشەویستییەی کە هەیەتی بۆ (ڕوونا) دوور دەخرێتەوە، بەڵام دوای زنجیرەیەك لە سوار چاکیی‌و ڕمبازی تا ئاستەکەی بۆ بردنەوەی ئەم خانمە دەگەڕێتەوە.

ڕۆمانی مێژوویی لە سەدەی (١٩) و بەدوای ڕابەرایەتی کردنی (سکۆت) بوو بە یەکێك لە گەورەترین جۆرەکانی شمولی لە خەیاڵ و، تاوەکو ئەمرۆ بەردەوامە. ڕۆمانی (مێژووی هێری ئێرمۆندی ولیەم)ی ئەسپیۆن مەیکپس (١٨٥٢) و لەگەڵ هەڵدانەوەی سەردەمی ڕیچاردو ستیل، جۆزین ئەدسێرن و، جۆناپان سویڤت، دادەنرێت بە یەکێك لە گەورەترین ڕۆمانە مێژووییەکان لە ئەدەبی ئینگلیزیدا. ڕۆمانی (سەر بوردەی دوو شار)ی (چارلز دیکنز/ ١٨٥٩) لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا نووسراوەو، ئەگەر گرنگترین نەبێ، ئەوا باشترین و بەناوبانگترینیان (ئاگردان و کەنیسە)ی چارلز دیدی (١٨٦١)ە.

(٢)- Encyclopedia Britanica (١٩٧٤), Novel ,v.١٣ , p٢٩٠- ٢٩٨

ڕۆمانی مێژوویی سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی کاریگەری بەردەوامی (سکۆت) تەشەنەی کردبوو، وەنەبێت سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لەناو ئەوروپاو ئەمەریکادا مابێتەوە، بەڵکو بگرە گەلانی دیکەیش سوود لێوەرگری ئەوان بوون . بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی توانییان سوود لە ڕۆماننووسی ئینگلیزی (والتەر سکۆت) وەربگرن و بەتایبەتی سەردەمی (ڕێنیسانس). لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دکتۆر ضیاء خضیردا ئاماژە بۆ ئەم کارلێکردنە دەکات و دەڵێت:" لە ڕاستییە ئاشکراکاندا ئەوەیە هەستکردن بە ڕابووردوو بەپتر هەستکردن بە ئێستا پترتر دەبێت و، لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا هەموو هەوڵێکی عەرەب بۆ پێشکەوتن و چاکردنی مەرجەکانی ئێستا هاوشان بووە لەگەڵ هاوڵدانیاندا بۆ وەدەستهێنانی هەستکردنێکی پتر بە ڕابووردوو "[١].

بەکار هێنانی مێژووو کەلەپوور لە نووسینی نووسەرانی عەرەبدا بەشێوەیێکی تایبەتی لە وێژە (ئەدەب)دا ڕەنگیداوەتەوەو، ئەدەبی شانۆیی‌و ڕۆمان بەو بۆنەیەوە کە یەکێکە لە هۆیەکانی هەستکردنی مرۆڤایەتی هەوڵیدا وێنەیەکی دوورو درێژ لە (ئێستای ڕابووردوو) پێشکەش بکات، کە لەوانەیە هەستکردنمان بە ئێستاو ڕابوودوو پتر بکات وەکو یەك و، شانۆو ڕۆمانی عەرەبی قۆناغێکی بنچینەیی گرنگی سەرەکین لە ئەدەبی عەرەبیی نوێداو، وەها دەزانرا هەردووکیان تەنیا شێوەیەکن کە بۆ نووسین دەست دەدەن.

لەم دوو جۆرە ئەدەبییەی کە لە ڕۆژئاواوە وەرگیراون و، لەگەڵ ئەوەی کە نووسەری عەرەبی لە ڕابووردوودا بۆ ڕەسەنی دەگەڕاو هەوڵیدەداو، لە هەمان کاتدا وەڵامی پێویستییە واقیعیە تایبەتییەکانی بداتەوە، پێویستە دان بەوەدا بنرێت شان بەشانی ئەو ڕێبازە گشتییە دەڕۆیشت کە لە سەدەی نۆزدەدا بە شێوەیەکی تایبەتی هەبوو.

لە ڕابردووی ئەدەبی عەرەبیدا گەلێك ڕۆماننوسی مێژوویی بە توانا هەبوو وەکو (جۆرجی زیدان) و (نەجیب مەحفووز)، ئەمانەو کۆمەڵە نووسەرێکی دیکە دەتوانرێت بە گرنگترین وەیا بە پێشەکیترین ڕۆماننووس دابنرێن و، لەم بارەیەوە ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا تاوەکو ڕادەیەك دواکەوتوو بوو.

بێگومان هۆکاری ئەمەش لە نەبوونی چاپەمەنی‌و بارودۆخی ناوخۆو داگیر کردن و شەڕو پێکدادانەوەیە و، لەمانەش گرنگتر هەستی ڕۆشنبیریی خەڵکی عێراق، چونکە ڕۆماننوس و ڕۆمان خوێندنەوە پێویستی بە ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزی هەیە، بەڵام لە هەر لەو کاتەدا

---

(١)- ضـياء خضـير – الرواية التاريخية .. التاريخ وعمل الأدب، مجلة آفاق عربية، ع/٦، ١٩٨٩، ص٨٩

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا خەڵکی عێراق دەست بە ئەژنو دانیشتن و ئیتر هەوڵیان نەدابێ بۆ چوونە ناو ژیانی چیرۆك و ڕۆمانەوە ؟.

لە کتێبی (نشأة القصة وتطورها)و لە باسی ڕۆمانی مێژووییدا کەوا ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بە تایبەتی ڕۆژنامەی (صدی بابل) کەوا ڕۆڵێکی تایبەتی بینیووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانەدا، لەم کتێبەداو لە پەراوێزی ڕوونکردنەوەیەکدا د. عبدالالە احمد دەڵێت:" ئاگاداریيەك بۆ نواندنی ڕۆمانی (جان دارك) ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێك خوێندکاری ڕوسیا لە (کرملین)و لە بەغدا دەکەونە نواندنی و، ئەم ڕۆمانەش ڕۆمانێکی مێژووییە لە مێژووی فەرەنسا وەرگیراوە "[1].

هەروەها لە ژمارە (١٢٨)یساڵی سێیەمی هەمان ڕۆژنامەدا ئاگادارییەکی دیکە لەسەر هەمان بابەت بڵاوکرایەوە، بۆیە ئەتوانرێت بڵێین ڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەیە گەلێك زۆر بوو لە خستنە ڕووی ئەم جۆرە ڕۆمانە. بۆچوونی د. عبدالالە أحمد لە بارەی دروستبوونی چیرۆکەوە لە عێراقدا ئەوەیە:" چیرۆك لە عێراقدا وەکو بەشێکی ئەدەبی نوێ دواکەوتوو بووو سەرهەڵدانی دواکەوتووبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانین بڵێین چیرۆك لە عێراقدا لە کاتی سەرهەڵدانیدا لە ژێر کارلێکردنی وڵاتانی عەرەبدا بووە وەکو (سوریاو میسرو لوبنان). ئەمەش بەهۆی سستی پێوەندیی نێوان عێراق و ئەو وڵاتە عەرەبییانەوە، هەرچەندە دیاردەیەك بەدی دەکرێت کەوا پێوەندی هەبووە لەنێوانیاندا "[2]، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەوە دەستنیشان بکرێت کەوا کۆمەڵێك ڕۆشنبیر سوودیان لەو ڕۆژنامە عەرەبییانە وەرگرتبوو کەوا لە ڕێگەی پۆستەوە ئەهاتە ناو عێراق و جۆرەها چیرۆکی تیا بوو جا بۆیە سەیر نەبوو بەلای ڕۆشنبیرانەوە کە هەر لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (صدی بابل) ەوە وەکو وتارێکی سەرەتا باسی (ڕۆمانی) تێدا کراوەو، بەڵێنی دابوو کەوا لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی (ڕۆمان)ی تێدا بڵاوبکاتەوە. دوا بەدوای ئەم ڕۆژنامەیەش دەتوانرێت ڕۆژنامەی (لغە العرب)[3] بە یەکەم بڵاوکراوەی ڕۆمانی مێژوویی دابنرێت.

---

(١)- جريدة ( صدى بابل ) ، ع/ ٣٦ ، عام/ ١٩٠٩

(٢)- د. عبدالالة احمد - -نشأة القصة و تطورها في العرق ١٩٠٨-١٩٣٩، دارالشؤون الثقافية العامة، ط/٢ ، ١٩٨٦، ص ٢٥

(٢)- عبدالرزاق الحسنى - تاريخ الصحافة العراقية ، ط/٣ ، مطبعة العرفان ، صيدا ، ١٩٧١ ، ص٢١٠

ئەتوانین سەرەتایی سەرهەڵدانی و هۆی دواکەوتنی ڕۆمانی مێژوویی کوردیش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کەوا کاری لە دواکەوتنی ڕۆمانی عێراقی کرد، بگرە زیاتریش ڕۆمانی مێژوویی کوردیی تاوەکو ساڵانی دوایی زۆر کەم بوون و بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن. هەرچەندە هەر هەموو ژیانی گەلی کورد خۆی لە خویدا ڕووداو ئەشکەنجەو نازاربووە، بەلاّم بە داخەوە ڕۆماننووسانی کورد نەیان توانیوە ئەم هەموو ڕووداوانە بکەنە چێژی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیان وەکو لەم ساڵانی دواییەدا ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ڕۆمانەکانی محەمەد موکری و بەختیار عەلی دا بەدی دەکرێت، بگرە زۆربەی ڕۆمانەکانیان بریتین لە ڕووداو. واتە ڕۆماننووسانی کورد لەم ساڵانەی دواییەدا بەرهەمیان لە بواری ڕۆمانی مێژووییدا زیاترە لە ڕۆماننووسانی سەردەمی پێش ئێستا.

گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان هەروەکو ڕۆژنامە عەرەبییەکان هەوڵیانداوە بابەتی چیرۆك و ڕۆمان لە خۆیان بگرن و بلاّوی بکەنەوە لە کاتێکدا وەك دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول نووسیویەتی پاشای میرنیشنی بابان داوای کردبوو لە عەلی بەردەشانی چیرۆکێکی تازە بنووسێت ئەمیش لە چیرۆکەکەیدا ئاماژەی کردووە بۆ داستانی (ئەورەحمان پاشای بابان)[(١)].

لە ڕۆمانی مێژوویی کوردیدا گەلێك هەوڵدراوە بۆ نووسینی لەم جۆرە، بەلاّم تاکە کەسێك کەوا زۆر بەشێوەیەکی ڕاستییانە و ئەدەبیانەوە هونەری ڕۆمانی مێژوویی نووسیبێت ڕۆمانی (قەلاّی دمدم)ی عەرەبی شەمۆیە، هەروەها (ڕەحیمی قازی) لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا زۆر بە جوانی باسی خەباتی گەلی کورد دەکات و، دکتۆر کەمال مەزهەر لە بارەی ئەم ڕۆمانەوە دەڵێت:" پێم وایە پێشمەرگەکەش بە یەکەم ڕۆمانی مێژوویی دابنێین، لەم ڕۆمانەدا زۆر بە جوانی ڕەحیمی قازی وێنەی ژیانی سەخت و خەیاڵی ڕەوای چەوساوانی کوردستانمان بۆ دەکێشێ"[(٢)].

ڕۆماننووسانی کورد زۆر جار بەشێوەیەکی لاوەکی ئاوڕیان داوەتەوە لە ڕووداوەکان، بۆ نموونە ئەگەر بێت و سەیری ڕۆمانی (شار)ی حوسێن عارف بکەین دەبینین ئاوڕدانەوەی لە کۆچی دوایی شێخ مەحموودو هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ بەر دەرکی سەرا زۆر بەشێوەیەکی لاوەکییە، کەچی خۆی لە خۆیدا ئەم کارەساتە کارەساتێکی زۆر گەورەیەو، دەتوانرێت چەندین ڕۆمانی مێژوویی لەسەر ئەم کارەساتە بەناوبانگە بنووسرێت.

---

(١)- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول ، گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات ، ژ/١٦ ، ١٩٧٣ ، ل ٣٤-٣٥

(٢)- د.کمال مەزهەر- مێژوو ، مطابع دار الآفاق العربیة ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢١٥

له چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ حوسێن عارفدا سازمدا، ئەم پرسیارەم لێکردو لە وەڵامدا ووتی: " من ئەوەندم پێکراوە کە باسم کردووە لەوە ئەچێ لەدوای من کەسێکی تر بێت بە تەواوی باسی بکات "[١]

دەسکاری ڕووداوی مێژوویی بەلای دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسولەوە کارێکی پەسند نییە بۆ پاراستنی ئەمانەتی لایەنە مێژووییەکەو، لە بارەی پێناسەی ڕۆمانی مێژووییەوە دەڵێت: " ڕیوایەتی مێژوویی، ئەوەیە باسی شۆڕشی فلان شوێن بکە، یان شۆڕشی فەرنسا، شۆڕشی شێخ محمود، ئەوە نەبێ شتە مێژووییەکان نەگۆڕین، شێخ مەحموود لە (١٩١٩) حوکمدار بووەو لە (١٩٢٢)دا مەلیك بووە تۆ حەقی گۆرینت نییە ئەوە شتێکی مێژوویە "[٢].

لەو ڕۆمانانەی لەم ساڵانەی دواییدا نووسراوە کەوا زیاتر باسی ڕووداو دەکەن و، بە ڕۆمانی مێژوویی دەژمێردرێن ڕۆمانەکانی (ئەژدیها، تۆڵە، سەگوەر، هەرەس)ی محەمەد موکرین و، گرنگترین شێوازی ئەم جۆرە ڕۆمانانە ئەوەیە کەوا ڕۆماننووس بە دەست خۆیەتی ناوەکان و شاکەسەکان دابنێت و، مەرج نییە کەوا ئەو ناوانە لە واقیعدا هەبن. بۆ نموونە یەشار کەماڵ ئەڵێت:" ناوی حەمەدۆك نییە کەچی تۆ وائەزانی هەیە ئەمەش جیاوازی ڕۆماننووس و مێژوونووس ئەخاتە پێش چاو "[٣]. هەروەها لە پرسیارێکدا لە بارەی ڕۆمانی مێژووییەوە ئاڕاستەی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول کراوە لە وەڵامدا دەڵێت: " ڕۆمان کۆمەڵێ هونەرو تەکنیکی هەیە کاتێ کە زۆر لەو ڕۆمانانە کە پابەند ئەبن بە مێژووەوە ئەو فەنیەتەی ڕۆمان جێ دەهێڵن و، هاتنە ژوورەوەی مێژوو شێوەیەکە لە فەنیەتی ڕۆمانەکە دەگۆڕێ "[٤].

---

(١)- چاوپێکەوتن لەگەڵ حسین عارف - سلێمانی ڕۆژی یەکشەممەی ساڵی ٢٠٠١

(٢)- د. عیزەدین مستەفا ڕەسول — گۆڤاری گەلاوێژی نوێ- ساڵی دووەم، ژ/١٢- ١٣، ساڵی ١٩٩٩

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە

(٤)- هەر ئەو سەرچاوەیە

## تەوەری سێیەم

## جیاوازی نێوان ڕۆماننووس و مێژوونووس

ئەوەی گومانی تێدا نییە، لە چەندین ڕووەوە دۆستایەتیی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا هەیە. ئەگەر مێژوو تۆماری ڕابردوو بێت لە ڕوانگەی مێژوونووسینەوە، ئەوا ڕۆماننوسینیش ڕووداوی ڕابردووو هەنووکەییو پاشە ڕۆژی تۆمارکردووە بەپێی دیدەو بۆچوونی خۆی.

ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆیو شێوازی کاریگەری خۆی ڕووداوە مێژووییەکان بەرجەستە دەکات، کە زۆر جار لەگەڵ ئەسڵی ڕووداوەکەدا یەکانگیر نابێت، چونکە ڕۆماننووس هەندێ گۆڕانکاریو جێدەستی خۆی لەسەر ڕۆمانەکە بەجێدەهێڵێت کاریگەری لە دەروون و ویژدانی خوێنەردا هەبێت تا بگاتە چڵەپۆپەی چێژ وەرگرتن لەو بەرهەمە، هەروەك ڕۆماننووس دەیەوەی چێژێك بداتە ڕووداوەکان.

ئەرستۆ لە کتێبی "هونەری شیعر"دا ئەرکی هەر یەك لە مێژوونووس و ئەدیبی دیارکردووەو، لای ئەو مێژوونووس دەبێ بە ئەمانەتەوە دەقاو دەق ڕووداوەکان تۆمار بکات، بەلاّم ئەرکی ئەدیب لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕووداوەکان دەبێ لە ڕوانگەی ئەوەوە چۆن بوونایە هەر لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەوەیە.

ئەرستۆ بە پێشەنگی ئەو ڕەخنەگرانە دادەنرێ کە بوونی خەیاڵی هونەری لە تێکستی ئەدەبی هێنایە گۆڕان و، هەروەها ئەرستۆ پێشەنگیش بوو لە جیاکردنەوەی ئەرکی مێژوونووس و ئەدیب لە لایەك و سروشتی تێکستی مێژوویی و تێکستی ئەدەبی لە لایەکی دیکەوە.ئەرستۆ لە ڕێی بۆچوونەکەی لەنێو کتێبە بەناوبانگەکەیدا " هونەری شیعر " پێوەندی بەتینی نێوان شاعرو مێژوونووس دەخاتە ڕوو، لەم بارەیەوە دەڵێت: " ئەرکی ڕاستەقینەی شاعر ئەوە نییە تۆماری ڕووداوو یاداشتەکان بکات کە ڕوویداوە، بەڵکۆ تۆمارکردنی ئەوەی کە دەبوو ڕووبدات... بۆیە مێژوونووس و شاعر ناکۆك نین، بەڵکو یەکێکیان ڕووداو بە شێوەیەکی هۆنراوەیی دەگێڕێتەوەو ئەوەی دیکەیان بە پەخشان " [١] بەمەش جیاوازییەك لە نێوان شاعرو مێژوونووس دەردەکەوێت، کەوا یەکێکیان ڕووداو دەگێڕێتەوە وەك چۆن ڕوویداوەو، ئەوەی دیکەیان ڕووداوێك یاداشت دەکات لەوانەیە ڕووبدات. ئەم لایەنەش وەهای لە شیعر کردووە بەختی لە بەختی فەلسەفەو مێژوو باشتر بێت، چونکە شیعری کۆن ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەلاّم مێژوو بەشێك تۆمار دەکات.

مێژوو بە لای (عبدالرحمن بدوی)یەوە: " بریتییە لە گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان، بێ ئەوەی خۆی ڕوو بە ڕووی ئەو دەرسە فەلسەفییانە بوەستێت کە ڕووداوەکان دروست دەکەن، واتە

---

(١) ارسطو طاليس – فن الشعر : ترجمة : عبدالرحمن بدوي ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ص٢٦

ئەو مێژوویەی " طبري " دەیگێڕێتەوە نەك ئەو مێژوویەی " **ابن خلدون** " لە کتێبی " **المقدمە** "دا هێڵەکانی دیاری دەکات. هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوە باڵا دەستی شیعر بەسەر مێژوودا دەدەن، چونکە کۆی ڕووداوەکان لە تاکییان پیرۆزترە " [١].

عبدالرحمن بدوی ناودێرکردنی کەسایەتییەکانی نێو نووسراوە مێژووییەکان ڕووندەکاتەوە کەوا ئەرستۆ ئەم تێکەڵکردنەی لای خەڵکی لەوەدا دەبینێ کەوا "بریتییە لە تێکەڵکردنی مومکینی شیعرو مێژوو، مێژووش دەنگدانەوەی ڕووداوەکانە" [٢].

مێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی ڕۆمانی مێژوویی لە سەدەی هەژدەهەمەوەیەو، لەو سەدەیەدا ڕۆماننووسی ئینگلیز "والتەر سکۆت" (١٧٧١- ١٨٣٢) و ڕۆماننووسی فەرەنسایی "ئانۆریە دی بلزاك" (١٧٩٩-١٨٥.) هەندێ ڕووداوی مێژوویی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەکەیان تۆمارکرد.

بلزاك لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند بەرگێکی لە ڕۆمانی " کۆمیدیای مرۆڤایەتی " نووسی و، خۆی بە دەمڕاستی کۆمەڵگاکەی دەزانی لەبەر ئەوەی مێژووی کۆمەڵەکەی نووسیووەتەوە.

ئەگەر بێت و چاوێکی خێرا بگێڕین بە ڕۆماننووسانی کورددا بە تایبەتی لە بارەی ڕۆمانی مێژووییەوە دەبینین لە ڕۆمانە کوردیەکانی چەرخی زێرین و بە تایبەت سالانی سەدەی بیستەمدا، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ هاوڕێیانی ڕۆماننووسی هاوچەرخی گەلەکەمان خوسرەو جاف لە هەموان زیاتر گرنگی بە ڕووداوی مێژوویی داوە. ئەم ڕۆماننووسە لە نێوان سالانی (١٩٨٩- ١٩٩٥) پێنج ڕۆمانی بلاوکردوەتەوەو، هەندێ لە ڕووداوە مێژووییە کۆن و هاوچەرخەکانی نەتەوەکەی تۆمارو بەرجەستە کردووەو " جێ پەنجەی هونەریی لە چونیەتی مامەڵە کردن و بەرجەستە کردنی ڕووداوە مێژووییە کۆن و هاوچەرخەکانی کورددا دیارە " [١]

یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی ڕۆماننووسی مێژوویی ئەوەیە بتوانێ ئەو قۆناغەی کاری لەسەر دەکات بە باشی لێی بە ئاگا بێت، چونکە لە حاڵەتێکی پێچەوانەدا هەموو ئەو خۆ هیلاك کردن و ماندووبوونەی بە فیڕۆ دەچێت، چونکە هەر ناونیشانێکی مێژوویی گەڕانەوەیە بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئەو کۆمەڵەی پێیدا تێپەر بووەو، لەم کاتەدا ڕۆماننووس ناتوانێ زنجیرەی ڕووداوەکان فەرامۆش بکات، وەیا بە ڕووداوەکانەوە پێوەند نەبێت.

---

(١)- عبدالرحمن بدوي – مفهوم التاريخ ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ص٢٦

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٧-٢٨

(١) د٠ عادل گەرمیانی- ڕەهەندی مێژوویی لە ڕۆمانەکانی خوسرەو جافدا، لێکۆڵینەوەیەکی بلاونەکراوەیە.

هەمیشە ڕووداوەکان جڵەوی قەڵەمی بۆ ناو بازنە ڕووداوەکان کێشدەکات، بۆیە ڕۆمانووس پێشوەخت ڕووداوەکان لە ناو بازنەیەك لەبەر چاو گرتووەو، لە ناو ئەو بازنەیەدا کاردەکات. لێرەدا زیرەکی ڕۆماننووس دەستپێدەکات: ئایا ڕووبەری ئەو بازنەیە لای نووسەر چەندە ؟، خوێنەرو ڕەخنەگران هەمیشە ڕوو بە ڕووی بازنەکە لەبەر چاو دەگرن، چونکە ئەوان پێشتر ڕۆمانەکەیان دەمێکە خوێندووەتەوە. ئەوان بە دوای دەزووە باریکەکانی تەونەکەدا ورد دەبنەوەو، ڕەنگ و نەخشەی تەونەکە ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کارەکە دیاری دەکات، ئەگەر نووسەر ئەم ئەرکە مەزنە لەبەر چاو نەگرێ ئەو دەمە ڕۆمان هیچ ڕۆڵێك نابینێو بگرە دەبێتە هۆی شێواندنی ڕووداوە مێژووییەکەش.

ڕۆماننووسی مێژوویی بە ئاگا پێشوەخت دەبێ ڕووپەری ئەو بازنەیەی تێیدا دەخولێتەوە هێندە فراوان بێت کۆسپیو ئاستەنگی نەیەتە ڕێ دەنا دەکەوێتە ناو هەڵەی مێژوویی زەقەوە، کە هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر کارەکەیدا دەدات. هەر ئەم خاڵەش وەها دەکات نووسەر هەمیشە لە شایەدێکی سوێندخواردوو بچێت لە هۆڵی دادگادا لەبەردەم خەڵکانێکی بەئەگا لە ڕووداوێك شایەدی بدات. ئایا تا چەند شایەدیەکەی هەقەو خەڵکی دەستخۆشی لێدەکەن. ڕۆماننووس لێرەوە دوو ڕۆڵی بەرجەستە دەبینێ هەم شایەدو هەم حاکم. دوو ڕۆڵی پیرۆزو گەورە فەرامۆشکردنی هەر تایەکی ئەو تەرازووە، بە مانا کلۆربوونەوە بۆ ناو گێژەنی نووسەری سەرنەکەوتوو، لەو بارەیەوە ڕەخنەگرانی ڕۆمانی مێژوویی بەرهەمی ڕۆماننووس دوو جار لە بێژنگ دەدەن. سەرەتا ڕووداوەکان دەخوێننەوەو، پاشان لە تەکنیکی ڕۆمانەکە ورد دەبنەوە ئەگەر ڕۆماننووس کەوتبووە ناو هەڵەی مێژوویی زەقەوە ڕەخنەگران دەستخۆشی شێوازی نووسینی لێناکەن.

هەمیشە ڕەخنەگران هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی مێژوویی بە کارێکی قورس دادەنێن، چونکە ڕۆماننووسی مێژوویی هەر نەتەوەیەك دەبێ زمانەوانێکی شارەزا بێت، هیچ نەبێ ئاگاداری قۆناغی پەرەسەندن و پێشکەوتنی زەمانەکەی بێت، چونکە ئەگەر نووسەر باس لە ڕووداوێك بکات بەر لە سەدەیەك وەیا کەمتر لە سەدەیەك ڕوویانداوە دەبێ ئاگای لە کورت و درێژی زمانی دیالۆگی ناو ڕۆمانەکەی بێت و، خوێنەر چێژ لەو زمانە دەبینێ، چونکە زمانیش بۆ خۆی خاوەن مێژووەو ڕۆماننووس دەتوانێ لەم بوارەشدا داهێنان بنوێنێ، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان خودی باسەکە وەیا وەکو ناوەڕۆکی باسەکەیان بۆ ڕۆماننووس دیاری کردووە. بۆیە ڕۆماننووس کار لە جێگایەك دەکات پێشتر بۆیان هەڵبژاردووە، بەڵام داوای وەسفکردنی ئەو ڕووداوانە لە نووسەرەکە دەکەن بە چاوێکی وردبینانە بۆمان بڕوانێ، نەك ئەو جێگایانەی هەر نەبینێو وەسفیان بکات و بکەوێتە هەڵەی گەورەوە. جیمس جۆیسی ڕۆماننووسی ئیرلەندی زۆر گرنگی بەم بەشەی ڕۆمان

داوه، بۆیه ڕۆمانی مێژوویی له نووسەر دەخوازێ چەندین جار سەردانی ئەو جێگایانه بکات که ڕووداوه‌کەیان لێ ڕوودا‌وه.

ئەمرۆ دەرهێنەری ڕۆمانی مێژوویی بۆ سینەما گرنگییەکی زۆر بە جێگا دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدەن که فلیمەکەی لێ بەرهەم دەهێنرا بۆ ئەوەی پێشکەوتنی بیناسازیو ڕێگاوبانیش له بینەر بگەیەنێ.

ئەم پێشەکییەی سەرەوە ئەگەر بکرێت بە هێڵە درشتەکانی ڕۆمانی مێژوویی بژمێردرێت دەبێ ڕۆمانی مێژوویی کوردی له چ ئاست و پلەیەکدا بێت ؟ ڕۆمان بۆ چەمکه هەمه لایەنەی که هەیەتی له ناو ئەدبی کوردیدا له چ ئاستێکدایه ؟.

ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی نییه له بواری ڕۆماننووسیندا بۆیه گەشه کردن و پەرەسەندنی پرەنسیبەکانی ڕۆمان له ئەدەبی بێگانەوه سەریهەڵداو، پاشانیش له ڕێگای چەند نووسەرێکەوه هاتنه ناو ئەدەبی کوردییەوه.

مێژووی ڕۆمان له ناو ئەدەبی کوردیدا خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ نییەو، لەگەڵ ئەم خاڵه گرنگەش دەرنەکەوتنی ڕۆماننووسێکی گەورەش، که ببێته پێشەنگی ئەم هونەره مەزنەو خرکردنەوەی خوێنەرێکی زۆر بۆ لای خۆی، دەرگای ئەم هونەرەی به داخراوی له ناو ئەدەبی کوردیدا هێشتۆتەوەو، هەتاکو ئێستا ڕۆماننووسێکی وەها له ناو کورددا هەڵنەکەوتووه له هەموو کوردستاندا ناسراو بێت.

ئەگەر ڕۆمانی مێژوویی بەشێکی ئەم جیهانه فراوانەی ڕۆمان بێت و، ڕۆمانی کوردیش لەو ئاسته گەورەیه نەبێت، دەبێ ڕەخنەمان له هونەری ڕۆمان خۆی بێت. ڕۆماننووسانی کورد تا رادەیەك هەوڵیانداوه خۆیان لەم لایەنه بدەن. بۆ نموونه ئێمه ئەتوانین شانازی بەوەوه بکەین کەوا خاوەنی ڕۆمانی مێژوویی وەك " قەلای دمدم " ین و خاوەنی چەندین نووسەرین لەم بوارەدا، بەلاّم ئێمه ڕووی ڕەخنەمان لەوەدایه کەوا میللەتێکی وەك میللەتی ئێمه هەر هەموو ژیانی ڕووداوو شۆڕش و نەهامەتی بێت، بۆ دەبێت ڕۆماننووسەکانمان نەتوانن سوود لەم بواره وەربگرن نەك لاوەکی ئاوڕ لەم ڕووداوو شۆڕشانه بدەنەوه. بەلامانەوه ئەگەر بێت و شێوەیەکی ناوەرۆکیانه ئەم ڕووداوانه بگوێزینەوه بۆ دونیای ڕۆمان و چیرۆك زۆر به تواناترو چاکتر دەردەچن له بەرهەمی هەندێك له میللەتانی دیکەی ئەم جیهانه.

شێرزاد حەسەنی چیرۆکنووس لەمەڕ ڕۆمانی مێژووییەوه کۆمەڵێ ڕاووسەرنجی قوڵی هەیەو، ئەرکی ڕۆماننووسی به شێوەیەکی هاوچەرخانه هەڵئەسەنگێنێو تیشك دەخاته سەر ئەم بابەتەو، سەرەتای باسه بلاّوکراوەکەی له ژماره (٧١)ی گۆڤاری (ڕامان)دا به وتەیەکی (دێرك داڵكۆت) دەرازێنێتەوه: " ئەدەب دەمی زامێك هەڵدەداتەوه قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵیدەداتەوه "و، به

لای شێرزاد حەسەنەوە: " مێژوو بۆ هەمیشە پڕە لە درۆ، درۆیەك کە ئەدەب قەت نایکات، دەکرا لاپەڕە زۆرەکانی مێژوو سەرکەوتووەکان بینووسنەوە، مێژوو هەمیشە بە ناوی نووسینەوەی حەقیقەت پڕە لە فروفێڵ و بەندو باوی وا کە خودی حەقیقەت تیا دەشێوێ. گەڕانی ئەدەب گەڕانێکە بە نێو ڕۆحی ژیان و نهێنیەکانی ئەدەب و ئەم شتانە دەنوسێتەوە کە مێژوو قەت پێیان ناوێرا، نووسەری مێژوو قەت کاری بەراوردکردنی (ڕۆح) نییە لە دۆخە زۆر جیاوازەکانیدا لەبەر ئەوەی زۆربەی جاران هێزێکی دەسەڵاتدا بە ناوی ئایدۆلۆژیایەکەوە لێی دەخوراو ئاڕاستەی دەکا قەت بۆی ناکرا بێلایەن بێ. لە ڕاستیدا نزیکبوونەوە لە ئەدەب نزیکبوونەوەیە لە گەوهەری ژیان خۆی بە هەموو دەرکەوت و ژینگەکانی خۆیەوە، نزیکبوونەوەیە لە مرۆڤ ئەو وەختەی لە هەموو دەمامکەکان ڕووت دەبێتەوە، ئەگەر مێژوو باس لە بریندارێك بکات ئەوە چیرۆکی ئەو هەموو خوێنە دەگێڕێتەوە کە لە بریندارەکە دەرژێ. ئەدەب ئەو دۆزەخەمان پیشان دەدات کەوا لە ژێر جیهاندایە. لە بارەی جیاوازیی ڕۆمان و مێژووش لەو کارەساتانەدایە کە داروباری هەر یەکەیانەو ساختمانی جیای بێ بونیان دەنرێ، ئەو داروبارە سەرەکییەش زمانە، زمان تا ئەو شوێنەی کەرەسەی (ڕۆح) ی پێدەکرێ، مێژوو قەت ئەو پێیەی ئەدەبی نییە تا ئەو هەموو سەفەرەی پێبکات، قەت ئەو چاوەی نییە کە هەموو نهێنیەکان و گۆشە تاریکەکانی ژیان ببینێ، قەت ئەو هەموو دەستەی نییە تا باوەشی بە هەموو دنیادا بکات و دەکرێ بڵێین ئەدەب و مێژوو لەناو خۆیاندا جێێ هەموو شتەکان دەکەنەوە، بەڵام ئەدەب دەگاتە ئەو چینانەی ژیان کە مەحاڵە لە ڕێی زمانی مێژووەوە پێبگەین.

ئەدەب ئەوەندە قسە لەسەر کارەساتەکانی نەهامەتیو نوشوست یو شکستیەکانی مرۆڤ دەکات، ئەوەندە قسە لەسەر خوشەویستی ناکات کە هەموو بەرهەمە جوان و ناوازەکانی غەرقن لە تراژیدیادا. ئەدەب دەبێ چی بێ جگە لە پەردە هەڵدانەوەی لەسەر فەزاحەتەکانی مرۆڤ ؟ هەر هەموو زامەکانی مرۆڤ؟ دەبێ چی بێ جگە لە نووسینەوەی گریان ؟ جگە لە هەڵدانەوەی هەر هەموو زامەکانی مرۆڤ؟ ئەو گریان وزامانەی مێژوو فەرامۆشیان دەکاو نایانبینێ. ئەدەب بینینی ئەو ساتە وەختانەیە مێژوو فەرامۆشیان دەکات، خودانی ئەدەب جوانتر قۆناغەکانمان پێ دەناسێنێو " تۆلستۆی ئەو وردەکارییە لە ڕۆمانی " جەنگ و ئاشتی " دەنووسێتەوە، ئەو خوێن و ترسە دەنووسێتەوە کە مەحاڵە مێژوونووس بتوانێ زەفەری پێ ببات " [١].

(١)- گفتوگۆ لەگەڵ شێرزاد حەسەن ، گۆڤاری رامان ، ژ/٧١ ، ٢٠٠٢ ، ل١١٠

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە

به لای شێرزاد حەسەنی[٢] چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەوە مێژوو ناتوانێت بە تەواوی باسی ڕووداوەکان بکات بە گوێرەی ئەو سەردەمەی کەوا مێژوونووس تێیدا دەژێ و، بە گوێرێ ئەو دەسلاّتدارییەی کەوا حوکمڕانی وڵات دەکات بابەتە مێژووییەکە دادەڕێژێت، بەلاّم ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەی نین و، پێمان وایە لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵە کەسانێك هەن لە سەرگەرمی تۆمارکردنی ڕاستیی ڕووداواکاندا دوورن لە هەموو هەست وسۆزی نەتەوایەتیو هەردەم هەوڵی بێ لایەنی دەدەن لە نووسین و بۆچوونەکانیاندا.پێش ئەوەی ڕۆماننووس یا چیرۆکنووس بابەتێك بکاتە ناوەڕۆکی نووسینەکەی بێگومان دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت ببەستێ بە مێژووەوە، مێژوونووس بۆ بەدی کردنی تۆمارکردنی ڕووداوەکە بە شێوەیەکی ڕاست بۆ ئەوەی ئەو بابەتە کەوا ڕۆماننووس دەینووسێت دوور بێت لە هەڵەی زەق و نارێك، بەلاّم لە هەمان کاتدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کەوا ڕۆماننووس تاموچێژێکی تایبەتی دەدات بە ڕووداوەکە کەوا لە پێشتردا ڕۆماننووس ئاماژەی بۆ کردووە. واتە دەتوانین بڵێین ئەم دوو بەشە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین و، لێرەدا شەرەفخانی بدلیسی لەبارەی مێژووەوە دەڵێت: " مێژوو لە سەروو هەموو هونەرانەوەیە، چونکە (پڕییە لە ئاموژگاری) (بەسەرهاتی رابوردووانمان بیر دەخاتەوەو دەری کەونارانمان لێ نزیك دەکاتەوەو ئاوڕی ئەمەکدارانە لە ڕابوردوانمان دەداتەوە "[١].ئەم بیرو بۆچوونەی شەرەفخانی بەدلیسی بە شێوەیەکی جیاواز لە بیروبۆچونی شێرزاد حەسەن ڕۆڵی مێژوونووس خراوەتە ڕووو، بە لای د. کەمال مەزهەرەوە: " بێ لایەنیو بابەتەکی دوو مەرجی گرنگ و پێویستە بۆ سەرکەوتنی مێژوونووس "[٢]. بە لای ئێمەوە پێویستە مێژوونووس و ڕۆماننووس بێ لایەن و خاوەن تێڕوانینێکی بابەتییانە بێت لە ئاست تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، چونکە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرانبەر ئەم جۆرە کارە کەوا لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەیەك بەرجەستە دەکات لەوانەیە لە دەقە ئەدەبییەکەدا هەر بەو شێوەیەی دەقە مێژووییەکە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکرێت، چونکە یەکێك لە پێناسەکانی ئەدەب جۆرە دەربڕینێکی ئەندێشەییە بۆیە ڕۆماننووس وەك خاوەن دەقێکی ئەدەبی هەوڵدەدات هەردوو لایەنی ڕاستەقینەییو ئەندێشەیی ئاوێتەی یەکتر بکات بۆ ئەوەی تامو چێژێکی هونەریی تایبەت بە چۆنێتی سەوداکردنی لەگەڵ ڕاستیی ڕووداوە مێژووەکەو، هەر ئەم لایەنەیە وەهای لە محەمەد موکری کردووە لە پێشەکیی شانۆگەری

---

(١)- د. کەمال مەزهەر – مێژوو ، ل١١٥

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١١٦

" هارون ئەلڕەشید " و لە بارەی ڕاستیی ڕووداوی مێژوویی نێو ئەم شانۆگەرییەدا بڵێت: " من هەقم بەسەر ڕاستکردنەوەی مێژوو نییە.. ئەسڵەن ئەمە کاری من نییەو کاری پسپۆران و شارەزاایانەی بوارەکەیە.. بەلاّم دەکرێ بە عەقڵێکی دییەوە ئەو مێژووە بخوێنرێتەوەو بە چاوێکی دیی بێ ڕتوش کردن سەرنجی بدرێ.. دەبێ ئەوەش بڵێم بۆ ئەم کارە درامییە کەسانم درووست کردووەو ناوم گۆڕیوەو کەسانی دی ئیزافە کردووەو.. لە خەتی مێژوو چوومەتە دەرەوەو خەیاڵی خۆم زاڵ بووە "[٣].

(٣) محمد موکری – هارون ئەلرەشید – شانۆگەری ، چاپخانەی داناز ، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، سەر بەرگی

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## ڕەنگدانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی کۆنی کورد

تەوەری یەکەم:- خۆراگری کورد لە ڕۆمانی (قەلاّی دمدم)دا

تەوەری دووەم:- ڕەنگدانەوەیپێوەندی نیوان فەرمانڕەوایی بابان وجاف لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەری یەکەم
# خۆراگری کورد لە ڕۆمانی (قەلاّی دمدم)دا

## کورتەیەك سەبارەت بە داستانی دمدم و ئەمیرخانی برادۆست

داستانی قەلاّی دمدم، وەك ئەوەی کە ڕۆژگاری ڕوودان و گەلاّلە بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمینی ڕابووردوو، وەك داستان و نەبەردێکی قارەمانی لە مێژووی گەلی کورددا دژ بەو سیاسەت و نەیارییەی سەفەوییەکان (١.١٥ – ١٧٣٦) [1] و، بە تایبەتی شا عەباسی سەفەوی (١٥٨٨ – ١٦٢٩)[2] هاتۆتەکایەوە کە بە بەردەوامی لەوەدا بوون دەس بەسەر ئەو کیان و قەڵەمڕەوەی کورددا بگرن کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەمیرخانی برادۆستی وەیا (لەپ زێڕین)داو، لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەلاّتدا سەرچاوەی گرتبوو. لە هەمان کاتدا خان دەیەویست دوور لە دەسەلاّتی سەفەوییەکان و، هاوکات فەرمانڕەوایانی عوسمانی (١٢٩٩ – ١٩٢٢ )، کاروباری دەسەلاّتەکەی خۆی لە ناوچەی (ورمێ – ڕەزائیە) و دەوروبەریدا بە ڕێوە بباو، بە هیچ جۆرێك ئامادەی ئەوە نەبێ ملکەچی فەرمان و دەسەلاّتیان بێ. بنکەی دەسەلاّت و شوێنەواری ئێستای ئەم قەلاّیەش بۆ خۆی دەکەوێتە ناوچەی مەرگەوە [3] و، لەو دەمانەدا نزیکەی سیو شەش گوند کەوتبوونە ئەم فەرمانڕەوایەتییەوە.

لەم سەروبەندەشدا ئەم ناوچەیە سەر بە پارێزگا وەیا ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایەو، بنکەکەشی شاری (ورمێ)یەو، گەلێك هۆزی گەورەی کوردو کەمایەتی نەتەوەیی دیکە دەکەونە ئەم سنوورانەوە، بەلاّم بە زۆری دانیشتوانی کوردن و بە تایبەتی لە خێڵ و هۆزەکانی: برادۆست، شکاك، موکری، دیبوکری..) ن و، بەڕادەیەك سنووری بەشێك لەو هۆزانە و تەنانەت لەم کات و، هەلومەرجەشدا دەکەونە بەشی کوردستانی باشوورەوە لەوانە هۆزی گەورەی برادۆست کە لەوێوە سنوورەکەیان دێتە دەوروبەری شارۆچکەی (دیانە)و ناوچەی باڵەکایەتی لە بەشی کوردستانی باشووردا.

---

(١)- ئەحمەد باوەڕ - کوردستان لە دووریانی دەوڵەتی عوسمان و سەفەوی دا ، گ/گۆڤار، ژ/٢ ، ١٩٩٨ ، ل١٨

(٢)- د. ابراهيم خليل احمد ود.خليل علي مردان - ايران وتركيا دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، الموصل ١٩٩٢ ، ص ٣٤٣

(٣) مصطفى نريمان - اوراق تاريخية كردية في وثيقة عثمانية ، مجلة كاروان ، ع/٤٥ ، حزيران ١٩٦٨ ، ص١٣٨

وەك لایەنی مێژوویی دەکرێ کاکڵەی (داستانی قەڵای دمدم)ی بەناوبانگ بە زۆری ببەینەوە سەر ئەو ململانێ بەردەوامە کە بە زۆری لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی ئێرانی سەفەویو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بووەو، هەر لەوکاتەدا ولاتی کوردستان و، ناوچە کوردنشینەکانی نێوانیان بووبووە گۆڕەپانی مەیدان خوازیو فراوانبوونەوەی دەسەڵاتیان لە سەرحیسابی یەکترو، لەم ماوەیەشدا کە بۆ یەکەم جار ئەمیر خانی برادۆست، تارادەیەك نێوانی لەگەڵ شای سەفەویو بە تایبەتی شا عەباسی گەورەدا گەرمو گوڕیەکی لە خۆ گرتبوو بەهۆی ئەو پاڵپشتی کردنەی کە شای سەفەوی کردی بۆ ئەمیر خانی برادۆست بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئەم نێوانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا لە کەنارگیریو دژایەتی کردندا بوو هەرچەندە پێشتر " کوردەکانی ئەو ناوە لە حکومەتی ئێران هەڵگەڕانەوەو چوونە ژێر فەرمان بەری دەوڵەتی عوسمانی و ویستیان کە هەموو خاکی ئازربایجان – یش داگیر بکەن و بەشی زۆری خێڵەکانی کوردیش سەریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی چەماندەوە "[١]. کەچی ئەم ئامادە نەبوو هەڵوێستێکی لەو بابەتە وەرگرێو، تەنانەت وەك بەشێك لە میرەکانی برادۆستی خزمی خۆی ملکەچی فرمانڕەوایانی عوسمانی بێ. دواتر ئەوەشی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی سەفەویو شاعەباسدا کردو، لە ناچاری و بۆ پاراستنی ناوچەکەیو، لە هەمان کاتدا نەدەکرا لە یەك کاتدا دژایەتی دوو دەسەڵاتی گەورەی ئەو دەمانە بکا. سەرەڕای ئەوەی بە بەردەوامی لێیان بە گومان بووە، بۆیە ویستوویەتی خۆی کەنارگیر بکاو، بەناو دەسەڵات و بنکەی فەرمانڕەوایەتییەك دامەزرێنێ، کە لە ئایندەو دوا ڕۆژدا بتوانێ لە چوارچێوەیدا داکۆکی لە خۆیو سنووری دەسەڵاتەکەی بکا.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش بووە کە داوا لە شای سەفەوییەکان بکا لە پێکهێنان و بونیادنانی قەڵایەکدا هاوکاری بکاو، ئەویش وەك ئەوەی سەرەتا نازناوی (خان)ی پێ بەخشی بوو جگە لەوەش: " ناوچەکانی شاری ورمێ و شنۆ کە لە پێشا لەلایەن یەکێ لە میرەکانی (قزڵباش)ەوە بەڕێوە ئەبردرا بە ئەمیرخان)[١] و، لە گەڵیشیدا بڕیاری لە سەرئەوە دا کە: " دەستێکی ئاڵتونیان بۆ دروستکرد "[٢]، چونکە پێشتر لە شەڕی دژ بە تورکان و نەیارەکانی ئەو دەستەی شکابوو. جگە لەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتەکەی برەوی زیاتری لە خۆ دەگرت و: " هەموو دۆست و

---

(١)- محمد توفیق وردی ، قەڵای دمدم ، بەغدا ١٩٦٠ ، ل٦

(١)- محمد توفیق وردی -هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٧

ناودارەکانی لە مەیداندا بە جێ دەهێشت "[٣] بە جۆرێ کە بتوانێ ناوچەکانی ژێردەسەلاّتی ئەو میرانەش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە کە سەر بە قەڵەمڕەوی عوسمانیەکان بوون و واشیان لێ بکا ملکەچی بڕیارو فەرمانەکانی بن، بەلاّم لەم ماوەیە بە دواوە یەکێك لە میر تورکەکان کە خۆیان بە دوژمنی سەرەکی (ئەمیر خانی برادۆست – لەپ زێڕین) دەزانیو ناوی (جەغالّ – ئوغلۆ) بوو بکەوێتە پلان و داڕشتنەوەی نەخشەیەکی ئەوتۆ کە سەنگی خانی لەپ زێرین لای شای سەفەوی کەم بکاتەوەو، ڕێگاش بۆ ئەوە خۆش بکا کە دەسەلاّتەکەی لە ناوبەرێ. لەگەلّ ئەوەشدا خان کەوتە جێبەجێکردنی بونیادنانی ئەو قەلاّیەی کە دەیەویست لە دەوروبەری شاری ورمێ)ی ئێستادا دروستی بکاو، بە تایبەتی لە شوێنێکی زۆر مەحکەمدا بونیادی بنێ. سەرەڕای ئەوەش چەك و جبەخانەیەکی گەورەشی تیا کۆ بکاتەوەو قایم کارییەکی ئەوتۆی تیا بکا کە بتوانێ خۆی بۆ ئامادەکردنی هەموو ڕوو بە ڕووبونەوەیەکی دەرەکی ئامادە بکاو، لەو سەروبەندەشدا کەسایەتیەکی وەك (خان ئەبدالّ خانی موکری) کە نێوانی لەگەلّ فەرمانڕەوایانی دەوڵەتدا تێکچووبوو لەگەلّ چەند سوارەیەکی هاوکاریدا پەنایان هێنا بۆ لای ئەمیرخان و ئەویش دالّدەیدان و، کردی بە هاوکارو پاڵپشتکەری خۆی. پێش ئەم ماوەیە کەسێکی وەك (پیر بوداق) کە خۆی بە نەیارێکی گەورەی (خانی برادۆست – لەپ زێڕین) دەزانی و، هەرچەندیش وەکو شا نەیدەتوانی قەناعەتی ئەوەی پێ بکا کە واز لەو قایمکارییە بهێنێ لە قەلاّی دمدمدا. بۆیە ئەوەی بە (شاعەباس) ڕاگەیاند کە خانی برادۆست نیازی خراپەو، ئەیەوێ کیانێکی سەربەخۆی دوور لە دەسەلاّتی ئەو پێکەوەبنێ و، بۆ ئەو مەبەستە چاودێری کردنی بەردەوامی ئەو بارودۆخە شا عەباس هێزێکی لە جەلالیەکان ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکانی کردو (پیر بوداق)ی کردە سەرکردەی ئەو هێزە، بەلاّم خانی برادۆست ئەمەی بەلاوە گرانبوو. بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو هەڵویستە (خان) نامەیەکی ئاڕاستەی شای سەفەوی کردو، ئەوەشی پێ ڕاگەیاند کە نێوانی ئەوو پیر بوداق لە کەنارگیرییەکی بەردەوامدایەو: " ئەو گەڵی بوختان و درۆی بە زمانی منەوە هەڵبەستوە لای تۆ بۆ نانەوەی ئاژاوەو کوشتار لە بەینمانا "[١]. ئەمەش وای لە شا کرد، کە بە ناچارییەوە پیر بوداق لە ڕابەرایەتی ئەو هێزانە بخاو کەسێکی دی بە ناوی (حەسەن خان)ەوە، کە لە کوردەکانی کوردستانی باشوورە بکاتە ڕابەری هێزەکەو، ئەوەشی بە ئەمیرخان ڕاگەیاند کە دانیشتوانی ناوچەکە ئاگادار بکاتەوە کە لابردنی (پیر بوداق بەگ) هیچ مەبەستێکی خراپی لە

---

(١)- محمد توفیق وردی ، هەمان سەچاوە ، ل ١٠

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢-٢٣

پشتەوە نەبووە. کەچی دواتر پلانێکی دیکەی قزڵباشەکان و جەلالییەکان ڕوو بە ڕووی خانی برادۆست بووەوە، کە نەیدەویست لە هیچ بارو دۆخێکدا هاوکاریان بێ بۆیە ئەوانیش ئەو ڕچەیەی خانیان بە یاخیبوون و سەرکەشی دەژماردو، لە گەڵیشیدا بە بەردەوامی هەواڵی ناوچەکەو ملنەدانی خانیان بۆ شا بە بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان دەنارد. هەرئەمەش وای کرد کە شای سەفەوییەکان (اعتماد الدولە)ی گەورە پیاوی سەربازی بۆ ناوچەکە بنێرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خانی برادۆستدا لەیەك گەیشتنێ بێتەکایەوە. کە ئەوەش نەهاتەدیو خانی برادۆست بە تەواوی لە سەفەویەکان بێ ئومێد بووبوو (اعتماد الدولە) بە هاوکاری (قزڵباش) و (جەلالی)و ژمارەیەکی زۆر لەو خێڵە کوردانەی کە هاوپەیمانی سەفەویەکان بوون لە ساڵی (١٦٠٨) زایینییەوە شەڕ لە نیوان ئەمیرخانی برادۆست کە بنکەی بەرگری کردنی (قەلاّی دمدم) بوو و، نەیارەکانیدا دروست بوو. هەرچەندە لە سەرەتادا خانی برادۆست هەولێدەداو دەیەویست ڕێکەوتنێکی ئاشتی لە نێوانیاندا بێتەدیو، بۆ ئەو مەبەستەش: " چەند جار نوێنەرانی خۆی نارده لای سەردارانی لەشکری شا عباس بەلاّم گوێیان نەدایە "[٢].

دوای ئەوەو هەوڵێکی زۆر بە ناچارییەوە خۆی بۆ شەڕ ئامادەکردو، دوای بەرگرییەکی بێ وێنە لە قەلاّی دمدمداو، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لە ناو قەلاّکەدا لە گەڵیدا بوون ڕیزەکەی ئەمیان بەجێهێشت وچوونە پاڵ دوژمنەوەو، ئەو ماوە دورو درێژە کە شەڕ بەردەوامبوو قزڵباشەکان هەڵیان ئەکوتایە سەر قەلاّو، گرتنی ئەو سەرچاوەی ئاوەی کە خان و هاوکارەکانی لە قەلاّی دمدمدا پشتیان پێدەبەست و هەروەها کەمبوونەوەی چەکو تەقەمەنییان، کە لەدوایدا وایان لە (خانی برادۆست – لەپ زێرین) کرد لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هاوکارو کەسوکاریدا خۆیان بدەنە دەستەوەو، پاشان لە لایەن هێزەکانی شا عباس و قزڵباشەکانەوە کوژراو کۆتایی بە دەسەلاّتەکەی هێنرا.

# داهێنانی ئەدەبیی مێژوویی

## لە (قەلاّی دمدم)ی عەرەبی شەمۆدا

کاتێك بمانەوێ لە ڕووی داهێنانی مێـژوویی‌و ئەفڕانـدنی ئەدەبییـەوە لـە ڕۆمـان وەیـا شـا کـارێکی وەك (دمـدم)ی عــەرەبی شـەمۆ (١٨٩٧ – ١٩٧٨) [١] بـدوێین پێشـەکی ئـەبێ قەناعەت بەوەش بهێنین کە نووسـین و تۆمـارکردنێکی لـەو بابەتـە لـە ئـەدەبیات وجوانناسـی نەتەوەکانی دیکەی جیهاندا مێژوویەکی دێرینی هەیەو ئەوان زووترو بگرە پـێش ئێمـەی کـورد لەو بارەیەوە هەنگاوی گەلێ دەوڵەمەندیان نابێ‌و، قۆناغی دوڵەمەندو فرە بابەتیان لەو بارەیـەوە بڕیبێ. هەرچەندە ئەمەی شامیلۆڤـ بە تایبەتی دەقە ڕەسەنەکەی بە زمانی کوردی نەنووسـراوە، بەلاّم هەر ئەوە هەیە کە هەموو ڕەنگدانەوەو هەڵێنجانێکی لە ناخی کوردەواری، لە دووتوێی ئەو داستانە قارەمانێتی کوردەوە وەرگیرابێ کـە یـەکێکی وەك ئـەمیر خـانی برادۆسـت لـە (قـەلاّی دمدم)دا بەرانبەر بە دوژمنانی کـوردو نـەیارەکانی نەتـەوەی کـورد ئـەنجامی دابـێ و، لەگـەڵ ئەوەشدا دەیان و سەدان بەیت و بالۆرەی کوردەواری سەرچاوەو خاڵی وەرچەرخانیان لـەو داسـتانە گەورەو مەزنەوە وەرگیرابێـو دەمـاو دەم و پشتاو پشت مابێتـەوەو خۆشـیان ئـاخنی بێتـە نـاو شاکارەکانی ولاّتانی دەورو بەرو بگرە جیهانیشەوە، جگە لەوەی کە بابەتە بـە پێـزو دانسـقەکانی شامیلۆڤـ تا ئێستاو بە شێوازێکی بەرچاو بـۆ سـەر دەیـان زمـانی زینـدووی جیهـانیی وەك: (فەرەنسی، ڕووسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئەرمەنی، جـۆرجی، ئـەزەربایجانی و چـەند زمـانێکی دیکە)[٢] وەرگێڕدراون و، لە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردی بە جۆری لێکۆڵینەوە کـردن لـە بـواری ئەدەبی کوردیدا بە (زمانی بێگانە) ڕەنگە بە تاقە ڕچەشـکێن و دەسپێشـخەر بزانـرێ کـە لـەم بارەیەوە هەنگاوی نابێ و توانیبێتی ڕووداو و داستانێکی ولاّتەکەی خـۆی لـەو چـوار چێوەیەدا بنوسێتەوەو بەرزی ڕابگرێ‌و، بە شێوازێکی ئەوتۆ کە هەردەم ئەدەبی کوردی شانازی پێـوە بکـاو بە ئەفڕاندنێکی زیندووی لە قەڵەم بدا وەك چۆن (هـێمن)ی موکریـانی لـە بـارەی (دمـدم)ی شامیلۆڤەوە وتوویەتی: " مامۆستا عـارەبی شـامۆ بـە خـەیاڵی بـەرزی هونەرمەنـدانی خـۆی

---

(١)- ئەحمـەد بـاوەڕ – نـاودارانی کـورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا ، ڕ/کوردسـتانی نـوێ ، ژ/٢٠٧٤ ، ڕۆژی١٥/٢/٢٠٠٠

(٢)- د ٠ کەمال مەزهەر ، سلاّوێك بۆ نووسەری کوردی عارەبی شەمۆ ، ڕ/ ژین ، ژ/٥٦ ، ڕۆژی ١/٢/١٩٧٢

چیرۆکێکی شیرین و پڕ کارەسات و هەست بزوێنی خوڵقاندووەو خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی نەتەوەکەی کردووە. سەرەتا سەری ئەم چیرۆکە بەتامە پڕە لە هەستی پیرۆزی ئینسانی، نیشتمان پەروەریو گەل خۆشەویستی "[١] واتە شامیلۆف لە چوارچێوەی ئەم شاکارەدا دەیان وێنەی ئەدەبیی خاوێن و گواستنەوەی دابونەریتی زیندوو باوی نیوکۆمەڵگەی کوردەواری هێناوەتە ناو نووسینەکەیەوەو، بە سەلیقەیەکی ئەدەبیی بەزرەوە گیانی تازەو ڕۆحیەتی تازەی وەبەردا کردووەو زۆر لایەنی سەرنجڕاکێشی هێناوەتە سەر ئەو ڕێرەوەی کە بێ چەندو چۆن بکەونە قسەو گفتوگۆوە یا وەك مامۆستا (هێمن) واتەنی زۆر نەریتی باوی کوردەواری وەك: خوری ڕستن، لێك کۆ بوونەوەی کچان، تەون هەڵاوەسین و وێنەی مافورگرتنەوە مازوچنین، ڕابواردن، داوەت و هەڵپەڕین، ژوان ودڵداری... "[٢] دووبارە هێناوەتە یادو زیاتر بەرهەمەکەی خۆی پێ جوانترو دەوڵەمەند کردووە.

هەرچەندیشە سەد دەرسەد نەیتوانی بێ بەڕێوە چوونی هەڵومەرجەکە وەکو خۆی وێنە بکێشێ، بەڵام ئەو کارێکی وای کردووە کە خوێنەر بەردەوام بەدوای ڕەوت و سەرچاوە گرتنی نووسینەکە بڕواو، وەك چۆن ملوانکە یا تەزبیحێك دەهۆنێتەوە ئاوا ئاگای لە کەسەکان و هەموو ئەوانە بێ کە بە زنجیرە دێنە ناو ڕۆمانەکەوەو هەر یەکەشیان بە وردیو، بە جوانی دەوری خۆیان دەداتێو، لە هەر شوێنێکیشدا بیەوێ کۆتایی بە ڕۆڵەکەی دەهێنێو دووبارە دەس پێدەکاو زۆر زیرەکانەو بە ئارەزوو فیکرێکی ئەدەبییەوە پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و بیری تازەو ڕووداوی تازەو، لە چوارچێوەی نووسینەکەیدا تێهەڵکێش دەکاو، بۆ جارێکی دی خوێنەر دەداتە دەم شەپۆلی ئەو بەدوادا چوون وسەلیقەیەوە کە ئەوی داهێنەر دەیەوێ بیگەیەنێتەوە سەر سەرچاوەو، هەڵوەستەیەك کە ئەنجامێکی وردو ژیرانەی بداتە دەستەوە.

جگە لەوەش وێنەی ئەدەبیی وا دەداتە دەستەوە وەك ئەوەی خوێنەر وا هەست بکا کە ئەو چیرۆکە شیعرێکی دورو درێژ دەخوێنێتەوە، بەڵام لە قاوغێکی جوانی داستان و ڕۆمان ئامێزدا دا ڕێژراوە، وەك لەسەرەتاوە دەڵێ: " بەهار هەمیشە درەنگ دەگەیشتە ئێرە "[٣]).

---

(١)- هێمن - پێشەکی ڕۆمانی ( دمدم )ی شامیلۆف ، وەرگێڕانی بۆ کرمانجی خوارووی : شوکور مستەفا ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل٩

(٢)- عەرەب شامیلۆف ، دمدم ، وەرگێڕانی بۆ کرمانجی خوارووی : شوکور مستەفا ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل٢٢

(٣)- عەرەب شامیلۆف ، دمدم ، ل٢٢

## تەوەری دووەم

# ڕەنگدانەوەی پێوەندی نیوان فەرمانڕەوایی بابان و جاف لەڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا

## میرنیشنی بابان سەرهەڵدان و گەشەسەندنی

مێژووی ئیمارەتی بابان زۆر کۆنە بۆ پێش دروستکردنی قەڵاچۆلانی سلێمانی لە سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، کەوا لە مێژووی گەلی کورددا گرنگییەکی تەواوی هەیەو، لەو سەدەیەدا جیهانی سەرمایەداری لەوپەڕی گڕوتینیدا بوو، کوردستانی خۆشمان بێ بەش نەبوو لەم سەردەمە سەرمایەدارییەو، لە ئەنجامدا گەلێك گۆرانكاری ئابوریو کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لێکەوتەوە، ئەوەبوو ئیمارەتی بابان دروستبووو توانیان گەشەی پێبدەن و لە زۆربەی بوارەکانی لیاقەتی حکومییەوە توانیان پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببینن.

بابانەکان توانیان لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیەك بۆ خۆیان دیاری بکەن و گەشەی پێ بدەن لەپای ئەو سنورەدا توانیان لایەنی کلتوریو ڕۆشنبیری پەرە پێبدەن و، لە دروستکردنی شاری سلێمانیو لە سەردەمی بابانەکاندا (ئەوەی ڕاستی بێ گەر بە وردی بە دوای تێگەیشتن لەم میرنیشینەدا بگەڕێین لە سەرچاوە جیا جیاکانەوە دەبینین ئەم میرنشینە لە سەردەمی خۆیدا بووەتە شانۆیەکی شەڕو شۆڕ، چونکە هەریەك لە ناو بنەماڵەکەدا ویستویەتی کار بگرێتە دەست و لە پێناوی ئەوەدا ئامادە بووە باوك و برا بفرۆشێت.

مێژووی دروستبوونی ئەم میرنیشنە بۆ پێش دروستبوونی شاری قەڵاچۆلان و سلێمانی دەگەڕێتەوە و، نزیکەی دووسەد ساڵ مانەوە [1].سەرەڕای ئەو هەموو ناکۆکیو دوو بەرەکییە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە هەندێ بواردا وەکو بواری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی... هتد.

هەر لەسەردەمی ئەم میرنیشنەدا بوو قوتابخانەیەکی شیعری هاتە کایەوە لەسەر دەستی نالیو سالم و کوردیدا، ئەمەش دڵسۆزیی میرانی بابان دەگەیەنێ بۆ لایەنی کلتووری کوردی. ئەو سەرانەی میرنیشنی بابانی تێدا دروستبووە دوو ئیمپراتۆرییەتی زەبەلاح لەو کاتەدا بووەو، هەردووکیان لە پێناوی دەست بە سەراگرتنی ڕۆژهەڵاتی نزیك کوردستان بەگشتیو میرنیشنی بابان بەتایبەتی هەوڵیانداوە.

## ڕۆڵی میرانی بابان

---

(١)- د.کاوس قەفتان – چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان ، سۆران ، بۆتان ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل٣٤

لە ماوەی تەمەنی ئەم میرنیشینەدا چەندین میری کورد کاروباریان گرتۆتە دەست و لە پێناوی شوێن کەوتوان و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیاندا هەوڵیانداوە، دیارترینی ئەو میرانە (سلێمان بەبە و عوسمان بەگ) بوون بە تایبەتی سلێمان بەبە کە نزیکەی ٢٣ ساڵ حوکمڕانی دەکرد. لە ماوەی ئەو حوکمرانییەدا توانی گەلێك بوار گەشە پێبدات و سنووری جوگرافی میرنشینەکە فراوان بکات.

عەبدولڕەحمان پاشای بابانیش لە دەوربەری ساڵی ١٧٨٩دا کاروباری میرنیشنی بابانی گرتە دەست و نەخشەو بناغەی جۆرێ پێوەندی لەگەڵ والی بەغداو کرماشان دامەزراند[1]. سەرچاوەی ئەم هێزو دەسەلاتەش بۆ پێش عەبدولڕەحمان پاشا دەگەڕێتەوە.. واتە وەك میراتێك بۆی مایەوەو، وای لێهات عەبدولڕەحمان پاشا بە والی بەغدا دابنرێت، دەسەلاتی فراوانی سنووری میرنیشنی بابان لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی ئەودا شێوەو ڕوخسارێکی نوێی وەرگرتبوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم میرە ڕزگاربوونی کورد بوو لە دەست عوسمانی و ڕژێمەکانیو، هەر هەوڵ و کۆششی ئەم میرە بوو تەوژمێکی نوێی خستە نێو گیانی میرنیشنی بابانەوە. سەبارەت بەم میرە (ئەدمۆنس) پاش دەیان ساڵە هاتۆتە سلێمانیو ووتویەتی: " هەتا ئەمڕۆش بۆنی دەورو ڕۆژانی ئەورەحمان پاشا دێت "[2].

ئەم میرە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بواری کلتووریو ڕۆشنبیری لە سەردەمی خۆیدا، خوێندنگای ئەورەحمان پاشا لە دوایی پێی وتراوە مەدرەسەی شێخ ئەبو بەکرو دواتریش بە مزگەوتی بابەعەلی ناسرا[1]. ئەم قوتابخانەیە لە گۆیژە ئەم میرە دروستیکردو، سەردەمێکی پێ گەیەك بووە بۆ بلاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریو، یەکەم مامۆستای ئەم مێرکەیە زانای بەناوبانگی جاف (عەبدول کەریمی بەرزنجەیی) بووە. لەم مەدرەسەیدا چەندەها عالم و ڕۆشنبیرو شاعیر و ئەدەب دۆست پێ گەیشتوون، وەك مەولانا برایمی بیارەیی کە زانایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها شێخ عەلی بەرزنجەیی و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی و چەندها زانای دیکەیش.

---

(١)- د-کاوس قەفتان — هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٥

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٠

(١)- جەمال بابان - سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم، دار الحریە للطباعة ، بغداد، ١٩٩٣ل ١٤٧

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٤٦

جگە لەم مەدرەسەیە مەدرەسەیەکی دیکەیشی دروستکردووە بە ناوی مزگەوتی (سەید حەسەن) و، یەکەم کەسیش هەر خۆی بووە دەرسی تیا وتۆتەوەو، مەلا خدری نالیش یەکێك بووە لە قوتابییەکانی ئەم مەدرەسەیە(٢). پاشان ئەم میرە بایەخی زۆری بە بواری کەلتووری داوەو، خزمەتێکی ئێجگار گەورەی لەم بوارەدا کردووە، ئەمە جگە لەم بوارە جێگە دەستی لە هەندێ بواری دیکەدا دیارە وەکو بواری ئەدەبیو کۆمەلایەتیو سەربازی.

## بایەخدانی بابانەکان بە لایەنی رۆشنبیری

لە دروستکردنی شاری سلێمانی و لە سەردەمی بابانەکاندا لە حوجرەی فەقێو مزگەوتەوە دەستیان پێکردو، هاتن لەگەڵیا تا سەردەمی عوسمانییەکان کە قوتابخانە لە سلێمانیدا کرایەوەو، دوای ئەوانیش لە سەردەمی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموددا، تا کاتی حکومەتی نیشتمانی قوتابی سلێمانی و خەڵکی ناوچەی سلێمانی لە زۆر گۆشەوە هەر پێشڕەو بوون، بە تایبەتی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە(٣)، چونکە " بابانەکان وادەردەکەوێت گرنگیو بایەخێکی زۆریان داوە بە لایەنی زانست و ڕۆشنبیریو کلتوور شان بە شانی لایەنەکانی میلیتاری و کۆمەلایەتی و ئابووری و... هتدو، زۆر هەوڵیانداوە پێویستییەکانی بلاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیری دابین بکەن هەمیشە ڕێزیان لە زاناو مامۆستاو فەقێکان و خوێنەواران و مەلایان گرتووەو فێرگەو مزگەوت و مەدرەسەیان بۆ خۆیان و قوتابیانیش بڕیوەتەوە(١) بۆ چەسپاندنی زانست و ڕۆشنبیری لە زۆر شوێندا کتێبخانەیان کردۆتەوە ئیتر دەست بەجێ یەك لە دوای یەك ئەم ڕەوشتە لەبەرچاو گیراو خەڵکی ناوچەکەش بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنای ئەو کتێبە جۆر بە جۆرانە خوێندەواران کەڵکێکی باشیان لێوەرگرتووە. بۆ نمونە یەکەم فێرگەیەك میرە بابانییەکان بنیاتیان نابێ فێرگەی شارە بچکۆلەکەی (مەرگە) بووە، چونکە لەسەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانێدا ئەم (مەرگە) یە یەکەم مەڵبەندی میرنیشنەکە بووە. لەم شوێنەو لەچەند شوێنێکی دیکەدا فێرگەو قوتابخانەیان کردۆتەوە بۆ هەر یەکێك لە قوتابخانەکان زاناو مامۆستایان بۆ

---

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٣٦

(١)- جەمال بابان - هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٤٢

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٤٢

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٤٥

(٤)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٠٦

دابینکردووەو، جەمال بابان لەو باوەڕەدایە کەوا " بە ڕاستی چەرخی زێڕین و پێشکەوتوو بۆ ڕۆشنبیری و زانست و سەردەمی سلێمانی پاشای گەورە بوو کە بە (سلێمان پاشای مقتول) بەناو بانگە کە لە دەوروبەری ساڵی (١٧٥٠-١٧٥١ز) بۆتە فەرمانڕەوای بابان و، لەسەردەمی ئەمدا قەڵەمڕەوی بابان زۆر پەرەی سەندووەو، لە ڕێگای زانست و خزمەتی زانایاندا زۆر هەوڵیداوە ".[٣]

لە قەڵاچۆلانیش کتێبخانە بەناوبانگەکەی بابانیش لە قەڵاچۆلان بوو یەکەم ئەمینداری کتێبخانەکەش بە شێخ مارفی نۆدەهی سپێراوەو، تا ئەم کەسە بوو کتێبخانەکە لەوپەڕی گەشانەوەدا بوو[٣]. میرەکانی بابانیش بەهەموو توانایانەوە چاودێری کتێبخانەکەیان دەکرد وا دەردەکەوێ لەسەر ئەم خاڵە زۆر ڕۆیشتین و پێویست بە درێژە پێدانی ناکات تەنیا ئەوە نەبێت کە (ئەحمەد پاشا)ی دوا میری بابان دوای ئەوەی ئەستانە لەوێوە برای بە والی ناردیان بۆ یەمەن[٤] دەستیکرد بە ناردنەوەی جۆرەها کتێب بۆ زۆربەی کتێبخانەکانی سنووری بابان بە تایبەتی کتێبخانەکەی قەڵاچۆلان پاش ئەوەی ناردیانە بۆ سلێمانی ئەمەو چەند بەڵگەیەکی دیکە نمونەی ئەوەن کەوا میرەکانی ئیمارەتی بابان کەوا گرنگییەکی بێ پایان و بێ هاوتایان داوە بە ژێرخانە گرنگەکەی کۆمەڵ کەوا کلتوورو ڕۆشنبیرییە.. خێڵی جاف ئەو خێڵە گەورەو مەزنەیە کە لە چەندین تیرەو عەشیرەت پێکهاتووەو، بە درێژایی مێژوو لە کوردستاندا ژیانی ئاسایی‌و سادەییان گوزەراندووەو، هەرچی هێزو دەسەلاتی عوسمانی و شاکانی ئێرانیش هەیە نەیانتوانیوە سنوورێك بۆ گەڕۆکی عەشایەری جافەکان دانێن. هەروەها خێڵی جاف هەر لە بەرەبەیانی مێژووەو لەوەتەی کورد شۆڕشی کردبێ و جافەکان ڕۆڵی کاراو پۆزەتیڤیان هەبووە لەسەرخستنیداو هەرگیزاو هەرگیز نەبوونەتە پردێك بۆ دوژمنانی کوردستان، تەنانەت جافەکان لایەنی دۆستیان گرتبێ وەیا لایەن دوژمن ئەو لایەنەیان قورستر کردووە، بەلأم جافەکان بۆ تەنیا جارێکیش لایەنی دوژمنیان نەگرتووەو، چەندین جاریش باجی هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکەیان داوەو وەکو چۆن لە کاتی عەبدولا بەگی کەیخەسرەو بەگی جاف لە شەڕی داود پاشاو مەحموود پاشای باباندا برینداردەبێ و عوسمان بەگی برای مەحموود پاشای بابان لە ڕێگەی حەکیم باشییەوە دەرمان خواردی دەکات سەرەڕای ئەو هەموو چاکەو هاریکاری‌و گیانی خۆ بەخشینە کەچی لە پاداشتی ئەوەدا دەرمانخواردی دەکەن و، ئەو هەموو چاکەیە لە بیر دەکەن، بەلأم کەیخەسرەو بەگی جاف و کوڕەکانی هیچ پەرچە کردارێك نانوێنن و بۆ تەنیا ساتێکیش ئاماژە بەوە نادەن کە عوسمان بەگی

بەبە عەبدولاّ بەگی جافی دەرمانخوارد کردووەو، ناهێڵن دوژمن ئەم هەلە بقۆزرێتەوەو بیان کات بەگژ یەکترداو، ئەو کاتە هەم خێڵی جاف و هەم بابانەکان و بەگشتی گەلی کورد زەرەرمەند دەبێ، بۆیە دەبنین کەیخسرەو بەگ لەوەسییەت نامەکەیدا بۆ کوڕەکانی بە چەشنە ئامۆژگارییەك ڕێنماییان دەکات وەك چۆن کەیخەسرەو بەگ ژیرانە دەیخوڕییە حەمە بەگی کوڕیو ڕووی دەکردە سلێمان بەگی کوڕە گەورەیو پێی دەوت:" کوڕم من هێندەم نەماوە، ئەوەی دەیڵێم بیگرە گوێ، دەبێ دوای من بە هیچ جۆرێك بەدوای چۆنێتی مەرگی عەبدوڵلاّدا نەڕۆن، بەهیچ بەڵگەو عیرانێك نامەوێت لەگەڵ بنەماڵی بەبەدا بگاتە دەست بە خەنجەر ، قەینا بۆ لەمەولا پێکەوە مەڕۆنە ژێر ڕەشماڵێکەوەو مەڕۆنە هانایانەوە، بەلاّم نامەوێت نووکی ڕم و نێزەتان بەرەو سنگیان ڕاوەشێنن ، ئێمەی جاف سنوورێکمان بۆ نییە ئەگەر چی کەوتوینەتە نێوان دوو دەسەلاّتی گەورەی ڕۆم و عەجەمەوە، هەروەها قەلاّو قودرەتی ئەردەلاّن و بابانەوە ئێمەی خەڵکی ئەم بنارو بەندەین، هەمیشە گەرمیان و کوێستانی خێڵتان لەبیر نەچێت بوونتان بەڕەوەندییەوەیە "[1].

وێرای ئەم هەموو بێ دەنگیو خۆ پاڕاستنەی جافەکان وێرای ئەو هەموو پەرۆشییە کوردانەیەی بۆ یەکڕیزیو تەبایی، کەچی دوژمن هەرواز لەم خێڵە کورد پەروەرە ئاشتی خوازە ناهێنێو هەمیشە دوژمن خەریکی پیلان گێڕانە بە دەوریانداو، هەندێ جاریش ئەو بەناو دۆستانە ئەیانەوێت لە خشتەیان بەرن وبیان گلێننە نێو شەڕی خێلەکی و برا کوژییەوەو دەستیان بە خوێنی ڕۆلەکانی کورد سوور کەن، بەلاّم بە هەوڵ و لێوەشاوەیی سەرۆك و سەلیقەی پیاو ماقولاّنی جافەکان نەیانهێشتووە مەرامە گلاّوەکانی دوژمن بێتەدی. هەرچەندە هەندێ جار شەڕ بەردەرگای پێ گرتوون و ناچاریان کردوون لە بەرژەوەندی خێل و عەشیرەتەکانی جاف، بەرەنگاری جاش و کاسەلێسەکان ببنەوە، وەکو چۆن کەرەم وەیسێیەکان عومەر پاشا دەیانخەڵەتێنێ: " - مام کوێخا، ئەتۆ تووڕە مەبە پاشا لە نامەکەیدا خۆ هیچ خراوەو هەڕەشەو گوڕەشەیەکی

---

( ١ )- خەسرەو جاف – ڕۆمانی ( پاشایان کوشت ) ، چاپخانەی الرسالە ، بەغدا ، ١٩٩٣ ، ل ٨٦ -٨٧

( ٭ )- لە چاوپێکەوتنێکدا ڕۆژی ٢٢/٤/٢٠٠٢ لەگەڵ ڕۆماننووس خوسرەو جافدا سازمدا لە بارەی هۆکاری هەڵبژاردنی حەمە پاشای جاف بۆ پاڵەوانێتیو شاکەسی ڕۆمانی ( پاشایان کوشت )دا وتی : " ئەم جۆرە هەڵبژاردنە کارێکی سروشتییە بە حوکمی ئەوەی ئەم کەسە ڕۆلێکی گەورەو دیاری هەیە لە مێژووی بنەماڵەو عەشیرەتی جافە ، هەروەها بە حوکمی ئەوەی زانیاری باش و زۆرم هەیە لە بارەی سروشتی کەسایەتی ئەم ناودارە کەوا باپیرەی گەورەمە بۆیە وەك ڕۆماننووس بە باشم زانی بیکەمە پاڵەوانی ڕۆمانەکەم ، هەروەها ئەم جۆرە کارە لە ،هەڵبژاردنی کەسانی ناسراو لە بواری ڕووداوە مێژووییەکاندا لە لایەن چەند ڕۆماننوسێکی دیکەش کراوە ".

هەواڵنامەی کتێب

نەکردووە، تەنها گلەیی دەکا، لەوەتەی بووە بە پاشای بابان حەمە بەگ[*] سەرێکی لێ نەداوەو موبارەك بابی نەکردووە ، کێ دەڵێت بۆ خراپە دەعوەتی لێ کردووە ؟ !، من ڕیشم لە ئاسیاودا سپی نەکردووە لە پریێ تا ئاسمان قورئان بێت ئەو پاشای بابانە بۆ خراوە دەعوەتی کردووە و خەیاڵیشی لەگەڵ حەمە بەگی ئێمەدا فرە خراوە. مام براخاس قسەی کوێخا شاسواری بڕی ، وتی:- با کارێکی دی بکەین نەشیش بسوتێ و نەکەباب ئەگەر بۆ موبارەك بابییە ، لە جیاتی حەمە بەگ چەند بەگزادەیەکی دی دەنێرین بەم بۆنەیە پێویستی سەرشانی خۆمانی ئەنجام داوەو دڵ و دەروونی پاشایشمان بۆ ڕۆشن بووەتەوە..

- دەم خۆش براخاس.. دەم خۆش. لەم کاتەدا حیلەو خرمەی سمی چەندین ئەسپی هاتە گوێ ، دەم چەرموانی خێڵ ، کوڕی ڕاوێژیان بڕاندەوەو لە دەوارهاتنە دەرەوە، حەمە بەگی کەیخەسرەو بەگ لە ئەسپ دابەزی و ڕۆیشتە ژێر دەوارەوە سەرمەستانە، ووتی: دیارە دیسانەوە کۆبوونەوەو ڕاوێژتان هەیە، هەم چی ڕویداوە ؟ !

- کوێخا براخاس چوار مشقی بەسەر لاکێشێکەوە دانیشتبوو ، پایە پایەکی کردو لەسەرخۆ ووتی: قوربان بۆ ئەوە کۆبووینەتەوە تاخراپە ڕوونەداو کە ڕووی دا چ سوود ؟

- کوێخا یەك نەواختیش ، بێ تام وچێژە ژیانیش بۆ خۆی پڕ لە ڕووداوە.. قوربان هەرواسە،بەلاّم جارەوبار ڕووداو سەر تیاچوونیشی تیایە، دەبێ ژیرو هۆشیار بین، کاروباری ژیان هەر بەملهوڕی ناڕواتەسەر .

- ڕاستم پێ بڵێن باستان لە چییە ؟

کوێخا لە سەرەتاوە بۆی گێڕایەوە، حەمە بەگ هەروا گوێی ڕاگرتبوو لە باسە درێژەکەی براخاس، ووتی ئێوە دەڵێن نەڕۆم، من وادەزانم بڕۆم لە نەڕۆیشتنم سەنگین و سەلارتر بێت، بێ گومان ئەگەر نەڕۆم وا دەزانن ترساوم و زاتی ئەوەم نەبووە بە تۆقیاو لە قەڵەم ئەدەن، هەرسبەی دەکەومەڕێو دەڕۆم..

کوێخا براخاس هەستایە سەرپاو،سەر تیرەکانی دیش بەرزەپا هەستان، ئینجا براخاس ووتی:-

- قوربان گەورەو سەروەرمانی، بەلاّم جارێك ڕەوا نییە لە قسەمان دەرچیت.. هیچ نەبێت ئێمە چەند کراسێکمان لە تۆ زۆرتر دراندووەو، تازە جگە لەمانەش کەیخەسرەو بەگی باوکیشت لە قسەی ئێمە دەرنەچووە..

---

- جا من کەی لەقسەی ئێوە دەرچووم دەڵێم دەترسم بە ترساوبم دەن لە قەڵەم. جگە لەمانەش من خراپەیەکم دەرحەق بەخێڵی بەبە نەکردووە.

- ئەمانە هەر هەمووی بەجێگەی خۆی، ئێمە بڕیارمان داوە لە جێی جەنابت چەند بەگزادەیەکی دی بنێرین بۆ پیرۆزبایی، ئەگەر تووش هاتن، تۆو ئێمە دەتوانین ڕزگاریان بکەین، بەڵام ئەگەر تۆ تووش بێیت، ئەوان و ئێمە ناتوانین تۆ ڕزگار بکەین..

- هەرچی عەشرەت بڵێیت هەر ئەوەیە، چی بە چاك دەزانن بیکەن" [١]

ئەیانباتە ملی سەهواو هەوڵی کوشتنی حەمە پاشای جاف دەدەن و دەیکوژن و پەنا بۆ لای جوامێر ئاغای هەمەوەند دەبەن و، کلاوێش دەخەنە سەر جوامێر ئاغاو ئەویش پەلکێشی شەڕ دەکەن و جافەکانیش ناچاری تۆڵە سەندنەوە دەکەنەوە وانەیەکیان دەدەن کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیریان نەچێت...

ئەوەی سەرەوە بەگشتی لایەنە جوان و درەوشاوەکانی عەشیرتی جاف بوو لە ڕۆمانەکەی خەسرەو جافدا، بەڵام ئێمە دەبێ ئەم ڕۆمانەش بدەینە بەر تیشکی ڕەخنەو لایەنە نێگەتیڤەکانی باس کەین، بۆیە ئەگەر زۆر بە وردی ئەم ڕۆمانە بخوێنینەوە دەبینین خەسرەو جاف زۆر بەجوانی و زیرەکانە هەرچی لایەنی درەوشاوەو پۆزەتیڤ هەیە لەعەشرەتی جافدا باسیکردووەو ئەوەی خەسڵەتی جوان هەیە وەکو هەڵوێست و جوامێریو مەردایەتی و کوردپەروەریو ڕاستگۆیی هەمووی داوەتە پاڵ جافەکان و، جافی خاڵی کردووە لە کەمو کورتی و خەسڵەتی ناشیرین... پاشان جافەکان لە ڕۆمانەکەی خەسرەو جافدا زۆر نمونەیین و هەموو ئیش و کارێکیان بە ڕاوێژو گفتووگۆ بووە، بۆنمونە هەمیشە بەرانبەری بە دزو خۆفرۆش و نابەرپرس لەقەڵەم داوە و، بابانەکانی بەشانۆیەکی ململانێ و کوشت و کوشتار نیشانداوەو تەنانەت وا ئەبینی بابانەکان سەرچاوەی ئاژاوەو مەینەتییەکانی کورد بوون و لە سیفەتی جوان و ڕێکوپێك بە تاڵی کردونەتەوە... بۆ نموونە: " پێش قەرەوڵی ئوردووی بەغا لە شاری هەولێرەوە بەرەو سولەیمانی دا داکشا بوو، پەیتا پەیتا پیتاك و یارمەتی یارمەتیو چەکدار لە بەغداو مووسڵەوە دەگەیشتنە نێو لەشکری والی، چەند عەشایەرێکی سەر ڕێگا چووبونە نێو لەشکری محەمەد نەجیب پاشاوە، والی لەخۆبایی و دڵنیا بەرەو سولەیمانی دەهات، لەشکری بەبەش پۆشتەو ئاڕاستەو بێ پەرواو ڕازاوە، سەرفرازانە ڕوو بەدوژمن دەچوو، یەشتا بەرزە دەماخی سەرکەوتنی شەڕی مەریوان لە ناخ و ئەندێشەی جەنگاوەرانی لەشکری بەبەدا شەپۆلی دەداو، بە عیشقەوە بەرەومەیدانی شەڕ دەڕۆیشتن و هەستی نەتەوایەتیو عیشق و عەلاقەی وڵات، کەم و زۆر هاتبووە جووڵە، زۆریش بۆ

---

(١)- خەسرەو جاف - هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل ٩٨- ١٠٠

بەدەستهێنانی دەستکەوت و تالاَن و شۆرەت هاتبوونە نێو لەشکری بەبەوە، لەشکری بریتی بوو لە دوو کۆمەڵی گەورەو جیاواز - ئەحمەد پاشا دەمێك بوو خەریکی پێك هێنانی سوپایەکی ڕەزم دیدەو لێزان و کارامە بوو، بەپێی فەن و زانیاری سەربازگەریی‌و ئەو حەلە بەشی تۆپخانە و سوارە و پیادە و ئەندازەگیری و تەقەمەنی و ئازووقە و ژێلداری جیاجیای پێك هانی بوو، چو سوپایەکی دامەزراوی تاقی کراوە، ئیتر تۆپچی وردەکارو سوارەگەڕ ناسی و پیادەی فرزو چالاك و چەلەنگ هەرهەموو پێکەوە یەك پارچە ئالأبوونە یەك و لە ڕووی دوژمن دا یەك دەست و یەك سان ڕاوەستابوون، پێش قەرەوڵی لەشکری بەبە بڕکە بڕکە دوژمنی دادەپلۆسی و ترسی لە دڵیان دا دەچەسپاندو دەتۆقان.. سوپایی بەبە لە دەوروبەری کۆیێ دا خەیمەگای خۆی لێهەڵدا بوو، ئاوازەی تێروپڕی و پۆشتەیی و پڕچەکی سوپای بەبە، ترس و چەکەرەی خستبووە دڵی دوژمنەوە، نەجیب پاشا چەند نامەی ساز شکارانەی بۆ ئەحمەد پاشای بابان نووسیبوو، بێ وەلأمی هێلاَ بوۆە.. شەڕ لە ئەمڕۆ بەیانیدا بوو، هەر دوولا دورو نزیك تواناو تەوژم و ژمارەی یەکتریان خستبووە ژێر چاودێرییەوە.. ئەحمەد پاشای بابان لە سەرکەوتن دڵنیایی دڵنیا بوو.. ڕاوێژوو لێکدانەوەی هەڵبژاردنی ڕۆژی هێرش خرابووە نێوانەوەو دوو سێ چرای ئاوێنەدار لە چەقی چادرەکەدا شۆڕ بوو بوۆە.. ئەحمەد پاشا بەجل و بەرکی پاشایەتییەوە لەسەر کورسییەك پەخش و بلأوبوو بوۆە، دەستی نابووە سەر مشتی شمشێرەکەی بەچەپ و ڕاستیدا فەرماندەران و سەرەك تیرەکان دەوریان دابوو پاشا، ڕووی کردە ئەحمەد بەگی خەزنەدارو ووتی:- پێم وایە ئەگەر سبەی مووچەو مواجیبی سوپا بدەیت باشتر بێت.

ئەحمەد بەگی خەزنەدار نەختێك لە پاشا نزیك بۆوەو ووتی:- قوربان وەك دەزانی ئێمە شەڕمان لە پێشەو شەڕیش بێ زەڕ ناکرێت جگە لە مانەش چەکدار و سەرباز وەك سەگ وان تا برسییان بێت باشتر پەلامار دەدەن، پێم وایە سەگ بە برسێتی بمێنێتەوە باشترە، بە تایبەت لە ئاوا ڕۆژ گارێکدا...

- توند ڕۆیشتی، سەر باز بێ پارەو زەڕ، شەڕی پێ ناکرێ، چ تێر بێ، چ برسی، قەینا چەند ڕۆژێك بخرێتە دوا...

ئەم قسەو باسە وەك ئاگرێك لە پووشو بکەوێ لە ناو لەشکری بەبەدا بلأوبووە، کاربەدەستانی سوپا بڕیاریان دا لەسزای ئاوا قسە کردنێکدا، ئەحمەد بەگی خەزنەدار بکوژن، تەقەیەکی شەوانە دەکەنە نیشانەی چوونە سەر ئەحمەد بەگی خەزنەدار.. لە شەوێکی تاریك و بێ ڕەنگدا، لە دونیایەکی بێ هەناسەو بێ دەنگدا، شریخەی تەقەیەك ئاسمانی ئۆردووگا دەتلێشێنێت و هەمان تەقە هەزاران تەقەی بەدوادا دەکرێت.. سوپای بەبە لە نێویەکدا کوشتارێکی بێ ڕەحمانە لە ناو خۆدا دەست پێ دەکەن، سبەی کە ڕۆژ دەبێتەوە، وەك بوومەلەرزە لە شاری دابێ ئۆردووگای بەبە

هەواڵنامەی کتێب

داربەردی بەسەر یەکدا درابوو، هەر لاشەی مردوو بریندارە لێرەو لەوێ ڕمابوو، ئەحمەد پاشا لەگەڵ چەند سوارێکی پاسەوانی خۆیدا بەرەو ڕۆژهەلاّت و ئێران بۆی دەرچوو بوو... سوپای والی بێ شەڕو بێ تەقە، بێ بەرانبەرکی بەرەو سولەیمانی کەوتە ڕێ "[١].

دەبینی نەك بەو شێوە لە زۆر جێگەی دیکەدا بابانییەکانی ناشیرین کردووەو وای لێکردوون مرۆڤ زۆر لە ئاستیاندا هەلّویستە بکات[١]. نەك ئەوە بەڵکو باسی پێوەندی عوسمان بەگ دەکات لەگەڵ والی بەغداداو باسی هەڵسو کەوتی ناپەسەندی عوسمان بەگ دەکات کە لە دیار نەمانی مەحموود پاشای برایدا ئەو هەلە دەقۆزێتەوەو دڵی یاران و دۆستانی مەحموود پاشای بابان دەئێشنێت، بەردەوام زەبرو زەنگ بەرانبەر دارو دەستەکەی خۆیدا دەنوێنێت بۆیە ئەمەش وادەکات ئێمەی خوێنەر نیشانەی پرسیار لەسەر زۆرێك لەو بابەت و بەسەرهاتانە دانێین، کە نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکات و بڵێین کاتێ نووسەر لەبەر ئەوەی باسی جاف و باپیری خۆی دەکات ئەوە لایەنی جافی گرتووەو لایەنەکانی دیکەی فەرامۆشکردووەو وەکو مرۆڤێك باسی ئەو سەردەمانەی نەکردووە، کەوا پێویستە وەکو ئاوێنەیەك بوایەو هەموو جوانی و ناشرینیەکانی هەموو خێڵ وعەشیرەت و میرنیشینەکانی کورد هەیە وەك یەك باس بکردایەو وێنەیەکی جوانی پیشان بداباین، ئەو کاتە ئێمەش بە وریایەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا نەدەکرد.

هەزارنامەی کتێب

(١)- خەسرەو جاف - هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٣٢ - ١٣٣

(١)- خوسرەو جاف - هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٨٦

هەواڵنامەی کتێب

## ﴿ بەشی سێیەم ﴾

## ڕەنگدانەوەی هەندێ ڕووداوی مێژووی نوێی کورد

**تەوەری یەکەم:- ڕەنگدانەوەی فیتی عوسمانی لە کوشتاری کوردو ئەرمەن لە ڕۆمانی " وا بەهار هات "دا**

**تەوەری دووەم:- ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلی کوردستان لە ڕۆمانی (پێش مەرگە) دا**

هەزارنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەری یەکەم

# ڕەنگدانەوەی فیتی عوسمانی لە کوشتاری کوردو ئەرمەن

# لە ڕۆمانی " وا بەهار هات "دا

## پێوەندی مێژوویی کوردو ئەرمەن

کەسانێك هەن پێیان وایە مێژوو تەنیا ساتە گەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕووو تۆمار دەکات، دەنا کوا ئەو هەموو فرۆفێڵ و ساختەکاریو شێواندن و خیانەتکاریو شەڕو خوێن و کوشتارو هەڵچوون و سووربوونەوانەی ڕوویانداو، مێژووش تەنیا بە ئاماژەو سەرەقەڵەم بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە.

لەبەرانبەر ئەو بۆچوونەشدا هەن پێیان وایە نەخێر ئەسڵ و ئەساسی لە ڕەوڕەوەی مێژووو ئارامیش و چاندنی ئاشتیو تەنزیر بۆ کردنی بیردۆزەی مرۆڤایەتیو بیناکردنی شارستانییەکانە . لێرەوە دێین قسە لە پێوەندی کوردو ئەرمەن وەکو کوشتاری ئەرمەن لەسەر دەستی کورد لەو کوشتارەدا دەکەین، لەگەڵ بیروبۆچوونی ڕۆماننووس لە بارەی ئەم ڕووداوەدا.

بە لای د. کەمال مەزهەرەوە " ئەگەر بمانەوێت قسە لە پێوەندی کوردو ئەرمەن بکەین دەبێ ئەوە بزانین کە هەندێك هۆ هەبوون کوردو ئەرمەن، یا چەند چینێکی ئەم دوو گەلەیان لە یەك دوورخستەوە، هەندێکیش هەبوون لە یەکی نزیك دەخستنەوە " (١)

ئەم دوو نەتەوەیە سەر بە دوو ئایینی جیاوازن و، ئەو مێژوونووسانەی لەسەر پێوەندیی کوردو ئەرمەن قسەیان کردووە لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە ئەگەر هاندان و ئاگر خۆشکردنی لایەنی سێیەم نەبوایە هەر یەك لە هەردوو گەلانی کوردو ئەرمەن ئەوەندە خاوەن لێبوردن بوون ببێتە ڕێگر لە بەگژ یەکدا چوون و بەسەر یەك هەڵشاخاندا.

بۆ نموونە لەو هۆکارانەی کە ئەم دوو نەتەوەیە لەیەکتر نزیك دەخاتەوە ئەوەیە کوردو ئەرمەن بۆ چەندین سەدە لەسەر زەمینێکدا شەریك بوون کە هەردوو لایان بە خاکی باوباپیریان داناوەو، ئەم دوو نەتەوەیە بۆ پێنج سەدە لە ژێر ڕکیفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون.

---

(١)- د٠ کەمال مەزهەر — کوردستان لە سالآنی شەڕی جیهانی یەکەمدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٥، ل٩١

هەروەها ئەم دوو نەتەوەیە لەو ڕەهەندە شارستانیەشدا هاوبەش بوون کەوا توانی خۆی لەبەردەم کاریگەرییە ڕۆژئاواییەکاندا ڕابگرێت و، لەو ماوە مێژووییە درێژەدا پێوەندی ئابووریو کۆمەلآیەتییە بەهێزەکانی نێوان کوردو ئەرمەندا نەپچڕاوە و " لە بواری سیاسیشدا ئەم پێوەندییە زنجیرەیەکی تەواو لە ئەگەرەکانی لەخۆ گرتووە، لە کوشتارگاو قەسابخانەوە تا هاوپەیمانی ستراتیژی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە مەسەلەی مانەوەی سیاسی و قالبی هەردوو گەلەکەدا دیوە، لە سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێزی سەرداره کوردەکانی لە دژی ئەرمەن بەکارهێنراوە "[(١)].

ئەگەر بۆ سەرەتای ئەم بەشەی بگەڕێینەوە دیسانەوە قسە دێتە سەر ئەوەی، کە لە مێژووی ئێمەدا تەنیا زوڵمی ئەوانی دیکە لە ئێمە تۆمار کراوەو، ناهەقییەکانی ئێمە دەرهەق دەرەوەی خۆمان لەناو مێژووی کورددا هیلاکی و بەدوادا گەڕانی وردی دەوێت. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار یەکەمیان: وێنەی لەم جۆرە هەر خۆی کەمەو، دووەمیان لە ناو دەریایەك لە مەزلومییەتدا وێنە بچووکەکانی زاڵمبوونی خۆمانمان شاردۆتەوە. لێرەدا ئێمەیش دەڵێین: " ئەوەی کە کورد دەستی بە خوێنی ڕژاوی ئەرمەنییەکان سوور بووە ڕاستییەکی مێژووییەو هاشای لێ ناکرێ، بەلآم بە خوێندنەوەی ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی کوشتاری ئەرمەن و بە لۆژیکی ئەقلیش ماقووڵ و قابیلی قەبوڵ نییە کورد بێ بەکارهێنان و هاندانی لە قەسابخانەی ئەرمەنیاندا بەشداری بکات بە تایبەت کە ئەوە ڕەت بکەینەوە:- ناکۆکییە ئایینییەکان هۆکاری بەشداری کورد بێت لە کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکانی ساڵی ١٩١٥داو بڵێین پێکهاتەی تیرەیی – دەرەبەگایەتی لە پێکهێنانی کەشوهەوای گونجاو بۆ بەشداری کورد لەو کوشتارگایەدا گرنگ بووە، ئەمە دوای ئەوەی سەر عیلە دەرەبەگەکانی بەلای سیاسەتی عوسمانیدا شکاونەتەوە، هەروەك پێشکەوتووی ئابووری بورژوای ئەرمەنی ڕەنگە ڕۆڵی لەبەرگرتنی کورد لە دژی ئەرمەن لەو قەتل و عامەدا هەبوبێت "[(١)]. کوشتاری ئەرمەن خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی تورکانەیەو قەناعەتی سوڵتانە عوسمانییەکان و سوڵتان عەبدولحەمیدی

---

(١) جيرارد ليبارديان – قضايا في دراسة العلاقات الأرمنية – الكردية ، مجلة دراسات الكردية ، ع/٣-٧ ، س/٨ ، ١٩٩٢ ، ص١٢

)- ( Le Kurde et le sange verse des Armeniens ) , Par K.M.Ahmed , ١ ( Aprecu general du texte et du sujet , Memoire Pour le D.E.A , Presente Par SiamanD Othmam , Directeur d, etudes Poal Vieille , Ecole des Hautes Etudes en Sciences Sociales , Paris , ١٩٨١.

سیامەند عوسمان – (کوردو خوێنی ئەرمەنی ڕژێنراو، نووسینی کەمال مەزهەر ئەحمەد - شیکردنەوەی گشتیی دەق و بابەت) وەك بابەتێك بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر، نامەکە بە سەرپەرشتی پۆل فیبل، ساڵی

دووەمە. ئەم قەلاچۆكرنەش بۆ یەكـەم جـار لـە ئـاب و ئـەیلولی سـالّی ١٨٩٤دا لـە ناوچـەی (ساسۆن) ڕوویدا كاتێك سەربازو جاندرمەو دەستەیەك چەتە كەوتنە گیانی گەورەو بچـووك و ژن و پیاوی ئەم ناوچەیەو لە ماوەیەكی كەمدا چل (٤٠) گوندیان كاول كردو دەوروبـەری دە هـەزار كەسیشیان كوشت[٢].

قۆناغی دیكەی كۆمەلّ كـوژكردنی ئەرمـەن لـە ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا لـە بـەهاری ١٩١٥دا دەستی پێكردو، سالّی داهاتوو كۆتایی پێهات و " ئەرمەنیەكان خەسـارەتی خۆیـان لەسەر دەستی توركەكان بە زیاتر لە ملیۆن و نیوێك مەزندە دەكەن لەگەلّ نزیكـەی ٨.. هـەزار هەلّهاتوودا "[٣].

ئەلّبەتـە قسـەكردن لـە هۆكارەكـانی كۆمـەلّ كـوژكردنی ئەرمـەن لـە قـەلّمرۆ خەلافـەتی عوسمانیـداو لەلایـەن توركەكانـەوە زۆرن و، ئـەم بابەتـەش پێویسـتی بـە لێكۆلّینـەوەی وردو لۆجیكیو ئەكادیمی هەیە نەك نووسین بە گیانی تۆلّـەو عاتیفـەو هەلّچـوون بـە هەناسـەیەكی ئایدیۆلۆژیانەوەو ئەمەش دوورە لە باسەكەی ئێمەوە، كە مەبەستمان لێرەدا باسكردنە لـە ڕۆلّـی كورد بێت لە كۆشتاری ئەرمەنداو، لێرەدا ئێمـە سـوود لـە نووسـینی ئـەو نووسـەرە كوردانـە وەردەگرین كەوا لەم بوارەدا خۆیان هیلاك كـردووەو لێكۆلّینـەوەیان هەیـەو بـەناوبانگترینیان د. كەمال مەزهەرە كە بەشێكی تەواوی لە كتێبەكەیدا (كوردسـتان لـە سـالانّی شـەڕی جیهـانی یەكەم)دا بۆ ئەم مەبەستە تەرخانكردووەو، ئەوەی لە نرخی زانستیی لێكۆلّینەوەكەی ئەم زانایـە زیاد دەكات كردنەوەی دەرگای ڕەخنەیە لەم بابەتەی ئەودا ئەوەیە كەوا ئەو بەو قەناعەتـەوە لـە دەرگای بابەتێكی گرنگ و باس لێوە نەكراوو داپۆشراوی خۆی داوە كە ئەمەش وەهای كردووە بـە دیوی نیشاندانی ڕۆلّی نیگەتیڤی كورد لەو قەسابخانەیدا هەروەك لە خوێندنەوەی ئـەو فەسـلّەدا لە كتێبەكەی ئەم زانایـە هەسـتێكی وەهـا داتـدەگرێ كـە بەسـەرهاتێكی مێـژوویی دارێـژراو دەخوێنێتەوەو، پشت بەسـتن بـە سەرچـاوەی تـاك ڕەهەندانـەی ڕووسـی ڕۆلّـی خـۆی دیـوە لـە خوێندنەوەی ئەو بابەتە مێژووییداو، لە ئەنجامیشدا هەست دەكەیت لەبەردەم گورگێكی هارو بە خوێن تینووی عوسمانی و نێچیرێكی هەمیشە بەستەزمان و بێ تاوانی ئەرمەنیدای.

---

١٩٨١ لە پەیمانگای خوێندنی بالاّی زانستە كۆمەلاّیەتییەكان ، پاریس ) – بە زمانی فەرەنسایی -
گۆڤاری ( – CTIQUE SOCIALISTE ١٩٨٢- ڕەخنەی سۆشیالیستی ) –
(٢)- د. كەمال مەزهەر – كوردستان لە سالاّنی شەڕی یەكەمی جیهانی ، ل١٠٧
(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١١١

بۆ باسکردن لە پێوەندیی کوردو ئەرمەن دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە ئەم پێوەندییە لەوێوە دەست پێدەکات کە ئەم دوو گەلە لە ناو مەملەکەتێکدا بەشانی یەکەوە ژیاون کە خەلافەتی عوسمانییە، کە ئەرمەنەکانیش دوای قەتڵ و عام لە کۆڕەوێکی گەورەدا خەلافەتی عوسمانیو ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی تورکیان جێهێشت، کوردەکانیش لەمەدا شوێن پێیان هەڵگرت و زۆریش لە کوردە ئێزدیەکانیش پەنایان بردە بەر قەوقازو ڕووسیای ئەو زەمانە.

کوردو ئەرمەن لێرەو لەوێش لەنزیکی یەکدا ژیاون و، ئایین لەیەکتر جودای کردنەوەو هاوچارەنووسیو ژیان لە ژێر دەسەلاّتێکی غەریبدا کۆی کردوونەتەوە. ئەرمەنەکان دوای ساتە شومەکانی کۆمەڵ کوژ کردن ئەوە لە یادەوەرییاندایە کە کوردانیش دەستیان بە خوێنی بابوباپیرانیان سوورە، بەلاّم ئەمە لە شعوری قەومی ئەرمەندا نەبوتە توخمی زاڵ و ڕق و قین خولّقین و، کوردیش لە سەردەمی خەلافەتدا زیاتر تێکەڵی ئەرمەنی جووتیارو گوندنشین بوون، کە زۆری ئەوان ئیبادەکران و کوژران. سەیر لەوەدایە کە " دوایش وا کوردە لە ولاّتی شورەوی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەری هەڵدا گەورەترین ناوەندی گەشەکردنی ئەم ئەدەبە (ئەرمەنستان) بوو، کە هەر لە ساڵی ١٩٣١دا چیرۆکی (شڤانی کورد)ی نووسەری گەورەی کورد عەرەبی شامیلۆڤ بە زمانی ڕووسی چاپ کرا "[1]. وەها تێدەگەین کوردو ئەرمەن وێرای هەموو خاڵە دوور خەرەوەو هۆکارەکانی تەفرەقەو ناکۆکی ڕاکێشەرێکی بەهێز لە یەکیان نزیك دەخاتەوە، بەو جۆرەی کە هەموو ئەو کوردانەی چوونە شورەوی یا لەسەر خاکی ئەرمەنیەکان ژیان یا پێوەندێکی مادیو ڕۆحی پتەویان لەگەڵ ئەرمەنی و ئەرمەنستان هەبووەو هەیە.

بەم پێشەکییە کە هەوڵێك بوو بۆ خوێندنەوەی پێوەندییە مێژووییە ساردو گەرم و تەڵخ و ڕوونەکانی کوردو ئەرمەن لە قۆناغە جیا جیاکاندا دەچێتە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانێکی کوردییەوە کە هەموو ڕووداوەکان لە سەردەمی کۆچی کوردانی بۆ ڕووسیاو جێگیربوون لە ئەرمەنستاندا دەگوزرێنن، ئەو ڕۆمانەی حاجی جندی یەکێ لە کوردە ئێزدییەکانی دانیشتووی ئەرمەنستان نووسیویە.

ئەگەر کورد لە بواری نووسینی جۆرەکانی ڕۆماندا هەژارە ئەوا لە نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا حاڵی خراپترە، کەوا گەلانی دراوسێی کورد لە تورك و عەرەب و فارس لەم بوارەدا بەناوبانگن و مەودایێکی فراوانیان بڕیوە. ئەلبەتە هەژاری کوردیش لە بواری ڕۆمانی مێژووییدا

---

(١)- ( BOLSHAYA , SOVETSKAYA ENCYCLOPEDIA ) , VOL – XIV , ٢٩, p.١٩٧٣MOSCOW ,

بەستراوەتەوە بە بارودۆخی خراپ و پەرپووتی کوردەوارییەوە لە هەموو بوارە سیاسی و ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانەوە

دەکرێ ڕۆمانی (وا بەهار هات)ی حاجی جندی لە خانەی ڕۆمانی مێژووییدا پۆلێن بکەین، چونکە ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە کۆڕەوەی کوردە ئیزدییەکان لە دەست زۆرداری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتەوە بەرەو ناوچەکانی قەفقاز.

حاجی جندی ئەو کوردە ئیزیدییە لە هەشتاو سێ ساڵەی تەمەنیدا بەردەوام لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بوو، هەروەها ناوبانگێکی باشی ئەدەبیو ئەکادیمی هەبووە، ئەو بە حوکمی ئەوەی خۆی یەکێکە لەو کوردە کۆچەرو هەڵاتوانەو، شارەزایانە بەدوای ڕووداوەکاندا چووەو شوێن پاڵەوانەکانی هەڵگرتووەو، زۆر وێنەی ئەدەبی جوانی بە وشە گرتووەو بە ئاسانی خوێنەر تێکەڵی گێڕانەوەکانی دەبێت و پەیاموەرگر ناچار دەبێت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بڕوات و چاوەڕوانی پێشهاتەکانی ناو (وا بەهار هات) بکات.

دەرگای ڕۆمانەکە بە نامەیەك لە (مۆسکۆ)ەوە دێت دەستی پێدەکات و، هەر لە سەرتاوە حاجی جندی ڕوومان پێدەکاتەوە مۆسکۆ، چونکە هەموو سەرچاوەی هزرو هۆشی ئەمیش شورەویی مەملەکەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، هەر بۆیە ئەو شۆڕشگێڕەش کە ناچار دەبێت لەگەڵ حاجی جندیدا ئاخ و حەسرەتی بۆ هەڵکیشین وبۆی بگریین. ئەوەتا: " فیۆدۆر لینین- فیریك پۆلات بیکۆف شۆڕشگێری ناوەندی سیبریا لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا دەبێتە قۆمیسەرەو هێشتا لە سێیەمین بەهاریدا بوو "[١].

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە حاجی جندی کوردێکی ئیزیدییەو شایەتحاڵی ستەمی تورکە لە کورد بە تایبەت لە کوردە ئیزدییەکانیش کە پابەند بوون بە دابونەریت و بەهاو بیروباوەڕی باب و باپیرانیان و ئایین لایان زۆر پیرۆزەو، حاجی جندی چیرۆکی جوامێری و قارەمانێتی و سەرسەختی کوردانی لەبەرانبەر دڕندایەتی و بەخوێن تینوێتی داگیرکەرانی لە دیوەخانانەدا لە ئەرشیفی سەری دا هەڵگرتووەو، لە ڕۆمانی (وا بەهار هات)دا هێناویەتیەوە سەر شاشەی خەیاڵ: " ناڵەی ئەو خەڵکە هەژارەی لەسەرە مەرگ دا بوون لەگەڵ هات و هاواری سەربازە دڕندەکانی تورك کە تینووی خوێن بوون، تێکەڵ دەبوون... کاتی تۆڵە سەندن داهات و میرزا ئاغای جوامێر تۆڵەیەکی چاکی خوێنی ڕۆڵە بێ تاوانەکانی خێڵەکەی کردەوە "[٢].

---

(١)- حاجی جندی – وا بەهار هات – ڕۆمان ، وەرگێڕانی جەلال دەباغ ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم ، سلێمانی / ژ/١ ، ٢٠٠٠ ، ل٨

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٢

(٣)- هەر ئەو سەرضاوةية ، ل٣٢

ئەوەی نابێ باس نەکرێ کە حاجی جندی کوردێکی ئیزیدییەو، پەیڕەوانی ئەم ئایینە بە حوکمی کەمینە بوون و ئەو چەوساندنەوەیە لەسەر دەستی پەیڕەوانی ئایینی زاڵی دەوربەریان دووچاری بوون ئەوپەری دەمارگیرییان لە پەیڕەوکردنی ئایینەکەیان نواندووەو، بەم ڕێگای تەعصوبەشدا هەموو پەیڕەوانی هەر ئایینێکی دیکەی جگە لە ئایینی زاڵ و بلاوەیان بە نزیکی خۆیان زانیووە، لەم نێوەندەش دەبێ ئاماژە بە نزیکی کوردی ئیزیدیو ئەرمەنیەکان بکرێت لەو کاتەوە کە حاجی جندی لەسەر زمانی (شرۆ)ی گۆرانی بێژ دەگێڕێتەوە " کە هێزە ئەرمەنیەکان بە سەرکردایەتی قەشەیەکیان بەهانای ئاغایەکی کوردەوە دێن و لەو ساتەوە هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن بوونە براو هەردوو گەل پێکەوە بەربەستی دوژمنی هاوبەشیان کرد "(٣).

ئەگەر لە (وا بەهار هات)دا کوردو ئەرمەن دوژمنێکی هاوبەش کۆی کردنەتەوە کە خەلافەتی عوسمانییە ئەوا بۆ بەرەی ناوخۆی کوردان حاڵ هەروەکو تەباییە لە بیروبۆچوونی حاجی جندیدا ستراتیژییەکی کورد- ئەرمەن نییە، ئەوەتا سولەیمان ئاغا کە کوردێکی ئیزیدییە لە ئایینی بابوباپیرانی هەڵدەگەڕێتەوەو دەبێتە موسڵمان. سەرەتا لە دژی زوڵم و زۆری ئالی عوسمانییەکان شۆڕش بەرپا دەکات، بەڵام دووایی هیچ و شۆڕشەکەی ئەم سەردارە کوردە بە خیانەتی خۆی خامۆش دەبێ: " تەنانەت کوردە موسڵمانەکان کە لە دەنگە دەنگ کۆبۆنەوەی ئیزیدیان بەرامبەر هەڵویستی گلاوی سەرکردەکەیان دەربڕیو لەو ناوەدا قیژەو هاوار بلندبوو "(١).

شایانی ئاماژە پێکردنە کە خیانەت و خەنجەر لە پشتەوە لێدان لە هەر جوڵەو بزاڤێکی سیاسیو کۆمەلایەتیو ڕێکخراوی عەفەوی کوردیدا بوونێکی ئامادەو بەرچاوی هەیەو، تا ئەم ساتە وەختەش و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و فراوان لەسەر چەمکی خیانەت لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی نییە. تۆ سەیرکە مێژووی هەرچی ڕاپەرین و سەرهەڵدانی کوردان هەیە کۆتاییەکەی بە سستی و ساردبوونەوەیە لەناو هەرەسدا. هۆکاری زۆربەی ئەم نۆچدان و سستیەش چەمکی خیانەتە، بەڵام ئەوەی جێگەی قسەیە لە (وا بەهار هات)دا خیانەت لە دەرەوەی ئایینی ئیزیدییانەوە دێو، لەم ڕۆمانەدا هیچ (خیانەت) و (دوو ڕوویی)و (پشتی یەك بەردان)و (چوونە بەرەی دوژمن)ێکی ئیزیدیانە هەست پێ ناکەین.

---

(١)- حاجی جندی – وا بەهار هات ، ل٣٣

ئەم دیمەنە تۆمارکراوەی خیانەت لە دەرەوەی ئیسلامەوە هاتووە، لە لای ڕووناکبیرە کوردەکان و سیاسەتمەدارەکانیشی ئیش کردن بە قەناعەتی پێشوەخت ئامادەو قورمیشکراو گەورەترین زەرەرو زیانی لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ڕووناکبیری کوردی داوەو ڕۆحی کوردی هەلا هەلا کردووە.

کورد وەکو نەتەوە لەسەر زەمینێکی بڕ لەناو بڕو لەیەکتر جیاکەرەوەی جوگرافیدا ژیاوەو دەژیو، لە کوردستاندا مەزهەب و دابونەریتی جۆراوجۆر هەیەو، زۆر نەتەوەی دیکەی لەم چەشنەش هەن، بەلاّم ئەوەی بۆ کورد مایەی نەهامەتییەو دەردە سەری بووە ئەوەیە کە هەلّگری هەر ئاین و مەزهەب و بیروڕایەك کوردەکەی دیکەی تەنیشتی خۆی بە ترسناك و خیانەتکاری خۆی خوێندۆتەوەو لێرەوە کارەسات لەم تێگەیشتنە لەیەکترییەوە کەوتۆتەوە. لە (وا بەهار هات)دا بە ئاسان هەستێکی وەها داتدەگرێ نەوەك کوردە موسلّمانەکان کورد نەبن، یان کەمینەیەکی خراپ و خاوەن ویژدانێکی نەتەوەیی بن ! لێرەوە چەمکی خیانەت ئامادەگی بەهێزی وەردەگرێتەوە ئەوا سولەیمان ئاغایەی لەسەری دەستاین بۆ دووای خۆشی دایك و کەسوکارو نەوەکانی خەجالەتیو سەرشۆرییەوە لەناو کوردە ئێزدییەکاندا دەژێن ! ئەم قسانەی دایکی سولەیمان ئاغا چ مەشهەدێکی شەرماوین " خوا نەوەکانم بگرێ هەلّیان خەلّەتاندن... خاتری خوا لێتان دەپارێمەوە مەیانکوژن "[1]

تەنیا لە خوێندنەوەو تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەی کوردیدا نەوەکانی بە خیانەتی بابوباپیران گلاّو دەبن و، دەبێت باجی ئەو خیانەتە بدەن. ئەمە هۆکارێکی زەق و ئاشکرای شەڕی ناوخۆییو خۆکوژییە لە ژمارە نەهاتووەکانی کوردانە کە شەڕی نەوەیەك دەکرێ بەو نیازو مەبەستەوە کە وێنەیەکی پیس و بۆگەنە لە بابوباپیرە مەبەست و مەرام ناپاکەکەی.

ئەم حالّی بوونە کوردانە لە خوێنی جۆشاوو ڕوومەتی لە کوڕەویدا سەر هەلّگەڕاوی با خۆی شواندا لە کاتێکدا کە لەگەلّ کوڕە کوردێکی موسلّمان بەشەڕ دێ دیارە: " تۆ کێی کوڕی سەگ... تف لە خۆت و باوەکەت و لە دینی تازەتان، دەرچۆ لەبەرچاوم مەمێنە ئەگینا دەتکوژم، بۆ ئێوە باشترە هەر خەرێکی پێلاّو لیستنەوەی تورکەکان بن، ئەی بەکرێ گیراوی ناپاك "[2].

لە ڕۆمانی (وا بەهار هات)دا لە بەرانبەر ئەم پەنابردنە بۆ توندوتیژییەی کوردان لە یەرانبەر یەکتردا، پەناگایەکی ئەرمەنی پڕ لە میهرەبانیی هەیە، ئەرمەنێك لە وێناکردنەکانی (وا بەهار

---

(۱)- حاجی جندی – وا بەهار هات ، ل۳۹-٤۰

(۲)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤۳

هات)دا وەك فریشتە بێ بەرانبەر باڵکانی سۆزو میهرەبانییان بۆ کوردان گرتووە، سێ کوڕە کوردی ئێزیدی قیبلەی دەبێتە ئەرمەنستان و خێڵە ئەرمەنیەکان بۆ قورتاربوون لە زوڵم و زۆری عوسمانییەکان، لەوێش (خاجا دۆڕئا بۆڤیان)ی نووسەری ئەرمەنی هەیە بە تەنیا تا وێنەی ئەم هەموو زوڵم و زۆرو حەسرەت و ناهەقییە دژی کوردان بکێشێ ؟!. ئەگەر بێت و بە چاوێکی ورد سەیری لاپەڕەکانی ڕۆمانی (وا بەهار هات)بکەین دەبینین نووسەر بە شێوەیەکی لاوەکی نەبێت ئاماژە بۆ ڕووداوی کوشتاری کوردو ئەرمەن دەکات و، لە هەمان کاتیشدا تەنیا بە شێوەیەکی بێ لایەنانە باسی ڕووداوەکە دەکات لەگەڵ ئەوەشدا جار جارێك تاوانەکە دەخاتە پاڵ کۆمەڵی دەرەبەگەکانی کورد.

هەموو ناشیرینی و ناوخۆییەکانی کوردان لە دەرەوەدا ڕووی بەهارێك لە جوانی ئەرمەنییە پەنابەرەکان دەبێتەوە، هەروەك مامۆستا ئیسرائیل میراکبیانی ئەرمەنی دێو سوڵح لە نێوان دوو عەشرەتی کورددا دەکات و وەعزێکی پڕ لە عیبرەتان پێشکەش دەکات: " تورکەکان توانیان ئێوە لە دژی ئەرمەنیش هان بدەن، کە دۆستی دێرینی بابوباپیرانتان بوون ".

هیچ کام لە پاڵەوانەکانی حاجی جندی لە گوێگرتن زیاتر لە وەسیەتەکانی مامۆستای ئەرمەنییە پیاو ماقوڵەکەو دۆستە بەوەفاکە وەلامێکی دیکەیان نییە، بۆیە تا ئیستا نەتەوەیەك کە زامەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕێ هەر لە دەرەوە تەڵقین دەکرێو بڕینە خودیەکانی جەستەشی بێ تەشریح و توێژینەوە هەتا دێ کاری دەبن و، چارەسەریش لە خوێندنەوەیەکی وردو مەنتیقی نوێدایە بۆ مێژوو.

## تەوەری دووەم

## ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلی کوردستانی ئێران

## لە ڕۆمانی (پێش مەرگە)دا

### سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی خەبات لە کوردستانی ئێراندا

سەرکەوتن و هەڵسان وەیا ڕووخان و فەوتانی دەوڵەوت و میرنشینەکانی، ئایا ئەم هۆیانە زانراو بن وەیا نەزانراو، هەموو دەوڵەتێك وەیا میرنشینێك وەیا کۆمەڵێك دروستبووە و هەڵساوە وسەرکەوتووە. یەکێك لە هۆکانی فرسەتی گونجاو بووە، ئەم فرسەتانە ئەگەر بەکار بهێنرانایە بۆ

کاری مەبەست ئەگەیشت بە جێگەی سەرکەوتن. هەتاوەکو ئێمە وەکو کەسێکی تاك ئەگەر بتوانین کەڵك لە هەلومەرجی گونجاو بخوازین ئەوا لە باری کۆمەلایەتی و ئابووریدا نەشونمای بەرزمان دەکردو، هەلومەرج وەکو هەوری بەهارە دێت و نامێنێت. ئێمەش لەم باسەدا لەسەرمانە چەند نموونەیەك بهێنینەوە لە مێژووی کورددا پاشان هەڵیدەسەنگێنین لە ڕووی کەڵکی هونەریو ڕامیاریو ئەدەبی وەرگرتنداو، پێویستە لە سەرمان باسی گرنگترین هۆکاری ڕووخان و دواهێنانی دەوڵەت و میرنشینەکانی بکەین، کە ئەویش دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوەو دەرەبەگایەتیە سەرکوت کەرەکان و زوڵم و لەناودان بوو. ئەمانە هەمووی گرنگترین هۆکار بوون کە بەشێکی هەرە گەورەی بووە هەرەسهێنانی کوردەکان لە سەرنەکەوتنی ڕامیاریداو، ئەو نهێنییەی کە لە پشت پێشکەوتنی جیهانی ڕۆژناوادایە لە ڕووی شتومەك و سەربازیو ئابوریو هونەریدا. بەڵێ نهێنی سەرکەوتنی ڕۆژئاوا لەوەدایە کە ئەوەی ئەوان دەوڵەتێك بوون یاساوە ئەیانی برد بەڕێوەو هیچ دەسەلاتێك نەبوو لە دەوڵەتدا لە سەر یاسا بێت.

کورد شۆڕشی کردو، لە یەکەمین شۆڕشدا بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیی ئەمەویدا لەگەڵ عەبباسییەکاندا بە سەرۆکایەتی ئەبو موسلمی خوراسانی. لەو کاتەدا عەبباسییەکان پەیمانیان شکاند لەگەل ئەبو موسلمدا تاوەکو دەسەلات تەنیا بۆ خۆیان بێت و، کوردەکان نەیانکرد پلەوپایی خۆیان بەکار بهێنین لە دەوڵەتی عەبباسیدا جگە لە مەبەستی تاك ڕەوی خۆیان و قەلا دروستکردندا. کاتێك سوڵتان (سەلیم یاوس) کوردستانی ڕزگار کردو، لە ڕاستیدا ڕزگار کردن نەبوو بە تەنیا بەڵکو لەگەڵ میرنشینە کوردەکان ڕێکەوتنێکی ئاسایی هەبوو لە نێوانیاندا بە مەرجی ئەوەی کوردەکان پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن بەسەر دوژمنەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەلام دەوڵەت و هێزە زلهێزەکان دەست و چاوو چالاکییان هەبوو لە کوردستاندا.

کوردەکان چەند شۆڕشێکیان بەرپاکرد بە سەرۆکایەتی شێخە گەورەکان و سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا . بۆ نموونە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی شکاك کە لەسەر دەستی سمکۆ خانی شکاك دروستبووو، دواتر شۆڕشی کۆماری کوردستان لە دوا ڕۆژەکانی مانگی بەفرانباراندا بوو.

لەسەر بانگ گەشەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی کوردستان کۆبونەوە لەهەموو بەرزو نزمییەکی ئەم خاکە لە مەهاباد دابەشبوون لەسەر کەسوکارانی ئەو ناوچانەدا. ئەو خەڵکە کۆبونەوە بۆ پێشوازی لە ڕۆژی دووەم لە مانگی ڕێبەندانداو، ئەو کاتەش کەشوهەوا لە خۆشترین وەرزیدا بووو لە جوانترین شێوەیدا بوو.

یەکەم جار (مامەفەتحی) بەخێرهاتنی میوان و وەفدەکانی کرد، چونکە ئەو بەرێوەبەری شارەوانی شاری مەهاباد بوو، پیرۆزبایی لەگەڵ خەڵکیدا ئاڵوگۆڕ دەکرد. پاشان بەرنامەکانی ئەو ئاهەنگەو شێوە کارەکانی بۆیان باسکردو، پاشان ئەوانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە وتاریان وەیا هۆنراوەیان پێشکەش کردو، لەگەڵ ئەوەدا وتاری بەڕێز عەزیز شەمزینی جوانترو بەخێرترو لە هەموو وتارەکان کورتتر بوو:

١- دوعاو نزای مەلا حوسێن مەجدی.

٢- وتاری قازی محەمەد (سەرۆك كۆمار).

٣- وتاری حاجی بابا شێخ.

٤- وتاری محەمەد حوسێن خان (سەیفی قازی).

٥- هۆنراوەیەکی هەژار.

٦- هۆنراوەیەکی هێمن.

٧- وتاری بەڕێز محەمەد تاها زادە.

٨- وتاری بەڕێز حەسەن شەمسەددین.

٩- وتاری عومەرخان.

١٠- وتاری زیرۆ بەگ.

١١- وتاری محەمەد ئەمین موعینی.

١٢- وتاری بەڕێز عەبدولعەزیز.

١٣- وتاری ابراهیم ادهم.

١٤- وتاری محەمەد فەیزوڵلا بەگینی.

١٥- وتاری محەمەد نانەوا زادە.

١٦- سرودی قوتابخانەی کوردستان.

١٧- سرودی قوتابخانەی پەروانەی کچان.

١٨- وتاری یارەوەیلمە مەیادیان.

١٩- وتاری یار خەدیجە حەیدەری.

٢٠- سروودی قوتابخانەی گەلاوێژ.

٢١- سرودی قوتابخانەی سەعادەت.

٢٢- وتاری ئەحمەدی ئیلخانیزادە.

هەواڵنامەی کتێب

٢٣- وتاری محەمەدی ئەحمەد [١].

بۆ ئەم مەبەستە بەلامەوە لەو هەموو وتارو هۆنراوانە هۆنراوەی شاعری گەورە هێمن هەڵدەبژێرم:

مزگینیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دیموکرات
حیزبی دیموکرات تۆ دەدا نەجات
پیاوەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

کوردەگیان تەورو چاوو دڵت ڕوون
لاوانی وولاّت پاك ئامادە بوون.
تەمای دەیانە ڕاپەڕین، بیزوون
لێوی دوژمنی هەر وەکۆ بدروون
بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

پیك یان هێناو لە شکرێکی چاك
لە لاوی ئازاو بەکار وچالاك
هۆمیدم وایە لاوانی خوێن پاك
بەخوێنی خۆیان بپارێزین خاك
بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

هەموو بەجەنگ وئازاو دلێرن
هەموو بیّ باك و دلّ پاك و فێرن
لەناو سەنگەردا لە وێنەی شێرن
نەتەویّ بیّ شك پیّ پان ناوێرن
بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

(١)- جەلیل گادانی - پەنجا ساڵ خەبات ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ل ٣٦ – ٣٥

پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نەشێر نە پڵنگ
دوژمن ئێمە ناز بکا دەنگی
سینگی دەسمن بەگوللەی تفەنگ

بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

رۆژی بەرگریو شەڕو تەنگانە
پاڵەوانێکە هەریەك لەوانە
بەگوێرەی چاوپیسی بێگانە
ئەورۆ کە ڕۆژ جێژنی کوردانە

بژی دیموکرات.. بژی دیموکرات

*****

پێکهاتەی وەزارەتەکان بریتی بوو لەو بەڕێزانە کە ناویان لە خوارەوە هاتووەو، لە ڕۆژی ٢٢ ی مانگی ڕێبەندان دەستەی سەرەکی نەتەوەیی بۆ کوردستان پێکهاتبوو لە بەرێزان:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | سەرۆکی وەزیران | حاجی بابا شێخ |
| ٢- | وەزیری جەنگ | محەمەد حوسەین خانی (سەیفی قازی) |
| ٣- | وەزیری کشوەر | محەمەد ئەمین موعەینی |
| ٤- | وەزیری ئابووری | ئەحمەد ئیلاهی |
| ٥- | وەزیری گەیاندن وتەلگراف | کەریم ئەحمەدی |
| ٦- | وەزیری فەرهەنگ | مەناف کەریمی |
| ٧- | وەزیری راگەیاندن | صدیق حەیدەری |
| ٨- | وەزیری کار | خەلیل خوسرەوی |
| ٩- | وەزیری بازرگانی | حاجی موستەفای داودی |
| ١٠- | وەزیری کشتوکاڵ | مەحموود وەلی زادە |
| ١١- | وەزیری ڕێگاوبان وپردەکان | ئیسماعیل خانی زادە |
| ١٢- | وەزیری بێهداری | محەمەد ئەیوبیان |
| ١٣- | وەزیری راوێژکار | عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە |

### ١٤- وەزیری داد مەلا حوسێن مەجدی [١]

لە هەڵەکانی کۆماری کوردستان ئەوە بوو نزیکتر بوو لە عەشایەری تاوەکو شارستانیەتیەو، سوپاکە بریتی بوو لە هۆزو عەشرەتەکان کە ژیانیان لەسەر تالآنیەو ڕاو ڕووتکردن بوو. لەبیرمان نەچێت کاری هەندێك لە سەرۆکە سەربازیەکان لە سەرۆك عەشرەتەکان بوو بە هۆکارێك کە زۆرێك ڕقیان هەڵبستێت لە کۆماری کوردستاندا وەیا بۆ ناشیرین کردنی ناویان و، سوپای کوردستان بریتی بوو لەم هۆزە کوردیانە:

١-عەشیرەی بارزانی بە سەرۆکایەتی مەلا موستەفا - ١٢.. پیادە.

٢- عەشیرەتی بارزانی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد - ٩.. پیادە.

٣- عەشیرەتی جەلالیەو مەلانی - ٤.. سوار.

٤- عەشیرەتی شکاك بە سەرۆکایەتی عومەر خان - ٨.. سوار.

٥- عەشیرەتی شکاك بەسەرۆکایەتی سمکۆخان - ٥.. سوار.

٦- عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی ڕەشید بەگ - ١...سوارو بەگزادە بەسەرۆکایەتی نوری بەگ.

٧- عەشیرەتی هەرکی بە سەرۆکایەتی زیرۆ بەگ - ٧.. پیادە.

٨- بنەماڵەی سەید عەبدوڵلآ گیانی زادە بە سەرۆکایەتی سەید فەهیم - ٢.. سوار.

٩- عەشیرەتی زەرەزا بە سەرۆکایەتی مورخان - ٣.. سوار.

١.- قەرەپاغ (تورك) بە سەرۆکایەتی پاشاخان وخەسرەوخان - ٥.. سوار.

١١- عەشیرەتی مامشی لقی کاکە عەبدوڵلآی ماردی - ٤.. سوار.

١٢- عەشیرەتی مامشی لقی کاکە هەمزە نەلوسی ئەمیر عەشایەری - ٥.. سوار.

١٣- عەشیرەتی پیران بە سەرۆکایەتی عومەر ئەمین ئاغاو قەرەنی ئاغا - ٣.. سوار.

١٤- عەشیرەتی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی عەبدڵلآ بایەزیدی - ٣.. سوار.

١٥- عەشیرەتی مەنگوڕ بەسەرۆکایەتی عەلیخان و ئیبراهیم سالاری - ٤.. سوار.

١٦- عەشیرەتی گورگی سەردەشت بە سەرۆکایەتی کاکە ئاغا محەمەدی - ٢.. سوار.

١٧- عەشیرەتی گورگی مەهاباد بە سەرۆکایەتی بایەزید عەزیز ئاغا - ٣.. سوار.

١٨- عەشیرەتی گورگی سەقز بە سەرۆکایەتی عەلی جواغەریو محەمەد ئاغاو حاجی ئیبراهیم

---

(١)- جەلیل گادانی - پەنجا ساڵ خەبات، ل٤٤-٤٣

ئاغا - ٤.. سوار.

١٩- عەشیرەتەكان و خەڵكی سەردەشت - ٥.. سوار.

٢.- لقی سویسنی - ١.. سوار.

نامانەوێت لەوە زۆرتر باس بكەین و ئەوەندەمان باسكرد كە تەواو بێت[١].

گەلی كورد دابەش دەبێتە سەر نزیكەی (٣.) سی عەشیرەت زۆرینەی زۆری خەڵكی شوێنانی ئاوەدان و جێگرە[٢] بەپێچەوانەی عەشرەتە كوردەكانی عێراق كە زۆرینەیان كۆچەری بوون و، بەشێك لە عەشرەتە كوردەكانی ئیران نیوە كۆچەریەكن لەنێوان گەرمیان و كوێستاندا. گرنگترین عەشرەتە كوردەكان بە عەشیرەتی موكریو دیبوكریو شكاك و كەڵهوڕو سنجاویو گۆران و بلباس و جەلالیو جوانڕۆ دەژمێردرێت[١].

## سمكۆ خان گەورەی هاوپەیمانی شكاك

سمكۆ گەیشتە سەرۆكایەتی باڵای شكاك و، شكاك دووهەمین گەورەی هاوپەیمانە عەشایەری كوردییە لە ئیران، چونكە هیچ لەوان زۆرتر نەبوو جگە لە هاوپەیمانیەتی كەڵهور كە لە ڕۆژ ئاوایی كرماشان ئەژێت و، عەشیرەتی شكاك لە ناوچەكانی سۆمار و برادۆست ئەژیان كە ناوچەكە گەلێك شاخاوییەو لە خۆرئاوای سەلماس و ئورووسییە[٢].

لە ڕاستیدا هەرچەندە ژمارەی شكاك كەمتر بوون لە ژمارەی كەڵهور، بەڵام بەهێزترین هاوپەیمانە كوردیەكان بوو لە ڕووی جەنگ و سەختی یەوەو، هێزی شكاك ئەگەڕێتەوە بۆ جەعفر وەیا سمكۆ ئاغاو، پێویستە لەسەرمان باسی سمكۆ بكەین. دەركەوتن و ناودەركردنی مێژووی ئیسماعیل ئاغای شكاك ناسراو بە سمكۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش جەنگی یەكەمی جیهانی بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتە ئیرانییەكان توانیان برا گەورەكەی بكوژن لە ڕێی پەیمان شكاندن لە ساڵی ١٩.٥ لەبەر پێوندی بە شۆڕشگێرە ئیرانییەكانەوە. هەر لەو كاتەوە سمكۆ پێوەندیەكی توندو تۆڵی بەست لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەدەرخان و لەگەڵ ڕووسەكان كە چەند جارێك ئاماژەیان

(١)- جەلیل گادانی - پەنجا ساڵ خەبات ، ل٤٨

(٢)- د. كمال مظهر – دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، مطبعة الأمانة العامة للثقافة والشباب ، اربيل ، ص٢٢٧

(١)- د. كمال مظهر – دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، اربيل ، ص٢٢٨

(٢)- جليل گادانی – پەنجا ساڵ خەبات ، ل ٥٢

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە

به ناوی کردوەو بە چالاکیەکانی لە ڕاپۆرتە دیبلۆماسییەکانیان و، ناوی لە ڕاپـۆرتێکی ڕووسـی تایبەتدا هاتووە.

لە ساڵی ١٩١٤ دا ناوی سمکۆ ناسراو بوو لە دیبلۆماسیەتی ڕووسیو تورکیو ئیرانیـو، لـە وەزارەتەکانیاندا بەشێکی گەورە بوو دەربارەی سمکۆ[٣]. سەرەرای ئەو هـەموو هەڵانـە کـە سمکـۆ ئەنجامیدا بەرانبەر بە مافی ئاسووریو ئازەربایجانیەکان بەڵام هەڵوێسـتی ڕوون و ئاشـکرا بـوو دەربارەی مافە ڕەواکانی بۆ گەل و ڕۆڵـەکانی خۆیـو، لـە شـاری (ئوروسـییە) ڕۆژنامەیـەکی دەرکرد بە ناوی (ڕۆژی کورد شەوی عەجەم). سمکۆ بە ڕاسـتی سەرسـەختترین سـەرۆك بـوو کـە ئیرانییەکان ڕووبە ڕووی بوونەوەو، حاکمی تەورێز کە (موکەڕەم مەلیك) بـوو ناچـار بـوو پـەنای بردە بەر تەکنیکی نوێو دیارییەکی بۆ سمکۆ نارد کە هەرکەسێك تەماشای دەکـرد وای دەزانـی شیرینییە. بەڵام لە ڕاستیدا پڕ بوو لە تەقینەوەو لوغم ڕێژکراوەو کاتێك تەقییەوە بـوو بـە هـۆی کوشتنی برایەکی بچووکی سمکۆو زۆرێك لە پاسەوانانەکانی، بەڵام شکستی هێنا بۆ لەناو بردنی سمکۆ و ئازاردانی.

## شۆڕشی سمکۆ لە ساڵی ١٩١٩دا

لە مانگی شوباتی سـاڵی ١٩١٩و، بـۆ ڕێخۆشـکردن لـە بـەردەم پێکهێنـانی دەوڵـەتێکی سەربەخۆ سمکۆ کۆبونەوەیەکی بەست کە زۆرینەی گەورە عەشرەتەکانی کوردی تیایـدا بـوو لـە کوردستانی ئیران و بڕیاردرا لەسەر دواخستنی ئەم شۆڕشە تاوەکو ولاتە زلهێزەکان بـەرەو کـوێ هەڵوێست دەگرن.

هەروەها نوێنەری گەورەی بەریتانی (ئـای، تـی، ولسـن) گفتوگـۆی هـەبوو لـە ڕێگـەی نامـە گۆرینەوە دەربـارەی یارمەتیـدان بـۆ پێکهێنـانی دەوڵتێکـی سـەربەخۆ، بـەڵام سمکـۆ پـەیمانی دیـاریکراوی ڕوونـی دەسـت نەکـەوت[١] . سمکـۆ چـاوەروانی نـەکرد تـاوەکو گـەورە پیـاوانی عەشرەتەکانی دیکە شۆڕشەکەیان ڕابگەیەنن و، دەسەڵاتی سەر شاری (دیلمان)وە زۆری نـەمابوو دەسەڵات بگرێتە سەر شاری تەورێز.

---

(١)- کریس کۆجیرا – مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا ، وەرگێڕانی : محەمەد ریانی ، چاپخانەی کاروان ، تەهران ، ١٩٩٧، ل٩٥

(٢)- عشائر شکاك وشرح زندگی اغا بەهیری اسماعیل اغا ( سمکو ) ، تاران ، ١٣٤٨ ، ل ٤٢-٤٣

# ڕێکخستنی سوپای سمکۆ

لە ڕاستیدا گەورەترین خاڵی لاوازی لە جموجوڵەکەی سمکۆ ئەوە بوو پێویستی هەبوو بەهەر جۆرێك بێت لە جۆرەکانی ڕێکخستنی شێوەیی، چونکە هیچ شتێك نەبوو لە ڕێکسختنی جگە لە تۆڕێکی عیلاقاتی تایبەت بە سمکۆو هیچ جۆرە ڕێکخستنێك نەبوو بۆ پیاچوونەوەو، هەروەها نەوەکو حوکمەت بوو نەوەك ئەنجومەنی جەنگ[٢].

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢١دا سمکۆ توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر تەوڕێزو دەریاچەی ئۆرمیێو شاری (ئورمیە)و پاشان ڕۆیشتە شاری (مەهاباد)و لە مانگی تشرینی یەکەمداو لە ماوەیەکی کەمدا شارەکانی (سەڵماس) و (خوی) و (سلدز) و (سقز) و (بانە)ی ئازاد کرد[١] و، لەنێوان ساڵانی (١٩٢١ - ١٩٢٢) ئەوترا سمکۆ هێزێکی تورکییەو دەوڵەتی ئەنقەرە داینەوە لە ژێر کاروباری خۆیدا وەکو ئیرانییەکان و ئینگلیزەکان گومانیان لێدەکرد. سەرەڕای ئەوە ڕۆژێك هیچ بنەمایەك بۆ ئەم گومانانە دەرنەکەوت و، پێش ئەوەش لە ساڵی ١٩١٨دا هێزی تایبەتی سمکۆ پێکهاتبوو لە چەند سەدێك لەو سەربازە پێشوانەی لە سوپای عوسمانی کە کاتی خۆی چەك کرابوون وەیان ڕاهێنرابوون بە چاکی لە لایەن ڕاهێنەرە ئەڵمانیاکانەوەو، لە ساڵی ١٩٢١دا لە دوای شکستهێنانی سمکۆ ناچار بوو بۆ تورکیا بچێت لەپێناو وەرگرتنی پاڵپشتی بەریتانیاو بێزار نەبوو لێیان و، لە ساڵی ١٩٢٤دا بۆ ئەوەی پەرە بە شۆڕشەکەی بدات سەر لەنوێ ناچار بوو خاکی ئیران بەجێ بهێڵێت.

دوای جموجوڵێکی بە خێرا زانراوو لە بەر خراپ دانانی سیاسەتی دیکتاتۆریانەی ئیرانی لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٩دا شەڕو پێکدادان دروستبوو لە نزیك شاری مەهابادو لە بەر قەبوڵ نەکردنی هەوڵی حکومەتی ئیرانی لە سەر زۆر کردن لە کوردەکان کە جلوبەرگی (فرەنجیەکان) لە بەر بکەن و، لە نێوان ساڵانی ( ١٩٣٦ — ١٩٣٩) لە ناوچەکانی (سنە) و (هەورامان) ڕاپەڕینێکی جەماوەری جووتیاری ڕووی دا، بەڵام چونکە بێ ڕێکخستن بوو بۆیە سەرکوتکردنی ئاسان بوو ئەویش بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ (ئەمیری ئەحمەدی) کە هیچ کەمی نەکردوەو دەریغی نەدەکرد لە خوێن ڕشتنی بێ تاوانەکان بەبێ دەست پارێزی[٢].

---

(١)- عشائر شكاك وشرح زندگى اغا بەهيرى اسماعيل اغا ( سمكو ) ، ل ٤٢-٤٣

(٢)- د. كمال مظهر احمد ، نفس المصدر ، ص٢٥٤

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٢٥٤

له نێوان ساڵانی (١٩٣٤ - ١٩٤.) ئـێران هەڵسـا بـه لەسـێدارەدانی ١٢. کـورد لـه نـاو زندانیەکاندا [٣] و، کۆماری کوردستان پێکهات، بەڵام له بەرئەوەی دەسەڵات تیایدا بـۆ ئاغـاو گەورە پیاوانی عەشرەتەکان بوو لەبەرئەوە بەشی هەر شکست و ڕووخان بوو، بەڵام قازی محەمـەد هەر کەسایەتییە نەمرییەکی بۆ مایەوە لەبەر ئـەوەی تـا مـردن ئـەو خـەباتی کـرد لـه پێنـاو گەلەکەیدا.

قازی محەمەد له بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی موکریانەو، ساڵی ١٩.. له دایکبـووەو، لـه شاری مەهاباد زانستەکانی لەسەردەستی باوکی (میرزا عەلی) خوێنـدووە کـەوا قـازی بـوو لـه ناوچەی موکریاندا.

قازی محەمەد زۆر شەیدای ئەدب بووەو، له منداڵییـەوە بێـژەری هۆنراوەکـانی شـاعری مـەزن حاجی قادر کۆیی بووو، دوای ئەوەی فێری زمانی عەرەبیو فارسی بوو بایەخێکی گەورەی دا بـه ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی و، پاشان فێری زمانی تورکی و ئینگلیزیو ڕووسی بوو[١].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا پیاوێکی لێهاتووو ڕۆشنبیر بووەو دەستیکرد بـه وانـه وتنـەوە لـه ساڵی ١٩٢٢ تاوەکو کرا به بەرێوەبەری زانیاریەکان له ساڵی ١٩٢٦داو، هـەروەها لـه سـاڵی ١٩٣١ کرا به قازی شاری موکریان و، لەسەر کاری قازیەتی مایەوە تاوەکو کۆتایی جـەنگ و، ئەوسا قازی کۆنفراسی خۆی له ساڵی ١٩٤٢ بەست. ڕۆژی ١٦ی مانگی ئـابی سـاڵی ١٩٤٥ لەگەڵ چەند کەسایەتێکی دیار حیزبی دیموکراتی دامەزراندو، لـه مـانگی تەشـرینی یەکـەمی ساڵی ١٩٤٥ حیزبی دیموکرات یەکەم کۆنفراسی خۆی بەست. له مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ حیزبی دیموکرات یەکەم ڕۆژنامەی به ناوی (کوردستان) دەرکـردو، لـه سـاڵی ١٩٤٧ سوپای ئێرانی خراپترین جۆری تاوانی دژ به خـەڵکی ئازرەبایجانیـەکان و کوردەکـانی ئەنجامـداو، چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار دووپاتی دەکەنەوە که ژمارەی ئەو خەڵکە دیموکراتی خوازانـەی لـەو ڕۆژانە گەیشتە ١٥ هەزار کەس و، خەڵکێکی زۆر دەستگیرکران. دوای حوکمدانێکی بەرچاویو شێوەیی حوکمی له سێدارەدان درا بەسـەر قـازی محەمـەدو براکـەی (سـەدر). قـازی ئەنـدامی پەرلەمانی ئێرانی بوو، قازی محەمەد ڕوو به ڕووی مردن بوو به هەموو چاو نەترسییەك[٢]. ئـەم حکومەتە نیشتمانییە خەباتی کەمتر له ساڵێك خۆی کرد، بەڵام لـەو کاتـەدا سـوودێکی زۆری هەبوو بۆ گەلی کوردو[١]، بەپێی وتەی قاسملۆ " کۆماری کوردستان هەرچـەندە لـه شـوێنێکی

---

(١)- د٠ کمال مظهر احمد – نفس المصدر ، ص ٢٥٤

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٦٢

(١)- جەلیل گادانی - پەنجا ساڵ خەبات ، ل٥٨

بچووکدا بووو تەمەنێکی کورتی هەبوو، بەڵام لە خەباتی کورددا شوێنێکی گەورەو مەزنی هەیە "[٢]. قازی مەحەمەد شوێنێکی گەورەی هەیە لە ناو هەموو شاعرەکاندا وەك مەلا مەعروف و هەژار و هێمن و خاڵەمین و، ناویان بە چاکی لە هۆنراوەکانیان بردووە[٣].

## حاڵی حیزبی دیموکرات پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان

دوای ئەو ڕووداوە خەفەت بارانەو، دوای کوژرانی کەڵە پیاوانی کۆماری کوردستان و هەڵهاتنی هەندێك لە سەرکردەکان و دەستگیر کردنی هەندێکی دیکەیان و، دوای کوشتنی هەزاران لە ڕۆڵەکانی (ئازەربایجان) لە شەڕە ڕاستەوخۆکاندا لەگەڵ کوردو، گەڕانەوەی دەسەلاتی ئیرانیو هاتنەوەی پیاوانی شا بۆ تەوریزو گشت شارەکانی دیکەو، لە ڕێگەی لەسێدارەدانی تێکۆشەرە کوردەکانەوە کە چالاکیان دەنواند وەیا لە ڕێگەی ناردنیان بۆ دادەوەری سەربازی.

دوای دوورخستنەوەی زۆرێك لە خەڵکان و کەسوکاریان بۆ شارە گەورەکانی دوور لە هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان[٤] و، دوای ترس داماڵانی ڕژێمی شا لە جموجوڵی نەتەوایەتیدا دوای ئەمانە هەر هەمووی لە ١٥ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی - خۆری فەتوایەك بە کافرکردنی حیزبی دیموکرات ڕاگەیەنراو ئەو حیزبە هەڵوەشێنرا و[٥]، لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٥ کۆچی - خۆری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دامەزرێنراو[٦]، ئەم پارتە نوێیە درێژە دەر بوو بە پارتە هەڵوەشێنراوەکە.

## ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا

ئەم ڕۆمانە لە سەردەمێکدا نووسراوە، کە ئەو کاتە ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا زۆرکەمبوو، ئەوکاتەش هەتا چیرۆکی کورتی کوردیش خۆی لە باسێکی وەها ناسکدا نەداوە، کە بۆ ئەو

---

(٢)- کریس کۆجیرا – مێژووی کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠ ، ل٢٨

(٣)- نەوشیروان مستەفا ، حکومەتی کوردستان ، ل٦٩

(٤)- جەلیل کاوانی - ٥٠ ساڵ خەبات ، ل٦٣

(٥)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ٦٧

(٦)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٦٨

هەولنامەی کتێب

سەردەمەی کۆماری کوردستان ڕووداوێکی تازە بوو. بۆیە ڕەحیمی قازی(*) زۆر بۆیرانەو ڕاستگۆیانە ڕووداوە زیندووەکانی کۆماری کوردستانی لە ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە کردووەو، لە ڕێگای پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا کەسایەتی قازی محەمەد وەك سەرکردەیەکی لێهاتووو شارەزا بەرچاو دەخاو، ئەوەشی لە بیر ناچێ کە بەشێك تەرخان بکات بۆ هەوڵ و تێکۆشانی کومەڵەی (ژ.ك)(*) و پاشان دامەزراندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان. هەرچەندە ئەم ڕۆمانە ڕووداوەکانی زۆر بە زەقی بەرچاو خستووەو زۆر جار لە وتاری مێژوویی نزیك دەبێتەوە، ئەمەش لەوەوە دێت کە ڕۆماننووس خۆی پسپۆری لە مێژووی کوردیدا هەیەو لە سەر خەبات و چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئیران دکتۆرای لە زانکۆی باکۆ هێناوە، بۆیە کارلێکراوی وتارە مێژوویەکانی لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیداوەتەوە.

## بۆچی ناوی پێشمەرگەی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە ؟

لە مێژووی گەلی کورددا شۆڕش و بزووتنەوە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا ڕوویداوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەشداری ئەو شۆڕشانەی کوردیان کردووە بە ناوی پێشمەرگەوە نەناسراون. بۆیە خەباتی گەلی کوردی ڕۆژ هەلآت بۆ ئەو سەردەمە لە هەموو ڕوویەکەوە مۆدێرن

---

(*)- لە چاوپێکەوتنێکدا ڕۆژی یەکشەممە ٢/٤/٢٠٠٢ لەگەڵ د٠ کەمال مەزهەر ئەحمەد سازمدا دەربارەی کەسایەتی ڕەحیمی قازیو ڕۆمانەکەی وتی : "تاوەکو بڵێی کوردێکی پاك بوو ، قەلەمی ڕەوان بوو، لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠ وەك برا بووین ، هەردووکمان پێکڕا لە ئەنتیستیۆتی گەلانی ڕۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست سەر بە کۆڕی زانیاری لە باکو کارمان دەکردو ئەدەب دۆست بوو. لە کاتی خۆیدا ڕۆمانی ( پێشمەرگە )ی لەگەڵ مندا ناردەوە بۆ بەغداو تیایدا چاپکرا.. نووسین و بەرهەمی کەمبوو، بەلأم باش و نموونەیی بوو .. هەوڵی دەدا لە گشت کۆنگرەکاندا ئامادە بوایەو، هەردەم بابەتێکی لە بارەی مێژووییەوە پێشکەش دەکرد.. لە دایکەوە ئازەری بووو ، لە شاری مەهاباد ژنی یەکەمی هێناو کوردبووو کوڕێکی لیٚ هەبوو بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لە دەستداو، لە ولأتانی شۆرەیی ژنی دووەمی هێناو دوو کچی جوانی لیٚ هەبوو کە ناویان ( مریەم وەیا ماریا )و ( کەتان وەیا کارنیا ).

د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ وەك سەرۆکی لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکەم لە ڕۆژی تاوتوێکردنەکە ئەوەی ڕوونکردەوە کەوا حەسەنی برای ڕەحیم قازی لە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستداوە نەك کوڕەکەی ڕەحیمی قازی ٠٠٠ – لێکۆڵەر -

(*)—کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ( ژ.ك ) لە ساڵی ١٩٣٨دا دروستبووو، بۆ زیاتر شارەزایی بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ١٢٢ی لاپەڕە (٢٥٧)ی کتێبەکەی د. کەمال مەزهەر:- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر

بوو، ئەگەر بەراورد بكرێت لەگەڵ شۆڕشەكانی شێخ مەحموودو شێخ سەعیدو شۆڕشەكانی دیكەدا كەوا لەوان جیاوازترە. بۆ نموونە بۆ یەكەم جار لە مێژووی كورددا حیزب حوكمەت دروست بكات و، بۆ یەكەم جار بەو كەسانەی دەبنە پارێزەری نیشتمان پێیان بووترێت پێشمەرگە، بۆیە نووسەر یە ئاگایانە ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، چونكە زانیوویەتی كە ئیتر (پێشمەرگە) ڕابەری گەل دەكات ئیتر ئەوە پێشمەرگەیە گەلی كوردی پێدەناسرێتەوەو، ئەوە پێشمەرگەیە لەو كەسانە جیا دەكرێتەوە كە بێ حیزب بزووتنەوەیەك بەرپا دەكەن.هەر ئەم ڕۆمانە(*) بوو پێشمەرگەی بەو دەسەڵاتە زۆردارانە ناسان كە لە ڕاست ئەو ناوە دەشڵەژان و، هەر ناوی ڕۆمانەكەی ڕەحیمی قازی بوو لای زۆرداران لەسێدارەدرابوو، ناو هێنانی قەدەغە بوو. بۆیە باسكردنی ڕووداوەكانی كۆماری كوردستان لە ژێر ناوی پێشمەرگەدا بەرجەستەكردنی كەسایەتی ئەو كەسانەیە كە خوێنی خۆیان كردۆتە لەپەوە بۆ بەرگری كردن لە ئینسانەكان. ئەم ڕۆمانە لە ڕێگای باسكردنی دڵداری لە نێوان دوو دڵداردا پەل بۆ باسە كۆمەڵایەتییەكان ڕادەكێشێو، ئەو دابونەریتانەی كە لەنێو كورددا باوە وەكو مەسەلەی ژن بە ژن و بابەتی ڕاوو لەگەڵ چەند بابەتێكی كۆمەڵایەتی دیكە ئەوەش بەرگێكی دیكەی بە ڕۆمانەكەی بەخشیوە.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا ڕووداوە مێژووییەكانی لەگەڵ مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان وەها تێكەڵكردووە، كە ئەویش ڕادەی زیرەكیی ڕۆماننووس بەدەردەخات لە نەخشەكێشانی شێرازەی ڕۆمانەكەدا، چونكە بۆ ئەو سەردەمەی كە ڕۆمانەكەی تیا نووسراوە مەسەلەی كۆمەڵایەتیو ڕامیاریو مێژووییەكان پێكەوە گرێ ئەدران بۆ چوونە ژوورەوە لە ڕۆمانەكە بە وشەیەكی جوان دەست پێ دەكات كە ئەو كاتە وەسفكردن شتێكی باوبوو لە ڕۆماندا، بۆ نموونە " زستانی كوردستان هێندە ساردو سڕە كە كەمی ماوە خوێنی نێو ڕەگی مرۆیان بمەیەنێ، تف هەڵاوی دەبێتە سەهۆڵ و دەكەوێتە سەر عەرزەكەو وردو خاش دەبێ "(١). ئەمە دەستپێكە بۆ ڕۆمان تێمان دەگەیەنێ كە وەرز زستانە، پاشان دەچێتە سەر شانۆی ڕووداوەكە واتە شوێنی ڕوداوەكە كەوا " گوندی (كانی سەوزە) لە نزیك (سەقز) هەڵكەوتووەو، گوندێكی هەرەخۆش و بەردیمەنی كوردستانە "(٢). لێرەدا شوێنەكەش دیاری دەكات و وەسفێكی چڕی ئەو گوندەش دەكات پاشان

---

(*) د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە ڕۆژی تاوتوێكردنی ئەم نامەیە وەك سەرۆكی لیژنەی تاوتوێكردنەكە ڕایگەیاند: " من لە پێشەكی ئەم ڕۆمانە ناوی ڕۆمانم لەم دەقە ناوە، بەڵام ڕەحیمی قازی وەك خاوەن و نووسەری ئەم دەقە هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی كەوا ئەم دەقە پۆڤیستە (واتە چیرۆكی درێژ) نەك ڕۆمان .. "

(١)- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە، لە بلاوكراوەكانی بنكەی ( تیشك )، مەهاباد، چ/٢، ١٩٧٠، ل١

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١

کەسێك لەو گوندە دیاری دەكات بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوەوە چیرۆكەكە بگێڕێتــەوەو كــاك مەمەنــد دەبێتە ئەو كەسەو چاوی كامێرای ڕۆمــاننووس دەچـێتە ســەری " كـاك مەمەنـد یـەكێك لـەو ڕەشاییانە بوو كەسی بە ڕێ دەكردو نۆ مانگی تەواو بە خاوە خێزانەوە لە زەوی ئاغا كاری دەكـرد وەڕۆژی ئەژی زستانی وەسەریەك دەنا "(٣). لەم دێیەدا ململانێ دروست دەبێت لـە نێـوان كاكـە مەمەند كە لە بەرەی جووتیارانە لەگەڵ ئاغای گونـد كـە (قـەرەنی ئاغــا) نوێنـەریتی‌و، ئـەو ململانێیەش لە زستانی ساڵی ١٩٤٥ دەست پێ دەكات " لە زســتانی ســاڵی ١٩٤٥ دا هــەر ئەو شەوەی كە كاك مەمەند بۆ خاتری وەدەست هێنانی پاروە نانێك لەگەڵ كەرەكەی بەو سەرماو سەغڵەتیە لە كونە ئەشكەوتەكە "(٤).

ڕۆمـاننووس شوێنی ڕووداوەكەو كاتی ڕووداوەكە دەستنیشان دەكات و وردەكارییەكانی دیكـە لە سنووری ڕۆمانەكە دەستنیشان دەكات، پاشان دێتە سەر (قەرەنی ئاغـا) كـە نوێنـەری ئـەو دەرەبەگانەیە كە نەك هەر خەڵكی گوندەكە دەچەوسێنێتەوە بەڵكو خیانەتیش لـە میللەتەكـەی خۆیان دەكەن و دەبنە پارێزەری ئەو كەسانەش كە میللەتەكەی لەناو دەبەن. واتە (قەرەنی ئاغـا) نوێنەری دوو دەستە دەكات.. بۆیە ڕۆمـاننووس لە ڕۆمانەكەیدا زۆر لەسەر كەسایەتیی ئەم خاینە دەوەستێ‌و هەڵسو كەوت و پیلانەكانی دژی نەتەوەكەی بە وردی نەخشــە دەكێشـێ‌و وەهاهەسـت دەكەیت كە ئەم ئاغایە لە خۆی ئەدوێ، كە ئەمەش خاڵێكی زیندووی ئەم ڕۆمانەیـە نـەك هــەر شێكردنەوەی كەسایەتی ئەم خاینە، بەڵكو زۆربەی كەسایەتی ئەم ڕۆمانە ڕۆمـاننووس بۆ ئـەوەی ڕووداوەكانی كۆماری كوردستان بەرجەستە بكات لەنێوان گفتوگۆكانی (قەرەنی ئاغا)ی خاین و سەرۆكی دایرەی ژاندرمەی سەقز (سەرگورد شیمرانی) باس لەو ڕووداوە مێژووییە دەكات لـەوەوە دەست پێ دەكات كە سەر گورد ڕوو لە قەرەنی ئاغا دەكاو دەڵێت: " ئەی پدەر سوختەی ئەحمەق ! هیچ ئەوەی دەزانی كە، هەتا ئیستا ٢٥ كەس لە لادێی تۆ چوونەتە مـەهابادو بوونەتـە پـێش مەرگە ؟ بە گوێرەی ئەو دەنگ و باسەی كە پێمان گەیشتووە هێـزی پـێش مەرگـە بۆكـان یـان گرتووەوەو بۆ لای سەقز وەڕێ كەوتوون، هەردەڵێی لۆكەت لە گوێ ئاخنیوە و ئاگـات لـە دنیـای براوە، پیاویش هێندە گێژ دەبێ ؟ لەو كاتەدا پیاو وا بەدەم و دەزگاوە خۆی بۆ ڕاو حـازر دەكـات ؟ هیچ ئەوەی دەزانی كە هێندێك لە پیاوە دەوڵەمەندەكانی سەقز لە ترسـان بارگـەو بنـەیان تێـك ناوەو بەرەو تاران خەریكن هەڵدێن ؟ ئەتۆش لە گوێی گادا نوستووی، بە جوققەی پاشا قەسـەم

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢

(٤)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٩

ئەگەر پێش مەرگەکان بێنە ئێرە بەزمی سەگانت پێ دەکرێ وحەلات پێ دەکەن. ئەو ڕۆژنامە کوردیەیەی کە لە مەهاباد دەردەچێ سیایی تەواوی ئەو ئاغایەنەی نووسیبووکە، خزمەت بە دەوڵەتی شاهانشاهی دەکەن، وەنێوی تۆش لە ژووررووی هەموانەوە بوو ڕۆژنامەکە ئێوەی بە نیشتمان فرۆش و چڵکاو خۆری بەردەگای پاشا نێو بردووە "[١]. ئەم گفتوگۆیەی سەرگورد شەمێرانی ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ قەرەنی ئاغا کە ئاگای لە خۆی بێت و، ترسیشە کە پێی ڕادەگەیەنێ کە لەو ڕۆژنامەیەی زمانی کۆماری کوردستان ئەم ناوی لە لیستەی خاین و نیشتمانی فرۆشانە، بەلاّم نووسەر دەڵێت: " قەرەنی ئاغا یەکێك لەو ئاغایانە بوو کە لە پاش تێك چوونی دیکتاتۆری ڕەزاخان سوارەی پڕ چەك بۆ خۆی سازکرد بوو، هەمیشە سەد سوارێکی تەیاری بە دواوە بوو، قەرەنی ئاغا بە پێچەوانەی بەش زۆری ئاغاوەتی کوردستان هەر لە پاش تێك چوونی دیکتاتۆری ڕەزاخان نۆکەرایەتی حکومەتی ڕەچاو کردو هەر جیا لە وەرگرتنی چەك و قورخانە هەموو مانگی پارەیەکی زۆریشی وەردەگرت، قەرەنی ئاغا لە مەڵبەندی سەقز ببووە قولە چوماغی حکومەت و چەند کەرەت بزوتنەوەی لادێ یەکانی وە بەرگوللە دابوو، قەرنی ئاغا لەبەر هەستی نیشتمان فرۆشیو خراپکاری نەزەری کاربەدەستانی ئینگلیزیش بۆلای خۆی کێشابوو وەچەند جارێك کاربەدەستانی ئینگلیزی لە سنەو کرماشانەوە بە نێوی (میوان) هاتبوونە ماڵەوی و ئەسپاردی پێویستیان دا بوویە "[١]. بە وردی نیشاندانی ئەم کەسایەتییە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم کەسایەتییە بە تەنیا ئاغا نەبووەو دەسەلاّتی تەنیا بەسەر گوندەکەی خۆیدا هەبێ، بەڵکو باندێکی چەکداری جاسووس بووە لە ناوچەی سەقزو، ئەو بە تەنیا سەر بە دەوڵەتی مەرکەزی نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ئەو هێزانەش پێوەندی جاسووسی هەبووە کە ئێرانیان داگیر کردبوو. کەواتە ئەم کەسایەتییە لە نێوان دوو داگیرکەری کوردستاندا پێوەندی بەتینی هەبووەو، ئەم کەسایەتییە لەسەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورددا دەورێکی بالاّی هەبووەو، زۆر بێ باکانە ڕوو لە سەرگورد شمیران دەکاو و دەڵێ:" جەنابی ڕەئیس، خۆ ئەگەر هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ لە قارەمانەتیو مەردایەتی بەندە بەڵەدی. دوو ساڵ لەمەوپێش موقعێك کە کرمانجە پابورەهنەکان خەریك بوون شوعبەی کۆمەڵە لێرە بکەنەوە، ئەمن کارێکی وام بەسەر هێنان کە با بە دەواری شڕی نەکردبێو بە نوێژی نیوەڕۆ دوو کەسم لەوان بەختەکرد. تا تەواوی

---

(١)- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە ، ل١٤-١٥

(١)- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە ، ل١٦

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٧

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٩

هەواڵنامەی کتێب

لادێییەکانی ئەترافی سەقزم ترساندووە "[٢]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە رابردووی هەیە لەسەر دەمکوتکردن و ترساندنی خەڵکی ئەو ناوچەیەو لاوازی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو ناوچەیە فاکتەرێکی دیکەی بەهێز بوونی قەرەنی ئاغایە. پاشان بەراوردێك بۆ سەرگورد دەکا لە نێوان چەکو تەقەمەنی حوکمەتی شاهەنشاو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆیە ئاغا دەڵێت: " جەنابی سەرکار ! ترس لازم نیە سوارەی موسەللە حی من و تیپی موسەللە حی ئێوە لە سەقز پەدەری پێش مەرگەکانی دەردێنێو ئەعلاحەزرەتی هومایونی خەللە دەلاهو مولکەهو ئیعتمادێکی فەوەقولعادەی بە ئێمە هەیە. مەخسوسەن ئەو تانکانەی کە لە مەمالیکی ئەمریکا هێندراون پەدەری پێش مەرگەکان دەسوتێنێ . ئێوە موسەللەحتان هەیە، تۆپی موختەلیفی دوور هاوێژتان هەیە، قوای پێش مەرگە فەقەت تفەنگیان هەیە گوللەی تفەنگەکانیان لە تانکەکانی ئێوە کار ناکا "[٣]، بەلاّم دیارە ئەم قسانەی قەرەنی ئاغا ناتوانێ ئیقناع بە سەرگورد بکات بۆ ئەوەی لەو ناوچەیە هەڵ بێ‌و نەڕواتەوە بۆ تاران، چونکە ئەو دەزانێ کە قسەکانی قەرەنی ئاغا ڕاست نییە بۆیە وەلاّمی دەداتەوەو پێی دەڵێت: " ئەی فلان – فلان شودە، هەو دەڵێی کورد بوونی خۆشت لەبیرچوتەوە مەگەر پەسر پیارت لە بیر نییە.. ها، لەبیرتە سوارەی ئەحمەد خان لە سەقز چلۆن بەهۆی خەنجەر تانکەکانی هۆردوی شاهەنشاهی‌یان لەکار خست. ئەو کوردانەی کە من دەیانی ناسم لە تانك چییە، تەنانەت لە فرۆکەش خەوفیان نییەو ئەو ماڵ بە قوری گیراوانە ترسیان لە چاوی دا نییە. وەك میرووله بەسەر تانکەکان دا هەڵ دەچوون و بەخەنجەر لیخۆرەکەیان کوشت. ئێستاش کەلاکی ئەو تانکانەی کە کوردان بە خەنجەر لەکاریان خست لە کۆلانەکانی سەقز هەرماون و لادێیەکان تەورو پاچ و لەتکە – لە تکەی لێ دەکەنەوەو دەی کەن بە گاسن ڕەنگە بەشی زۆری گاسنەکانی رەعیەتەکانی تۆش هەر لە ئاسنی ئەو تانکانە بن "[١]. سەر گورد کە تریاك کێش و قومارچییە نایەوێ بە هیچ شێوەیەك خۆی بۆ حوکمەتی شاهەنشاهی بەکوشت بدا. ئەو کەسێکە ئاگای لە دەورو پشتی خۆی هەیەو ڕووداوەکانی بە باشی تێدەگا، بۆیە ڕوودەکاتە قەرەنی ئاغا و سیاسەتەکانی قازی محەمەد ڕابەری کوردی بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەلێت:" قازی سیاسەتێکی زۆرچاکی دەست پێ کردووەو ماڵی ئێمەی بە قور گرتووە. تەواوی عەشیرەتەکانی پێکەوە ئاشت کردۆتەوە. بەشی زۆری ئاغاواتی بۆلای بزوتنەوە کێشاوەو ئێستا ئەوانیش بە سوارەو چەکی خۆیانەوە تێکەڵاوی هێزی پێشمەرگە بوون لە

---

(١)- ڕەحیمی قازی - رۆمانی پێشمەرگە ، ل١٩

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٩

کوردستانی عێراقەوە هەموو ڕۆژێ دەستە دەستە کورد دێتە مەهابادو تێکەڵی هێزی پێشمەرگە دەبن. ئەو بارزانیانەی کە دوژمنی سەرسەختی مەلیك و ئینگلیزی یەکان بوون و لە عێراق هەدییەیان بە ئینگلیزی یەکان نەدەدا ئێستا لە ڕیزی بەرەوەی هێزی پێشمەرگەدا ڕاوەستاون. ئێمە زۆر بە هەویا بووین، کە هێزی پێشمەرگە سەرناگرێو بێ سەرەو بەرێ لە نێویدا دێتە گۆرێ، بەلاّم ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە عێراقەوە هاتوونەتە مهاباد لەنێو هێزی پێشمەرگەدا قانون و قاعیدە و ڕێ و شوێنێکی وایان دامەزراندوە کە بە تەواوی ئەفسەرانی هۆردوی شاهەنشاهی‌یان وەتەعەجوب خستووە. ئەو ئەفسەرانە بەجۆرێك لە فەننی فەرماندەری شارەزان کە بەشی زۆری سەرتیپ و سەرلەشکرەکانی ئێمەش دەبێ ئاو لە دەستی کەن. وەڵلا لە نێو ئەواندا چوار ئەفسەر عیزەت و مستەفا خۆشناو و خەیروڵلاّو محەمەد مەحموود کە بە زانست و مشوری و شارەزایی و ئازایی و لە مێژووی هۆردودا وێنەیان کەم دیتراوە دەکیمە ئەفسەری هەرە زەلامی ئێمە هەڵگری لە ترس وان کونی مشك بە ئاوات دەخوازێ "[٢]. ئەم دایەلۆگەی سەرگورد بۆ ئەوەیە کە پاساوی هەلاّتنی خۆی بهێنێتەوەو، لە دوایشدا بە ڕاستی دوای ڕووخانی ڕەزا شا زۆربەی ئەو ئەفسەرانی ئیران ڕازی نەبوون لە خزمەتی کوڕەکەیدا کار بکەن. ئەم دیالۆگە ڕێگا خۆشکەرێکە بۆ چوونە ناو ڕووداوی ئەو کۆمارە ساوایەدا، ڕۆماننووس شتە بچووکەکانیشی لەبیر نەکردوەو پەنجەی بۆ هەمووی ڕاکێشاوە. هەرچەندە وەکو لە سەرەتاوە وتمان بەشێوەی وتارێکی مێژوویی نووسراوەو نووسەر دەیتوانی بەشێوەیەکی هونەریانە ئەوەی دەیەوێت دەری ببڕێ، بەلاّم هۆیەکەی ئەوەیە کە نووسەر مێژوونووسە نەك ڕۆماننووس هەروەك خۆی لە پێشەکی چاپی دووەمدا باسیکردووە. دوای ئەوە ڕۆماننووس دێتە سەردڵداری نێوان پیرۆت کە پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە لەگەڵ مرۆت کە خەڵکی گوندی (کانی کیسەڵە)یە. دوای ئەوەی وەسفێکی جوانی پیرۆتی کوری کاك مەمەند دەکات، پاشان دێتە سەر وەسفکردنی مرۆت وچۆنێتی دروستبوونی پێوەندی دڵداری لە نێوانیاندا. پاشان ڕۆماننووس دێتە سەر ئەوەی پیرۆت ژن بە ژن بکات لەگەڵ شێرکۆی برای مرۆت و ئەویش خەزاڵی خوشکی بداتێ. دوای ئەوە ڕۆماننووس چاوی کامێرای ڕوو لە گوندی (کانی کیسەڵە) دەکاو باسی مینە ئاغا دەکاو، وەسفێکی جوانی ئەو ئاغا بەدرەوشتەو فێڵبازو داوێنپیسە دەکا کە چۆن بەهۆی پیرە ژنێکی دەلاّلییەوە کە نێوی پورە فاتم بوو ڕای دەسپێرێ کە مرۆتی بۆ دارستان بەرێ و ئەویش پەلاماری بدات و، دوای ئەوەی فێڵەکەی سەردەگرێو بە زۆر ئیشی خراپی لەگەڵدا دەکات مرۆتیش ناچار دەبێ بیخنکێنێ و، ئەم ڕووداوە کارێکی زۆر لە پیرۆت دەکا و پلانێك لەگەڵ شێرکۆی برای

مرۆت دائەنیّ بۆ تولّە کردنەوەو، پاشان پیرۆت بلانێك لەگەڵ چەند هاوریّ یەکی دائەنیّ بۆ لەناوبردنی سەرۆکی ستادی بەشە هۆردووەکەی ئیران لە سەقز سەرهەنگ خوجەندی. دوای ئەوەی پلانەکە سەردەگریّ چەند چەکدارێك و چەند کەسێك لە دوژمن دەکوژن دوای بەدەستهێنانی چەك پیرۆت بیر لە تۆڵەی خۆشەویستەکەی دەکاتەوە لەمینە ئاغا بۆیە دەچێت بۆ (کانی کیسەڵە) بۆ لای براکەی مرۆت و براکەی مرۆتیش بۆ ئەوەی پلانێك دابنێن بۆ لە ناو بردنی مینە ئاغاو، دوای سەرگرتنی ئەم پیلانە مینە ئاغا لەسێدار ئەدەن و، پیرۆت و شیرکۆ بیر لەوە دەکەنەوە کە ڕێگای شەرەف و کەرامەت هەڵبژێرن و، لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) دەست بەکاربن و، بۆ ئەم مەبەستەش ڕوو لە پیاوێك دەکەن کە ناوی (میرزا قوتیاس)ە لە دێی (بەردە ڕەش) دەژیو، ئەم پیاوە کە خوێنەوار بوو کەسێك بوو بۆ سەردەمەکەی خۆی مرۆڤێکی زیرەك و دانا بوو، نیشتمانپەروەربوو لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی نێوانی باش بوو. ئەم میرزا قوتیاسە لە دەست ئیدارەکانی دەوڵەتی، بە تایبەتی لە دەست ژاندارم و پۆلیس و ئیدارەی سەربازگیری هێندەی عەزاب و کوێرەوەریو چەرمەسەری و نالەباری دیبنیو کە ڕقی دنیای لێ هەڵگرتبوون "[1]. دوای تیکچوونی حوکمەتی پەهلەویو چەکداربوونی کوردان و سازبوونی (کۆمەڵە) * لە سابلاخ وردە وردە بلاّوبونەوەی بیروباروەری ڕزگاری خوازی لە کوردستان لە دڵی میرزا قوتیاسدا ڕووناکییەکی گەورەی هێنابووە گۆریّ و ئومێدێکی زۆری بە دوا ڕۆژ هەبووو، میرزا قوتیاس چووبووە سابلاّخ و لەویّ بەنهێنی ببووە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) * و، لە لایەنی کۆمەڵەوە بە سەرۆکی لقی بەردە ڕەش وەهەول و هەوش دیاری کرابوو "[2]. ئەم پیاوە کە دۆستایەتی لەگەڵ باوکی شیرکۆدا هەبووەو پیاوێکی پیاوانەو دەست ڕۆیشتووی بەردە ڕەش بووە، بۆیە ئەیانەویّ بەهۆی ئەمەوە خۆیان لە ڕیزەکانی کۆمەڵە ناونووس بکەن و، لە گفتوگۆیەکدامیرزا قوتیاس ناوی کۆمەڵە دەهێنیو پیرۆت دەڵێت:" بەڵیّ بیستوومە، دەڵێن دوژمنی ئاغاوەت و ڕەئیس و مەئیسە حەجەمەکانەوە خەڵك دەیان کوت ڕوت کران و کوشتنی ڕەئیسەکەی سەقزش کاری کۆمەڵەیە "[3]. میرزا قوتیاس لە وەلاّمی قسەکانی پیروتدا جوانی بۆ

---

([1])- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە ، ل٢١

* کۆمەڵەی ( ژ . ك ) ، ل٩١

([2])- هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩١

([3])- هەر ئەو سەرچاوەیە ل٩٢ .

([4])- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٩٢

شیدەکاتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێ، چونکە " ئەوەڵەن کۆمەڵە دوژمنی هەموو عەجەمێك نییە، بە تەنیا دۆژمنی ئەو ڕەئیسانەیە کە زوڵم و زۆری لە میللەت دەکەن. کۆمەڵە ڕێ گری و ئینسانی بێ گوناه کوشتن بە کارێکی زۆرخراپ و قەباحەت حیسابی دەکات و دوا مەعلومە هێشتا بە چاکی لە معنای کۆمەڵە حاڵی نەبوون " [٤].

پاشان ڕۆماننووس بەهۆی میرزا قوتیاسەوە دەیەوێت باسێکی تێرو تەسەڵی کۆمەڵەیان بۆ بکات و تێ یان بگەیەنێ کە ئەم ڕێکخراوە چییەو ؟ دەیەوێت چی بکات و ئامانج ودروشمی چییە ؟ بۆیە ڕوویان تێ دەکا و دەڵێت:" کۆمەڵە بۆ ئازادی و ئیستقلالی میللەتی کورد تەشکیل بووە وەئیدیعا دەکا کە دەبێ میللەتی کورد ئیختیاری ماڵی خۆی بدرێتێ، بە زمانی خۆی گفتوگۆ بکاو سەنعەت و ئاوەدانی و فەرهەنگ سەحبەی کوردستان تەوسیعە پەیدا بکات. کۆمەڵە دەیەوێ چەندرمەو ئازانی بێگانە بەسەر میللەتی کورددا حاکمیەت نەکا موقەدەسات و عادەت و ڕەسم و زوبانی کوردی تەحقیرو جنێو قەرار نەکرێ "[١]. پاشان سیاسەتی کۆمەڵەی (ژ.ك) یان بۆ شیدەکاتەوە و بەڵێن بە پیروت و شێرکۆ دەدا کە بیانبات بۆ مەهابادو لەوێ لەگەڵ کۆمەڵە پێوەندی ببەستن بۆ ئەوەی زیاتر لە کۆمەڵە بگەن ئەوانیش کە دەڕۆن بۆ مەهاباد لەوێ لەگەڵ کاکە سوار ناوێك دەبن بە هاورێو لەوێ ناویان دەگۆرن و پیرۆت ناوی نهێنی دەبێ بە (برا)و شێرکۆش ناوەکەی دەبێتە (ئازەر). دوای ئەوەی میرزا قوتیاس تەواوی بەسەرهاتەکانی شێرکۆو پیرۆت بۆ کاکە سوار دەگێڕێتەوەو دەڵێت:" ئەوانە ئیتر ناتوانن لە دێ یەکانی خۆیان زیندەگانی بکەن وەحەتمەن ئێستا جەندرمەو ئاغاکان وەك چاویشەدار لەوان دەگەڕێن کە بیان گرن و تەنبییان بکەن. بە ناشوکری نەبێ لە ئەترافی سەقز هەنوز جەندەرمەکان دەستیان دەرواو لە تەواوی ئوموراتی کوردان دادەخا لەت دەکەن ئومیدەوارم ئێوە لێرە بتوانن ئەوانە محافەزە بکەن وە بدونی شەك و شوبهە هەردوکیان دەستورانی ئێوە بە چاکی ئەنجام دەدەن وە ناهێڵن مامە قوتیاسیان روسیا بێت... کاتێك کە کۆمەڵە لە هەموو لایەکەوە دەستی بە تێکۆشینی نهێنی کردبوو پێداو یستێکی زۆری بە لاوانی کوڵ نەدەرو تێکوشەرو بەکار هەبوو ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی کۆمەڵە تاق – تاق بۆ مەڵبەندەکانی جیاوازی کوردستان وەری دەکەوتن کەڵکی کۆمەلە دابمەزرێنین وەیتر خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە بەشی زۆری کوردستان هێشتا ژاندارم و ئاژانەکان وە لە چەند جیگایەك بەشە هوردووەکان وە هەروەها خاوەن مولکە زۆردارو

---

(١)- ڕەحیمی قازی - رۆمانی پێشمەرگە ، ل٩٣

نیشتمان فرۆشەکان دەستیان دەرۆیشت و بەتەواوی هێزی خۆیانەوە لە ڕێگای سازبوونی کۆمەڵەدا کۆسپ و بەرهەڵستیان پیك دەهینا هەر لادێییەکی لە حاست زوڵم و زۆری لە تام دەرچوی خاوەن موڵك وستەی لێوە هاتبایە بەبێ قسە نیوی کومەڵەیان لەسەر دادەناو دەیان گرت تەنانەت ئاغایەك لە محالی (شارویران) گوێی کرمانجێکی بڕی بوو لەسەر ئەوەی کە بە لادێییەکانی دیکەی گوتبوو وەرن بچین تێکەڵاوی کومەڵە بین. گوواری (نیشتمان) کە بڵاوکەرەوەی بیرو باوەری کۆمەڵە بو، تازە دەرچوبو وەبڵاوکردنەوەی ئەوەش بە تەواوی مەڵبەندەکانی کوردستان دا ئەرکێکی زۆر گران و چەوت و نالەبار بو لەسەرشانی ئەندامانی دەستەی سەرکردەیی دانیشتووانی کوردستان، بەتایبەتی لادێییەکان بە باوەشێکی ئاواڵەوە بەرەو بیری نوێنەرانی کۆمەڵە دەهاتن و لە دڵەوە ئەندامەتیان قوبول دەکرد وەئەوەندی بۆیان هەڵکەوتایە بە نیوی حەقی ئەندامیو یارمەتی دراویان دەدا بە سوندوقی کۆمەڵە. دەرکەوتنی هەوەڵین ژمارەی گوواری (نیشتمان) وەك توپ لە تەواوی کوردستان دا دەنگی داوە وە هەر کەسێکی کە تەسەوادێکی ببایە چ خاوەن موڵك و تاجرو کەسەبە بێ مەلاو فەقی ومیرزاو هیدیکە لە هەموو لایەکەوە هەولی دەدا ژمارەیەکی (نیشتمان) وەدەست بهێنێ و بیخوێنێتەوە (نیشتمان) دەستاو دەست دەگەڕا. ئەو هەڵبەستانەی کە لەویدا چاپ دەکران بەتایبەتی (دەمە تەقەی بایزو بابیر) کە بەشێوەیەکی پەتیو خومالی دەردی دەروونی وەدی دەداو ئاغاوات و سەروك عەشیرەتە نشیتمان فرۆشەکانی وەبەر پلاری ڕەخنەو لۆمە دەکرت تەنانەت لە لایەن نەخوێندەوارەکانیشەوە لەبەر دەکران وە لە هەموو جێگایەك باس – باسی بایزو باپیر بوو "[(١)].

دوای ئەوەی کاکە سوار گوێ لە قسەکانی میرزا قوتیاس ڕادەگرێو بڕیار دەدات بیانبات بۆ لای ڕێبەری کۆمەڵە (قازی محەمەد) *، بەڵام بەر لەوەی ناوی خوازراوی قازی محەمەد (بینایی) دەبێ ئەوان نازانن کە ئەمە قازی محەمەدە.

دوایی ئەوە نووسەر دێتە سەر شوێنی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەو وەسفی ئەو شوێنە دەکاو دەڵێت:" جێگای کۆمیتەی سەرکردەی کۆمەڵە لە چەند وەتاغێکی پیاوێکی هەرە دەوڵەمەندی سابلاغ هەڵکەوتبو. ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لە زەمانی ڕەزاخان دا زۆری چەرمەسەری دیتبو وە بە تەنیا لە پاش تێك چوونی ڕێ و شوێنی دیکتاتۆری توانیبوی هەناسەیەکی بە

---

(١)- ڕەحیمی قازی - رۆمانی پێشمەرگە ، ل٩٩-١٠٠

* قازی محەمەد سەرکردەی کۆماری کوردستان بووو ، لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەربووو ، لە پیاوە ناودارەکانی کوردستانی ئیران بوو.

ڕەحەت بکێشێت ئەو لە دڵەوە پیاوێکی نیشتمان پەروەرو کـورد خۆشەویسـت بـو وەبـە نهێنـی یارمەتییەکی زۆری بە کۆمەڵە دەکرد، بەڵام کەس شکی بۆ نەدەچو ئەو نیشتمان پەروەری وەهەر لەبەر ئەوەش کۆمیتەی سەرکردەی خانووەکەی وەیان بۆ ناوەندی تێکۆشینی خۆیان "[١]. پاشـان بۆ سبەی ئەو کاکە سوار پیرۆت و شێرکۆ هەڵدەگرێ و دەچێتە لای (بینایی) دوا بە دوای ئـەوەش دەست دەکاتە وەسفێکی کاك (بینایی)و دەڵێت: " کاك (بنیایی) پیاوێکی کەڵەکـەت و چـوار شانەو بەخۆوە بوو تەمەنی لە چـل – چـل و پێـنج دەدا وە ڕدێنێکـی ڕەنـگ کارەبـایی تـەنگی هیشتبووەوە دایما زەردەخەنە لە لێوییەوە دیاربو وە ئەوە هیندەی دیکەش سەحەتی سـوك کردبـو. جل و بەرگێکی سادەی مەلایانەی لەبەردا بو وە هەر کەسێکی نا بەلەدو نەناسیاو دیتبایەی دەی گوت ئەوە فەقێ هەژاری مزگـەوتی ڕوسـتم بەگـە "[٢]. دوای ئـەوەی بـە باشـی کـاك بینـایی دەناسێنێو شەوانە لەگەڵیا گفتوگۆ دەکەن و بەتەواوی لە سیاسـەتەکانی کۆمەڵـە حـاڵی دەبـن گیان بەخت کردن دەبێ لە پێناوی کوردو کوردستاندا بێت. کاك بینایی بۆ ئـەوەی زیـاتر تێیـان بگەیەنێ کە کوردسـتان چییە؟ وا بۆیـان ئـەدوێت: " ئـەو نەخشـەیەی کـە دەیبیـنن لێـرەدا هەڵواسراوە نەخشەی کوردستانە، یانی نیشتمانی کوردەواری یە، کە بە چوار لەت بەش کـراوە و لە ژێر حوکمەتی بێگانە دایە. جەرخی بیسـتەم کـە چـەرخی ڕزگـاریو سـەربەخۆیی وە دەسـت هێنانی گەلانی جیهانە ئەرکێکی زۆر گەورەی لە بەرامبەر ئەسلی ئەورۆکەی نەتـەوەی کـورددا داناوە. ئەورۆکە نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوەیەکی دنیا لێقـەوماوترو پـاش کـەوتوترو بـەش خوراوترە، بەڵام وێرای ئەوە هەست و بیری ڕزگاری خوازیو سەربەسـتی وەدەسـت هێنـان زۆر بـە توندی لەنێو نەتەوەکەی ئێمەدا ڕەگ ئاژوی کردووە. هـەرکوردێکی بیـدوێنی دڵـی پـڕە لـەقین و غەزەب لە بەرامبەر داگیرکەران دا "[٣]. پاشان هەر بەهۆی (بینایی)وە هێمنی شـاعیر دەناسـن کە هاتووە بۆ ئەوەی مژدەی ئەوە بداتە (بینایی) کە ناوێکی نوێیان بۆ ئەو چەکدارانەی کۆمەڵە هەڵبژاردووە کە ئەویش (پێشمەرگە) یە. ئیتر ئەو چوونە لاوە ببوونە خۆشەویستی کۆمەڵەو هەر کارێکی پێیان دەسباردن بەسەرکەوتنەوە بەجێیان دەگەیاند. کاك بینایی چەند جار ئـەو جووتـە لاوەی لەگەڵ خۆی بۆ نێو عەشیرەتەکان وەسەفەری دوور دوور بردبووو لە هـەمان کاتـدا هـەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی سەعاتێك وانەی ڕامیاری پێ دەگوتن، پاش ساڵێك ئەو دوو لاوە فێـری نووسـین و

(١)- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە ، ل١٠٢

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٠٣

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٠٦-١٠٧

خویندنیش ببون، ئەم دوو لاوە پێکەوە، لە هەموو ئەو شتانە گەیشتن کە پێوەندی بە خودی کۆمەڵەوە هەبوو پاشان ڕۆماننووس دوای ئەوەی لەنێوان دیالۆگەکان دامەزران و سیاسەتی کۆمەڵەی (ژ.ك) ڕووندەکاتەوە ئەم جار خۆی وەك نووسەر دەچێتە سەر دامەزراندی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو حیزبەی کە لەسەر بناغەی ئەو کۆمەڵەیە دروستبوو کە پەلی بۆ هەموو کوردستان ڕاکێشا بوو " لە سەرەتای ١٩٤٥ دا ئیتر پۆل – پۆل تفەنکچی کورد دەچوونە لای کۆمیتەی سەرکردەیی کۆمەڵەوەو داوایان دەکرد کە بیان نێرنە مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستانیش ڕزگار بکەن. دەستە – دەستە لاوانی لادێیو عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، هەژارانی شارەکان دەهاتنە سابلاغ و چاوەڕێی ئەسپاردەو ئەمری کۆمەڵە بوون. لەو لای دیکەوە هاتنی لەشکری قارەمانی بارزانیەکان و چەند ئەفسەرێکی خوێندەوارو بەمشوروتی گەیشتوو وپسپۆری کورد لە عێراقەوە هیندەی دیکەش بزووتنەوەی شۆڕشی بە هێزترو وەهای لێکرد بەر لە هەموو شتێك دەرکەوتنی حیزب وەك کانگاو مامۆستای ڕێکوپێك کردنی بزووتنەوەو هاندەری شۆڕش پێویست بوو. کۆمەڵەی (ژ.ك) جێگای خۆی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵی هێناوەو سازکردنی هێزی پێش مەرگەی کوردستان بو "[١].

پاشان ڕۆماننووس دەچێتە سەر ئەوەی کە پیرۆتیش یەکێك بوو لەو لاوە پێشمەرگانەو، لەو ماوەیەدا کە به نهێنی کاری بو کۆمەڵە دەکرد گەلێك جار تاقی کرابوەوەو بە چاکی لە عودەی هەمو کارێك هاتبو وە بو ئەنگیوەیی سوار چاکی نیوبانگی دەرکردبو "[٢]. لە پاشان ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بۆ هەرەتی زستانە سەختەکەی ساڵی ١٩٤٥، چونکە سەرەتای ڕۆمانەکە لەوێوە دەست پێ دەکا کە قەرەنی ئاغا کاك مەمەندی باوکی پیرۆت دەردەپەڕێنێ. ئەم بەستنەوەی کۆتاییە بەسەرەتا بۆ ئەو سەردەمەی ڕۆمانەکەی تیادا نووسراوە شتێکی تازەیە لە هونەری چیرۆك و ڕۆماننووسین لە ئەدەبی کوردیدا. دوای ئەوە پێشەوا قازی محەمەد پیرۆت ڕادەسپێرێ کە بەرەو مەڵبەندی سەقز بکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی لەشکری ئیران (سەقز) و (دیوندەرە) چۆڵ بکات، بەڵام حکومەتی ئیران ئەوەی قوبوڵ نەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ چەك و قورخانەی تازەی بۆ سەقز دەنارد، دوای ئەوە ڕۆماننووس باسی ئەوە دەکا کە چۆن کاك مەمەند بە دەستی سەرۆکی ژاندارم و لە بەرچاوی قەرەنی ئاغا گیانی لە دەست دەدا. بۆیە دوای ئەوەی پێشمەرگەکان بە سەرۆکایەتی پیرۆت دەگەنە کانی سەوزە بۆ تۆڵەکردنەوە لە قەرەنی ئاغاو

(١)- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە ، ل١٣١-١٣٢

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٢٢

دەست و پێوەندەكانی و ئەرتەشی ئێران، بەڵام ئەوخاینە لەگەڵ سەرۆكی ژاندارم هەڵدێت و بەرەو تاران دەكەونە ڕێ .

لێرەدا ڕۆمانەكە كۆتایی پێ دێت هەرچەندە ڕۆماننووس دەیتوانی كۆتاییەكی دیكەی بە ڕۆمانەكە ببەخشیایە، بەڵام ئەوەی بۆیە نەكردووە چونكە ئەگەر ئەو خاینانە نەمانایە جارێكی دیكە حوكمەتی شاهەنشاهی نەیدەتوانی بێتەوە كوردستان و كۆمارە ساواكەی لەناو بەرێت، بۆیە بە ڕاستی ڕۆمانی (پێشمەرگە) لەو ڕۆمانانەیە كە خوێنەر چێژی تەواوی لێ وەردەگرێ و بابەخێكی زۆری هەیە لە لایەنی ڕووداوی مێژووییەوە.

هەواڵنامەی كتێب

# ﴿ بەشی چوارەم ﴾

## ڕەنگدانەوەی مانگرتنی کرێکارانی گاور باغی و کێشەی کورد لە شاری کەرکووکدا

تەوەری یەکەم:- ڕەنگدانەوەی مانگرتنی کرێکارانی گاور باغی لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا

تەوەری دووەم:- ڕەنگدانەوەی **کێشەی کورد لە شاری کەرکوک پاش** شۆڕشی چواردەی تەممووزی١٩٥٨ لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس) و (عەلی بەستێ)دا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەری یەکەم
# ڕەنگدانەوەی مانگرتنی کرێکارانی گاور باغی
# لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا

## هەڵکشان بەرەو لوتکەو مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك

کرێکارو کێشەی چینی زەحمەتکێش، ئەو کێشەیەیە کە دەبوایە ئەدەبی کوردی ئاورێکی لێبدابایەتەوە، بەڵام ئەم کێشەیە درەنگ لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتووەو، هۆکارەکەی بۆ درەنگ دەرکەوتنی چینی کرێکار لە عێراقدا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم چینە پاش داگیر کردنی عێراق لە لایەن لەشکری بەریتانیاوە دەرکەوتووە.

عێراق شوێنی ململانێ و ناکۆکی بووەو، داگیرکەران نەیانویستووە خەڵکی عێراق بەرەو پیشەسازی بچن و کارگەی تیا دابمەزرێ، بۆیە ئەگەر لە ملاو لەولا کارگەی بچووك هەبوبێت ئەوە بەو مانایە نەبووە کە داگیرکەران پاڵپشتی بووبن.

خەباتی گەلی عێراق بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بە ئەنجام گەیشت و بەرە بەرە پەنجەرە ئاوەڵا بوو بۆ ئەم چینە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربکەوێت و دەنگی هەبێت. دۆزینەوەی نەوت و ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر دەروازەیەك بوو بۆ خەڵکی زحمەتکشێی عێراق بۆ پێکەوەنانی بناغەیەك بۆ سەرهەڵدانی چینی کرێکار لە عێراقدا.

ئەم چینە تازەیە لە کۆمەڵگای عێراقیدا خاوەن ئەزموون نەبوون و، دەرگایەکی وەها نەبوو کە ئاسۆی بیرو پاشە ڕۆژیانی لێبکاتە وە، چونکە دروستبوونی ئەم چینە و ئاشنا بوونی بە مەکینەو کارگەی تازە هەلومەرجێکی تازەی خولقاند.

لە سەرەتادا دامەزراندنی سەندیکاو خەباتی مانگرتن و ناڕەزای دەربڕین کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئەم چینە بە هۆی گەشەسەندنی خەباتی کرێکاران لە سەرتاسەری ئەورووپاو ئەمەریکاو داهێنانی تازە لە بواری جیاجیادا ئاشنایی پەیداکردو، ئەدەبیاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن پاش سەرکەوتنی ئەم چینە لە یەکێتی سۆڤیەتدا بە دنیادا بلاوبووەو، ئەم دەنگو باسە گەیشتە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەو کەلتوورە کرێکارییەی کە لەوێوە بەرەو ولاتانی تازە پێگەیشتوو دەهات ڕێگا خۆشکەربوو بۆ ئەوەی چینی کرێکاری عێراق بوونی خۆی بسەلمێنیەو،

خەباتی زیاتر بکات  بۆ ئەوەی وەکو چینی پێشڕەوە دەوری بالاَ بگێڕێ لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، بەلاَم دەولەتی تازە دروستبووی عێراق و بەرپرسانی بەریتانیا هەستیان  بە مەترسی ئەم چینە تازەیە کردبووو، نەیان دەویست ئەم چینە خۆی  بە بیری شۆڕشگێڕێنە چەکدار بکات و، هەولی گورینی دەسەلاَت بدات و حوکمی عێراق بگرێتە دەست و، هەر لەسەرەتاوە کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەك لە پێشچاوی خەلکی عێراقی بخەن و، ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە شاهیدن کە چۆن ویستویانە ڕێگا لە بلاَوکردنەوەی بگرن [(١)]. دەربارەی مانگرتنی گاوربانی پێویستە سەرەتا لەوە بکۆلینەوە ئەم مانگرتنە چۆن بووەو؟ بۆ چی ڕوویدا؟. دیارە مەسەلەی ئەم مانگرتنە شتێکی خۆڕسك نەبوو، بەلکو هەلو مەرجی خودیو بابەتییانەی خۆی هەبووە. دواکەوتوویی ئابووری عێراق بە تایبەتی لە بواری پیشەسازی هۆیەك بوو بۆ ئەوەی چینی کرێکاری تازە دروست ببێو نەتوانێ خۆی لەو قەیرانە ڕزگار بکات [(٢)]، چونکە سەرمایەی ئەوکاتە بە زۆری لە دەست دەرەبەگدابووو، دەولەتیش ئەو بایەخەی بە دروستبوونی کارگە و پرۆژە نەدەدا. بۆیە کرێکار لە بارودۆخێکی یەجگار نالەباردا دەژیا، بە شێوەیەك کرێی ڕۆژانەی کرێکار ئەوەندە کەم بوو کە نەتوانێ هیچ کاروبارێکی ژیانی بۆ دابین بکات[(٣)].

---

(١)- بۆ نموونە بڕوانە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی کە داگیرکەری بەریتانیا لە عێراقدا دەریدەکرد وەکو ڕۆژنامەکانی ( پێشکەوتن ) و ( تێگەیشتنی ڕاستی ) و ( العراق ) و ( النجمە ) .. بڕوانە : د . کمال مەزهەر- تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٨

(٢)- بڕوانە :- أ- د. محمد سلمان حسن – التطور الاقتصادي في العراق . التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي ( ١٨٦٨ – ١٩٥٨ ) ، ج/١ – صيدا – بيروت ، ١٩٦٥ ، ص٢٢٧ – ٢٦٣ .

ب- ل. ن. كوتلوف – ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ترجمة: د. عبدالواحد كرم ، ط/١ ، بغداد، ١٩٧١ ، ص ٥٣

(٣)- بۆ نموونە کرێی مانگانەی کرێکاری هێلی شەمەندەفەر ٢٥ ڕوپیە بوو لە سالی ١٩٢٦ دا. دەربارەی کرێی کرێکار لەو سەردەمە بڕوانە:-

أ- د. كمال مظهر احمد . الطبقة العاملة العراقية .. التكون وبدايات التحرر ، بغداد ، ١٩٨١ . ص ٧٤ وما بعدها.

ب- رؤوف شماس – مشكلة العمال في العالم وفي العراق ، بغداد ، ١٩٣٦ ص١٩٤

(١)- د.عزالدين مصطفى رسول – الواقعية في الادب الكردي ، صيدا ، ١٩٦٦ ، ص ٢٠٧

(٢)- بۆ نموونە بڕوانە :-

- ڕەفیق سابیر – کورتە چیرۆکی کوردی بەرەوکوێ دەڕوا ؟ ، ڕ/بیری نوێ ، ژ/ ٢٤٢ ، س/ ١٩٧٧

- دلشاد محەمەد ئەمین – کورتە چیرۆکی کوردیونووسەرەکانمان ،ڕ/ بیری نوێ ، ژ/٢٥٧ ، س/ ١٩٧٧

- زاهیر ئەحمەد سەوز – قسە هەزارەو دوانی بەکارە – ، ڕ/هاوکاری ، ژ/ ٣٧٦ ، س/ ١٩٧٧

هەواڵنامەی کتێب

خەباتی چینی کرێکار درەنگ لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیدایەوەو، دیارە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا کێشەی دەرەبەگ و جووتیار یە کلایی نەکرابۆوەو، دەرەبەگ دەسەلاّتی تەواوی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا گرتبوو. بۆیە چیرۆکی کوردی هەر بە دەوری کێشەی جوتیاراندا دەخولایەوە، بەلاّم کێشەی ئەم چینە تازەیە کەوا دەورێکی بالاّ دەگێڕێ لە کۆمەڵگای عێراقداو، چیرۆکنووسی کورد ئاشنایی لەگەڵدا نییەو، بۆ یەکەم جار د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەنامەی دکتۆراکەیدا کە بە ناونیشانی (الواقعیە فی الادب الکردی - ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا) هێنایە گۆڕێو، دەڵێت: " لە زۆربەی چیرۆکەکاندا گیروگرفتی پاڵەوان هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، بۆ نموونە (بلە) و (سەجادی) پاڵەوانەکانیان لە جوتیاران هەڵبژاردووەو وەك پاڵەوانێکی لەباریش دەوری خۆیان لە خەباتی جوتیاراندا دەبینن.. هەرەوها نمونەی پاڵەوانی نالەباریشیان لە دەرەبەگەکانەوە هێناوە، بەلاّم هەتا ئێستا، دەوری پاڵەوانی لە باری کرێکاریان نەخستۆتە ڕوو، گەرچی کرێکار هیوای دوا ڕۆژیشە "[1]. دوای یانزە ساڵ ڕەفیق سابیر ئەم باسەی هێنایەوە گۆڕێو دەڵێت: " تاج ڕادەیەك دەورو وتێکۆشانی چین و دەستە شۆڕشگێڕەکانی میللەتەکەمانی تیادا بەدیدەکرێ (مەبەست چیرۆکی کوردی) ؟ لە سەروی هەموویانەوە چینی کرێکار، کە لە پێگەیشتنێکی بەردەوام دایەو، لەو سالاّنەی دواییەدا چ لە ڕووی ژمارەو چ لە ڕووی هۆشیاری چینایەتی و سیاسییەوە گۆرانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە "[2]. دوای ئەم نووسینەی ڕەفیق سابیر کە لە ڕووی دڵسۆزییەوە گۆمی ئەدەبی کوردیی شڵەقاندو، نووسەرانی دیکەش کەوتنە خۆو پرسیاریان لە چیرۆکنوسەکانیان کردووەوە: ئایا لەبەرچی چیرۆکی دەرهەق کێشەی چینی کرێکار بێ دەنگە ؟.

باشترین ئەو بیرورایانەی کە لایان لەم لایەنە کردبێتەوە وتارەکەی محەمەدی مەلا کەریمە کە بە ناونیشانی (بۆچی چیرۆکی کرێکارانەمان نییە ؟)و[1]، بە شێوەیەکی زانستیانە وەلاّمی ئەم

---

- دڵشاد محەمەد ئەمین – چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا ، ڕ/ پاشکۆی عێراق ، ژ/ ٢ ، س/ ١٩٧٧

(١)- محەمەدی مەلا کەریم – بۆچی چیرۆکی کرێکارانمان نیە ؟ ، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق ، ژ/٦ ، ١٩٧٧

(٢)- سۆران مەحوی – شتێکی تر دەربارەی کرێکار لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ/١٠ ، ١٩٧٧

(٣)- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی چینی کرێکاری کورد– گ/ ڕۆشنبیری نوێ ، ژ/٧٢ ، س/ ١٩٧٩

پرسیاره دەداتەوەو، پەنجە بۆ زۆربەی هۆیەکان رادەکێشێ. دوای ئەویش سۆران مەحوی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (شتێکی تر دەربارەی کرێکار لە کورتە چیرۆکی کوردیدا)و [٣]، لە پێنج خاڵدا هۆیەکانی کەمی ئەم باسەکردنەی لە چیرۆکی کوردیدا دەست نیشان کردووە.

د. کەمال مەزهەر گلەیی لە ئەدیبی کورد دەکات و پێیان دەڵێت: " کرێکاری کورد، ژمارەیان زۆرەو کێشەیان زۆرتر بۆیە ژیانیان پڕ لە چیرۆکی بێ هاوتاو داستانی بە دانسقەو تابلۆی ڕەنگینە حەیفە دەستی ئەدیبی کوردی دڵپەڕەی گوڵ، کە تالاّوی زوخاوی ژیان، زاخاوی مێشك و قەڵەمیداوە زوو نەگاتە گەوهەرو ئەڵماسی ئەو خەزنە دەوڵەمەندە "[٣].

ڕاستە چیرۆکنووسی کورد ئاوڕێکی وای لە کرێکاران و کێشەکانیانی نەداوەتەوەو، جگە لەو هۆیانەی کە نووسەران بۆی چوون هۆیەکی دیکەیش ئازادی چاپەمەنی ڕێگای بە چیرۆکنووسی کورد نەداوە بە شێوەیەکی قووڵ لەو کێشانە بدوێو خەتاکەی بخاتە ئەستۆی ئەو ڕژێمانەی کە هەرگیز لەگەڵ چینی کرێکاردا نەبوون و بگرە لێشی ترساون.

عەبدوڵلاّ سەڕاج یەکێکە لەو چیرۆکنووسە کوردانەی کە بە چیرۆکی نوێ دەستی پێکردو لەسەرەتای حەفتاکاندا کەوتە بلاّوکردنەوەی چیرۆکەکانی، بەلاّم ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان یەکەم ڕۆمانێتی کە بە ناوی (هەڵکشان بەرەو لوتکە) یە، چونکە لەم ڕۆمانەدا ئاوڕی لە چەند ڕووداوێکی مێژوویی داوەتەوە و سوودی لەو ڕووداوانە وەرگر تووە.

یەکێك لە ڕووداوە مێژووییانە مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووکە لە گاوربـاغی، کە مێژووی هاوچەرخی عێراق شانازی پێوەدەکاو، دەبوایە چەندین شاکاری لەسەر بنووسرایەو ڕووداوەکە بە زیندوویی لە ئەدەبدا تۆمار بکرایە، بەلاّم بە داخەوە نەك سوودی لێوەرنەگیراوە بەڵکو ئاوڕدانەوەیەکی زۆر خێراییشی لێدراوەتەوە.

بۆ ئەوەی ڕاستی ڕوداوەکەو دەوری لە بزووتنەی کرێکارانی عێراقدا پیشان بدەین پێویستە لە ڕووی مێژووییەوە بیخەینە بەرچاوو باسی بکەین.

چینی کرێکاری عێراق کەوتە خۆی بۆ ئەوەی هیچ نەبێت هەندێ داخوازی ڕەوای خۆی بەدەست بێنێو، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردە بەر مانگرتن کە شێوازێکە لە شێوازەکانی خەبات دژی دەسەلاّتی بێگانەو بۆرژوای تازە دروستبووو، ئەم خەباتەش پێویستی بە هەلومەرجی لەبار هەیە.

هەموالنامەی کتێب

**یەکەم مانگرتن لە مێژووی هاوچەرخی عێرقدا مانگرتنی کرێکارانی میکانیك بوو دژ بە بەریتانیای داگیرکەر. لە ساڵی ١٩١٨ دا کرێکارانی (دوکیارد)[١] عەرزوحاڵیاندا بە کۆمپانیاکەو داخوازیی ئەوەیان کرد کە یەکسان بن لەگەڵ کرێکارانی بێگانە لە ڕووی کرێ و موڵەت وەرگرتنە. ئیدارەی کۆمپانیاکە داواکەی ڕەتکردەوە بۆیە کرێکارانیش مانیان لەئیش گرت و، هەرچەندە بە زەبری هێز وەلاّم درانەوە، ئەمە یەکەمین مانگرتنی کرێکاران بوو دژی دەسەلاّتی بێگانە لە عێراقدا لە پرۆژەیەکی بێگانەدا [٢].**

**لە دوای ئەم مانگرتنە سەرنەکەوتووەدا ئەم چینە تازەیە بەردەوامبوو لەسەر خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای لە دروستکردنی سەندیکاو مافە ڕەواکانی لە بواری جیا جیا دا.**

**لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا یەکەم مانگرتنی سەرکەوتوانە لە ڕۆژی ٣/١٢/١٩٣. ڕوویدا کاتێك نزیکەی هەزار کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر لە بەغدا مانیان لە کارکردن گرت و، چەند داخوازییەکی ڕەوایان بەرز کردەوە هەرچەندە ئەم مانگرتنە وەختێکی کەمی خایاند بەلاّم وەرچە رخانێك بوو لە مێژووی بزوتنەوەی چینی کرێکاری عێراقدا[١].**

**بەرەبەرە ئەم بزوتنەوەیە لەملاو لەولا دەستیپێکرد[٢] و دەرگایەکی لەبەردەم ئەم چینەدا کردەوە بۆ ئەوەی دڵسۆزانەو هۆشیارانە بۆ داخوازییەکانی لەسەر ئەم شێوە خەباتە بەردەوام بێت**

---

**(١)- ( دوکیارد ) ئەو کارگەیە بوو کە کۆمپانیای لەنجی هیندی – ئینگلیزی لە سەردەمی عوسمانیدا لەناوچەی ( شط العرب ) دایمەزراندبوو بۆ چاککردنەوەی پاپۆڕو بەلەم.. بڕوانە:- صادق قدير الخباز – نصف قرن من تاريخ الحركة النقابية في العراق ، بغداد – ١٩٧١ ص٣٤**

**(٢)- بڕوانە :- أ- حميد جاعد – الحركة النقابية في العراق ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص٧-٨**

**ب- عبدالسلام الناصري – معارك طبقية ، بغداد ، ١٩٧٣ ، ص ٥**

**(١)- د.كمال مظهر احمد – نفس المصدر ، ص ١٨٥-١٨٩**

**(٢)- حميد جاعد – نفس المصدر ، ص٢٧**

**(٣)- صادق قدير الخباز – نفس المصدر ، ص٣٦**

**(٤)- ئەو حیزبانەی ئەو سەردەمە دروست بوون ئەمانەن:- ١- حزب الوطني الديمقراطي ٢- حزب الاستقلال ٣- حزب الشعب ٤- حزب الاتحاد الوطني ٥- حزب الأحرار. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:- عادل غفوري خليل : احزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ – ١٩٥٤ ، ط/١ ، بغداد ، ١٩٨٤**

**٥- من تقرير المفتش الاداري ٠٠ ( ملف في دار الوثائق )، هەروەها د. کەمال مەزهەر دەڵێ ڕۆژانەیان ٨٠ فلس بووە.. بڕوانە :- د٠کەمال مەزهەر ئەحمەد - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك لە ساڵی ١٩٤٦ دا، گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا)، کۆڕی زانیاری سۆڤیتی، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ ل٥٨ ( بە زمانی ڕووسی ) وەرگێرانی : د.کەمال مەزهەر بۆ زمانی کوردی.. زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی کێشای ڕۆژی ١-١١-٢٠٠١ لە ڕووسییەوە بۆی وەرگێرام تا سوودی لێوەرگرم لەم لێکۆڵینەوەیەدا.**

. تازه شەڕی جیهانی دووەم کۆتایی هاتبووو، گەلانی دنیای هۆشیار کردەوەو بیروباوەڕی[٣] دیموکراسی و شۆڕشگێڕی لەناو گەلانی دنیادا ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو. دوای کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە ماڵ وێران کەرە، حوکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق کەوتە خۆ بۆ ئەوەی ئەگەر بەڕووکە شیش بێت ڕێگا بدەن بە چەند حزبێکی نیشتمانی لە عێراقدا بە ئاشکرا بکەونە کارو ڕۆژنامەی حیزبی خۆیان دەربکەن[٤].

دوای تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی، کرێکارانی نەوتی کەرکوك، ئەو پارەیەی بەرامبەر کارەکانیان لە کۆمپانیای نەوت وەریان دەگرت ئەوەنەبوو کە وەکو کەسێکی ئاسایی بژین، چونکە کرێی زۆربەی کرێکارەکان لە ٢.. فلس تێنەدەپەڕی[٥]. ئەو پارەیەش بۆ ئەو ڕۆژە زۆر کەمبوو بایی ئەوەی نەدەکرد کرێکار گوزەرانی پێ بکات. جگە لەوەی هۆیەکانی گواستنەوەی کرێکاران لە شارەوە بۆ کۆمپانیاو بە پێچەوانەوە نەبوو کە ئەمەش لە هاوین و زستاندا تووشی سەختی هاتوچۆیانی دەکردو، دەبوایە ئەو ڕێگا دوورە بەپێ ببڕن. نەك هەرئەمەش بەڵکو هەڵس و کەوتی فەرمانبەرانی بێگانەش لە کۆمپانیا کەدا بەرامبەر کرێکاران زۆر خراپ و نالە بار بوو[١]. بۆیە کرێکاران لە ڕۆژی ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ دا چەند نامەیەکی هەڕەشەیان نارد بۆ ئیدارەی کۆمپانیاو تیایدا نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرانبەر نایەکسانی کرێکارانی کەرکوك لەگەڵ هاوڕێکانیان لە سوریاو فەلەستین کە دەبوایە ئەمانیش وەکو ئەوان بڕە پارە (مخصصات)ی شەڕیان پێ بدرایە بۆیە لەو نامەیەدا کە بۆ بەڕێوەبەری

---

(١)- د. کمال مظهر – نفس المصدر

(٢)- محمد مهدي كبة – مذكراتي في صميم الأحداث ، بيروت ، ١٩٦٥ ، ص٢١٣-٢١٤ ...
مەبەست لە ( العصبة ) ڕۆژنامەی ڕێکخراوی ( عصبة مكافحة الصهيونية )یەو ، ئەم ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکی موسڵمان و جولەکەی عێراقەوە دامەزرێنراوەو، لە ڕۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٤٥ دا داخوازییەکیان نارد بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام وەزارەت لە ١٦ ی ئازاری ١٩٤٦ دا مۆڵەتی کارکردنی پێدا. ئەم ڕێکخراوە بەئامانجی ئەوە دروستبوو کە دژی زایۆنیەو پاڵپشتی گەلی فەلەستین بێ ... بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:- جعفر عباس حميدي – التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ – ١٩٥٣، رسالة ماجستير، النجف الاشرف ، مطبعة النعمان ، ١٩٧٦ ، ص٣٩٧ –٤١٨

(٣)- ڕۆژنامەی ( العصبه ) زمان حالی ( عصبه مكافحه الصهيونيه )یەو یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٧ نیسانی ١٩٤٦ دا دەرچووە و، لە ٦ حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦دا داخرواە.. هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو – ل٤٠٩

کۆمپانیا نووسراوە: نارەزاییان لە ژیان و گوزەران کرێی رۆژانەیان دەربریوە. رۆژنامەی (العصبە)[٢] چەند رۆژێك پێش ئەمە نامەی هەرەشەیە کە بۆ کۆمپانیا نێردرابوو لە ژمارەی (٤٧) ی رێکەوتی ١/٦/١٩٤٦ دا [٣] وتارێکی لە بارەی سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە فەلەستین بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان لە کۆمپانیای نەوت بلاوکردەوە.دوای بلاوبوونەوەی ئەم وتارە لەو رۆژنامەیە، یەکێك لە ئەندامەکانی رێکخراوی(العصبە) بەناوی عبدالجبار الزهیرییەوە گەیشتە کەرکووك و، لە ناوەراستی شاردا کتێبخانەیەکی بە نێوی (الفجر الجدید) کردەوە. لەم رێگایەوە رێکخراوی (العصبە) توانی هانی کرێکارانی کەرکووك بدات بۆ ئەوەی خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی داخوازی یە رەواکانیان لە کۆمپانیای نەوتدا. دوای گەیشتنی ئەم نامەی هەرەشەیە بە دەستی بەرێوبەری کۆمپانیای نەوت. ئەویش پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەرێوەبەری پۆلیسی کەرکووکدا کرد بۆ ئەوەی رەزامەندی لایەنە بەرپرسەکان وەربگرێت بۆ کردنەوەی مەخفەرێکی پۆلیس لە کۆمپانیاکەدا کە تا ئەو کاتە پۆلیس مەخفەریان لەوێدا نەبوو[١]. رۆژ بە رۆژ نارەزایی دەربرین تا دەهات زیاتر دەبوو بۆیە لە ١٣ی حوزەیران وەفدێکی کرێکاران بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگو کردن لەسەر داخوازییە رەواکانیان چوونە لای بەرێوەبەری کۆمپانیای نەوت. لە بەرانبەردا بەرێوەبەر پەیمانی پێدان چاوێك بەداخوازییەکاندا بخشێنێ و ئەو داخوازیانەی موعتەدیلە جێبەجێی بکات، بەلام ئەم گفتوگۆیە بێ ئەنجام بوو، چونکە بەرێوەبەر درۆی لەگەڵ کرێکاراندا کردو وەلامی داخوازییەکانی نەدایەوە[٢]. بۆیە کرێکاران وەفدێکیان ناردە لای متصرف (پارێزگار)ی ئەو سەردەمەی کەرکووك کە ئەمین خالص بووو، داخوازییەکانیان خستە بەردەمیو هەرەشەی مانگرتنیان کرد ئەگەر کۆمپانیا وەلامی داخوازیەکان بە زووترین کات نەداتەوە. پارێزگاریش لە رۆژی ١٩ ی حوزەیراندا بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایدا بەلێنی ئەوەی پێدان کە بەرێوەبەری کۆمپانیا نامەی ناردوە بۆ لەندەن بۆ ئەوەی داخوازییەکان جێ بە جێ بکەن[٣]. کرێکاران بە پێی بەیاننامەکەی متصرفەوە چوون و دوو هەفتەیان دیاریکرد بۆ ئەوەی بەرپرسانی کۆمپانیا وەلامی داخوازییە

---

(١)- بەپێی گێرانەوەی نوری فەقێ کەیەکێ بووە لە بەشدارانی مانگرتنەکە :- " مەخفەرەکە کەوتبووە ناوەراستی کۆمپانیای نەوت و چوار پۆلیسی بۆ دانرابوو" بروانە :- لوقمان حسین طاهر - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك لە گاورباغی ( دەستنووس ).

(٢)- من تقریر المفتش الاداري.

(٣)- نفس المصدر.

ڕەواکانیان بداتەوە[٤]. دوا ماوە ڕۆژی ٣ی تەمموز بوو کەوا کۆمپانیا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام وەڵام نەبوو بۆیە لە ڕۆژی ٣ی تەمموز مانگرتنیان ڕاگەیاند [٥].

بەرپرسانی حوکمەت لە شارەکەدا بەخێرایی گەیشتنە بارەگای کۆمپانیـاو پێوەنـدی‌یان بـە نوێنە ری کرێکارانەوە کردو داوای ئەوەکرا کە دەست لە مانگرتن هەڵبگرن[١].

بۆ ڕۆژی دواتر نزیکەی سێ هەزار کرێکـار خۆپیشـاندانێکی ئاشـتیانەیان لـە شـەقامەکانی کەرکووکدا ڕێکخست و چوونە بەردەم پارێزگاو وەفدێکیان چوونە لای وەکیلی متصرف و ئەویش لە وەڵامی داخوازییەکانیان پێی ڕاگەیاندن کەوا گفتوگۆو دانساندن لە گەڵ کۆمپانیای نـەوت بەردەوامە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیـەکانیان و، داوای لە وەفدەکە کـرد بگەڕێنـەوە سـەرکارو بڵاوەی لێ بکەن[٢].

چەند ڕۆژێکی دیکەیش مانگرتن بەردەوامبووو، مانگرتنە کە تادەهات بەرەو ئەوە دەچوو کـە گـەرمتر بێـت لەسـەر داخوازییـە ڕەواکـانی، بـەڵام بـێ ئـەنجام مایـەوە، چـونکە حوکمـەت و بەرێوەبەرانی کۆمپانیا ئامادە نەبوون ئەم کێشەیە بـە ئـەنجام بگـات. بۆیـە ڕۆژی ١٢ی تـەمموز کوبۆنەوەیەك لـە نێـوان متصـرفی تـازەی کـەرکووك و نوێنـەرانی کرێکارانـدا بەسـتراو، لـەو کۆبوونەوەیەدا متصرف داوای لە نوێنەرانی کرێکاران کرد واز لە مانگرتن بهێـنن و بگەڕێنـەوە سەر ئیشەکانیان لە کۆمپانیادا، بەڵام ئەم داوایەی ڕەتکرایەوەو، هەرلەوێدا نوێنـەری کرێکـاران ڕایانگەیاند: ئەگەر کۆمپانیای نـەوت هـەموو داخوازییـەکان جێبـەجێ نـەکات و کرێـی ئـەو ڕۆژانەی مانیان گرتووە پێ نەدرێت ناگەڕێنەوە سەرکار. متصـرفیش ئاگـاداری کردنـەوە ئەگـەر لەسەر مانگرتن و کۆبوونەوەی نایاسایی بەردەوام بن ئەوا ناچـارە بـە زەبـری هێـز بڵاوەیـان پـێ بکات، بەڵام ئەگـەر ویسـتیان کۆببنـەوە ئەوسـا پێویسـتە پێشـوەخت داخوازییـەکی نووسـراو پێشکەش بکەن.

---

(٤)- نفس المصدر.

(٥)- نفس المصدر.

(١) وەکیلی پارێزگار ئەو کاتە صدیق قـادری بـوو نەیئەویسـت مـانگرتنەکـە تەشـەنە بسـێنێ و کارەسـات ڕووبدات، بەڵام کۆمپانیای نەوت لە جێبەجێ کردنی داخوازییەکان خۆی دەشاردەوە. بڕوانە :- لوقمان حسین - مانگرتنی کرێکاران نەوتی کەرکووك لە گاورباغی (دەستنووس ).

(٢)- من التقرير المفتش الاداري سعيد قزاز ومفتش الشرطة محمد صالح حمام – الملفة نفسها.

دوای ئەوەی نوێنەران سەرای حوکمەتیان جێ هێشت و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك گەڕانە وە بۆ گاورباغی لە وێدا سێ هەزار کرێکار چاوەڕێی وەفدەکەیان بوو. هەرئەوکاتەش بەڕێوە بەری پۆلیس پارێزگاری ئاگادار کردە وە کە وا کرێکاران لە گاورباغی کۆبوونەتەوە و داوای لێکرد کەفەرمان دەربکات پۆلیس چیبکات بۆ دانانی سنورێك بۆ ئەم کۆ بوونەوانە. پارێزگاریش – کە تازە هاتبوو ناوی حەسەن فەهمی المدفعی بووو، ڕۆژی ٨ی تەمموز گەیشتبووە کەرکوك - لە وەلأمدا وتی:- کۆبوونەوەی کرێکاران لە وانەیە بیێ بەهۆی یاخی بوون و تێك دانی ئاسایشی کشتی، بۆ یە فەرمانیدا بە پۆلیس کەدەبێ زوترین کات بلاوە بەو مانگرتنە بکرێ، بەپێی ئەوەی لەیاسای (التجمعات الترکی) ژمارە ١٣١ ی ساڵی ١٣٢٨ دا هاتووە کە ڕێگە دەدات ئەو کۆبوونە وانە کە دەبنە هۆی تیك دانی ئاسایشی گشتی بەزەبری هێزو چەك بلاوەی پێ بکرێت.. هەرئەوکاتە متصرف نوسخەیەکی لەم فەرمانە نارد بۆ فیرقەی دووی سوپای عێراق کە بارەگاکەی لە شار بوو. داوای لێیان کرد کەهەندێ هێز بنێرێ بۆ پشتیوانی لە هێزی پۆلیس ئەگەر پیۆیست بوو.

دوای ئەوەی بەڕیوەبەری پۆلیس فەرمانی متصرفی پێ گەیشت. یەکسەر هێزیکی چەکداری کە لە ٤٧ پۆلیس پیادە و ٣٦ پۆلیس سوارە و لەگەل ٧ مفەوەز لە ژێر فەرمانی دوو معاونی پۆلیس پێکهێنا.

ئەم هێزە لەکات ژمێری ٣،٥. ئێوارەی ڕۆژی (١٢) تەمموزدا [1] گەیشتنە گاورباغی هێزە کە لە خۆر ئاواو باشوورەوە گە مارۆی کرێکارانیان دا ئەوانیش بەرەو ڕووی هێزەکە بوونەوە و بەدەنگێکی بەرز داخوازی زیادکردنی کرێ و چاگگردنی باری گوزەرانی کرێکارانی کۆمپانیاکە بوون. معاونی پۆلیس چووە پیشەوە لە کرێکاران و سێ جار ئینزای دا کە بلاوەی لێ بکەن. بەلأم کرێکاران لەسەر داواکانیان سور بوون و ئامادە نە بوون هەروا بەئاسانی بلاوەی لێ بکەن. بۆیە فەرمان درا بە هێزی پۆلیس سوارە کە بە تیلاکانی دەستیان بکەونە گیانیان و بلاوە یان پێ بکەن. تێك هەڵچوون لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد کرێکاران بەبەردو ئەوانیش بەتیلا کەوتنە گیانی یەکتر. کەزانی یان ناتوانن بلاوە یان پێ بکەن. هێزەکەی پۆلیس بەتفەنگەکانیان کەوتنە تەقەکردن لە کرێکاران. ئەوانیش لەبەر ئەوەی بێ چەك بوون و شەڕێکی نابەرامبەر بوو ناچاربوون بەرەوخانووە چۆڵەکانی ئەوناوە رابکەن.

دوای ئەوەی تەقە وەستا پۆلیس کەوتنە پشکنینی ئەو شوێنە و لاشەی کەس دۆزرایەوە و لەگەڵ چەند بریندارێك کە ڕۆژی دواتر یەکێکان لە خەستەخانە مرد. بەوە ژمارەی کوژراو

(١)– وزارة الداخلية.. اضراب عمال شركة النفط العراقية في كركوك من تقرير المفتش الاداري سعيد قزاز ومفتش الشرطة محمد صالح حمام.

هەواڵنامەی کتێب

گەیشتە ٦ کەس و ئەو بریندارانەی کە چوونە خەستەخانە ژمارەیان گەیشتە چوارده کـەس[١].

دکتۆر فاضل حسین بەپشت بەستن بەڕۆژنامــەی (صـوت الاهـالی) ڕۆژی ٢٢ و ٢٣ ی تـەموزی ١٩٤٦ هــەمان ژمــارەی (٥) کــەس کــوژراو (١٤) کــەس برینــدار دووبــاره کردۆتــەوه[٢].

مێژوونووسی عێراقی عبدالرزاق الحسنی هەمان ژماره دووبـاره دەکاتـەوه، بـەلاّم لـە پـەڕاوێزدا بەپشت بەستن بە وتارێکی حاکم جهاد الونداوی کە لە ڕۆژنامەی (التاخی)دا کـه ڕۆژی ٦ /٥ /١٩٧٢ دەرچووەو، لەوێدا حاکم جهاد الونداوی دەڵـێ: " ژمــارەی کوژراوەکـان ١٦ کرێکـارو ئافرەت و منداڵێك بووه، بەلاّم ژمارەی بریندارەکان لە (٣٠.) کەس زیاتر بووه، بـەلاّم لـە ترسـی بەندیخانه نەیانوێراوه بچنه خەستەخانه "[٣].

سعاد خەیریش ژمارەی کوژراوەکان بە ١٦ کەس و بریندار ەکان بە دەیەها کەس دەداتە قەڵەم[١]، بەلاّم بەپێی گێڕانەوەی یەکی لە بەشداربووانی مانگرتنـه کـه کـەنوری فەقێیـه ژمـارەی

---

(١)- دەربارەی شەهیدو بریندارەکان سەرچـاوەکان وەك یـەك نـین، بـەڵکو هەریەکـە ژمارەکـەی بەشـێوەیەك نووسیووه، بۆ نموونه: د. کەمال مەزهەر دەڵێ: بەپێی بەیاننامەی میری (١٦) کەسیان لێ شەهیدکراو (١٥) کەسیان لێ بریندار کرا، بەلاّم ژمارەی بریندارەکان لەوه زۆرتر بوون.. بڕوانـه:- د. کـەمال مـەزهـەر ئەحمـەد - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٤٦ دا، گۆڤاری ( گـەلانی ئاسـیا و ئـەفریقیا )، کـۆڕی زانیاری سۆڤیتی، مۆسکۆ ، ١٩٦٨، ل٥٩ ( بە زمانی ڕووسـییه (زۆر سوپاسـی دەکـەم کـه ڕۆژی ١-١١-٢٠٠١ لە ڕووسییەوه بۆی وەرگێرام).. هەروەها د. اسماعیل احمد یاغی بەپشت بەستن بـه ڕۆژنامـەی (صـوت الاحرار) کە لە ١٥ /٧ /١٩٤٦ دەرچووه ژمارەی کوژراو بە (٥) کەس و ژمـارەی برینـداریش بـه (١٤) کـەس دادەنـات.. بڕوانـه :- د . اسماعیل احمد یـاغی – تطور الحرکة الوطنیـة العراقیـة ١٩٤١ – ١٩٥٢ ، مطبعة الرشاد ، بغداد ، ١٩٧٩ ، ص١٤٠ ٠٠ هەروەها د.عبدالامیر عکام یش پشت بـه هـەمان ڕۆژنامـەی ( صـــوت الاحـــرار ) دەبەســـتێ .. بڕوانـــه:- د . عبـدالامیر هـادي العکـام – تـأریخ حـزب الاسـتقلال العراقي ١٩٤٦ – ١٩٥٨ ، دار الرشید ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص١٩٤

(٢)- د. فاضل حسـین – تـأریخ الحـزب الـوطني الـدیمقراطي ١٩٤٦ – ١٩٥٨، مطبعـة الشـعب، بغـداد، ١٩٦٣، ص٥٢-٥٣

(٣)- عبـدالرزاق الحسـیني – تـأریخ الـوزارات العراقیـة، ط/٧، دار الشـؤون الثقافیـة العامـة، بغـداد ١٩٨٨، ص١١٨

(١)- سعاد خیری – من تاریخ الحرکة الثوریة المعاصرة في العراق ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ص٧٢

(٢)- لوقمان حسین - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە گاورباغی (دەستنووس)

کوژراوەکان بە ٦ کەس دەداتە قەڵەم و ژمارەی بریندارەکان زیاتر لە ٢٥ کەس دەداتە قەڵەم[٢]، بەڵام بەپێی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکییەی خەستەخانەی کەرکوك ڕۆژی ١٣ تموز ١٩٤٦ دەرچووەو لەوێدا ناوی کوژراوەکان هاتووە کە ئەمانەن:-

١-علی کریم حسن

٢- شاهمار ابن الله مراد

٣- غافل علی

٤- شاکر مردان

٥- حسیب سید صالح

٦- علی سعید

ژمارەی بریندارەکانیش کە چوونە تە خەستەخانە بریتی بووە لە چواردە کەس و ژمارەی بریندارەکانی هێزی پۆلیس بریتی بووە لە ٦ پۆلیس[٣]. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کارێکی گەورەی کردە سەر رای گشتی خەڵکی کەرکوك . خەڵکەکەی هەژانر، ڕداوێك بوو کە دەنگی نارەزایی دەربرین لە هەموو کوچە و کۆڵان و شەقامی شاردا بەرز بووەو خەڵکەکە هەواڵی بریندارەکانیان دەپرسی و سەردانیان دەکردو لە خەستخانەکان هەر ئەم نارەزایی دەربرینە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ تموز کرێکاران و جەماوەری شاری کەرکوك و خێزانی شەهیدان و بریندارەکان بەشداری خۆپیشان دانێکی گەورە یان کرد. دژ بە هێزی پۆلیس و کاربەدەستانی ئەوسەردەمە و هەڵوێستی کۆمپانیای نەوت لە ڕەت کردنەوەی داخوازی کرێکاران. ئەم خۆپیشان دانە گەورەیە کە سەرتاسەری شەقامە سەرەکی یەکانی شاری گرتەوە، ئافرەتان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم شارەدا دەنگی نارەزایی یان بەرزکردەوە دژ بەکاری نارەوای هێزی پۆلیس و سەربازەکانی سوپای فیرقەی دووش پشێگیری خۆپشاندانەکەیان دەکرد. خۆپیشاندەران بەرەو (دار الچیافه) کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی چاویان بەو وەفدە بکەوێت کە بەرپرسانی حوکمەت لە بەغداوە ڕەوانەی شاری کەرکووکیان کرد بوو بۆ لێگۆلینەوە لە ڕووداوەکە.[١]

---

(٣)- م. د – الاستمارات الطبیة للقتلی والجرحی الصادرة من مستشفی کرکوك في ١٣ تموز ١٩٤٦، ملفة وزارة الداخلیة.

(١)- حوکمەتی ئەو سەردەمەی بەغدا سێ وەفدی ڕەوانەی شاری کەرکوك کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەو لەم سێ کەسە پێکهاتبوو:-

أ- سعید قزاز – المفتش الاداري في الوزارة الداخلیة

ب- محمد صالح حمام – مفتش الشرطة

ج- هاشم جواد – مدیر مکتب العمال في وزارة الشؤوون الاجتماعیة

دوای ئەوەی پێنج کەس لەوەفدی کرێکاران چاویان بەو بەرپرسانەی حوکمەت کەوت داخوازی کرێکارانیان کورت کردەوە کە لەم داخوازیانە پێکهاتبوو:

- ئەو کرێکار و کەسانەی کە دوای ڕوداوەکەی گاورباغی ١٢ تموز گیراون بەزوترین کات بەربدرێن. لە رچێ دەستەیەکی تایبەتەوە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕوداوەکە بکرێت و سزای ئەنجام دەرانی بدرێت.

- داخوازی یەکانی کرێکاران لە لایەن کۆمپانیای نەوتەوە جێ جێ بکرێت[٢]. وەفدەکە لە بەرانبەر ئەم داخوازیانەدا ڕایانگەیاند: کە تا کرێکاران نەگەڕێنەوە سەرکار و هێمنی شار نە پارێزن ناتوانن چاو بەو داخوازییانەدا بگێڕن. وەفدی کرێکاران بەم پیشنیارە ڕازی بوون و لەگەڵ هاوارە کانیاندا دوای ئەوەی سێ جار هوتافیان بەگیانی کرێکارە شەهیدەکان دا بلاوەیان لێ کرد.

ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٤٦ کرێکارەکان گەڕانەوە سەرکارو ڕۆژی ١٥ی تەموزیش ئەو وەفدەی لە بەغداوە هاتبوو لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوت بە بەشداری پارێزگاری کەرکوک کۆبۆوە. لەوێدا لە داخوازی کرێکارانیان کۆڵییەوە هەردولا لەسەر ئەوە ڕێکە وتن کەوەلامی پێویستیان بدرێتەوە و بڕیارەکە نێردا بۆ لەندەن بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت. ڕۆژی ١٦ تموز کرێکاران هەموو گەڕانەوە سەرکار تەنها ئەوانە نەبێت کە لا لایەن متصرفەوە تەوقیف کرابوون. بەم شێوەیە مانگرتنە کە کۆتایی پێهات دوای ئەوەی بەزۆربەی مافە ڕەواکانیان گەیشتن و، ئەم مانگرتنە یەکەم مانگرتنی بزوتنەوەی ئینتەرنا سیونالیستی یە لە ڕۆژهەلاتی ناوە ڕاستدا چونکە هەر لەوێدا خوێنی کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەنی تێکەڵ بەیەکتری بوون لە پێناوی داخوازی ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاران.

ئەم مانگرتنە بەری خەباتی پێکەوە گرا دراوی ئەومیللە تانە بوو کە لە شاری کەرکووکدا دەژیان، هەروەك چەپەکانی عێراقیش دەوری بزوێنەرو هان دان و جۆشدانی خەباتی کرێکاران بوون . ئەم مانگرتنە لەو سەردەمەدا، نەك هەر کەرکووکی هەژاند، بەڵکو بزووتنەوەی دیموکراسی و دەسکەوتێکی مەزنی بەدەستهێنا. بۆ یە لە نێو کاربەدەستانی ئەو سەردەمەشدا ڕەنگیدایەوە، هەر بەهۆی مانگرتنەکەوە بوو کە عبداللە قصابی وەزیری ناوخۆ دەستی لەکار کێشایەوە، دوای ئەوەی بێ ئومێد بوو کە بەرپرسانی حوکمەت سزای ئەو کەسانە نادەن کە

---

بڕوانە:- تقرير المفتش الاداري سعيد قزاز ومفتش الشرطة محمد صالح حمام.. الملفة نفسها.

(٢)- تقرير المفتش الاداري سعيد قزاز ومفتش الشرطة محمد صالح حمام.. الملفة نفسها.

هۆکاری ئەم ڕووداوەیان لە ئەستۆدا بووە[1]. نەك هەر ئەمەش مانگرتنەکە هەڵوێستێکی یەکگرتووی لای پارتە ئاشکراکانی عێراق[2] درووستکرد کە پشتگیری داخوازیی کرێکاران بکەن و بە توندیش ناڕەزایی دژی بەکارهێنانی چەك و هێز بوون بۆ دامرکانەوەی مانگرتنەکە.

عەبدوڵڵا سەڕاج لە ڕۆمانەکەیدا باس لە خێزانیکی زەحمەتکێشی کرێکاری کوردی شاری کەرکووك دەکات. تۆفیق کە شاکەسە لە ڕۆمانەکەدا و دەوری سەرەکی دەبینێ.

ئەو کرێکارەبە کە دوای مردنی قالە هەرزانیی باوکی ئەرکی بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی خێزانە کەی دەکەوێتە ئەستۆ. دایکی بۆی دەگێڕێتەوە کەوا کاتی خۆی باوکی لەمانگرتنەکەی گاورباغی بەشداری کردووە و دوای ئەوەی لەکاردەر کراوە هەر لە خۆشی ئەوەی کە لە کۆمپانیای نەوەت بووە دەست دەکات بە نەوت فرۆشتین بە عەرەبانە بۆ ئەوەی خێزانەکەی بەخێوبکات بەلاَم تۆفیق لە خەڵکی شاری کەرکووکدا بیستووە کە گوایا: " لە دوانزەی تەموزی ١٩٤٦ دا کرێکاران پاش ئەوەی مەزبە تەیەکی نا ڕەزایی یان دایە کاربەدەستە ئینگلیزەکان، وەرەکشاب وستۆر و جێئیشەکانیان بە جێهێلاّ. یەکەمین ڕۆژ لە (تالم تەپە) گەنم گردیان کرد. بۆ ڕۆژی دوایش، لە ژێر دار زەیتونەکانی گاورباخیدا کۆمەڵ بوونەوە، ئەوانەی سەرپەرشتی مانگرتنەکەیان دەکرد گیانی خۆراگرتنی و نەبەزینیان لای کرێکاران دەبزواند. بۆ ڕۆژی حەوتەمینی مانگرتنەکە، دەسیر یژیان لێ کراو دوای ئەوەش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەسێك نەیوێرا بچێتە سەرکار. زۆریان لێ قۆڵبەست کران و نێردرانە بەندیخانەکان. وەکو بیستم یوسف حەنناو ڕەسوڵ ناوێك لە رابەرانی مانگرتنە کە بوون ژمارەی کوژراو لە ١٠. کرێکار پتر بوو، هەروە ها بریندااران کاربە دەستە دەسرۆیە ئینگلیزەکان زۆربەیان کۆنە ئەفسەری جێماوی شەڕی گێتی دووەم بوون. مستەر میللەرو گرین ومیستەر نازانم کێ هەندە ڕکیان لە وکارە کۆمەکی یەی کرێکاران بوو. بەدزی و بەئاشکرا هانی دەستەو دایە رەوچڵکاو خۆرەکانیان دەدا بۆ ئەوەی دار زەیتونەکان ببڕنەوە و ڕەگەکانیان بسوتێنن بە و بیانووەی گوایا زەوی تەخت دە بێ بۆ بنیات نانی خانوو بەرەو شتی تر !! کرێکارانی (ستپلاین) بەگشتی بەشداری مانگرتنە کە بوون تەنیا

(١)- بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە دەقی ئەونامەیەی عبدالله القصاب کە بۆ عبدالرزاق الحسنی مێژوونووسی عێراق ناردووەو تیایدا بەدرێژی باسی دەست لەکارکێشانەوەی لە پۆستی وەزارەتی ناوخۆدا کردووە... بڕوانە:- عبدالرزاق الحسني – تأريخ الوزارات العراقية، ط/٧، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص ١١٩ – ١٢١

(٢)- ئەو حیزبانە ئەمانە بوون : حزب الاتحاد الوطني ، حزب الشعب ، الحزب الوطني الديمقراطي وحزب الاستقلال وحزب الأحرار.. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:- قيس عبدالحسني الياسري – الصحافة العراقية والحركة الوطنية العراقية من نهاية الحرب العالمية الثانية حتى ثورة ١٩٥٨ ، بغداد ، ١٩٧٨

دەستەیەکی کەم نەبێ، لە ناو خەڵکدا بە (حاجی گرین) جا ڕیان بۆ دەدا، لـە پاداشـتی ئـەوەش پلە و گرێتیان وەرگرت و ستافیان لێ هەڵکەوت " [١].

کەواتە گێڕەرەوەر ئەو کەسانەن کەوا خەڵکی شاری کـە رکـوکن و لـە نزیکـەوە ئاگایـان لـە ڕووداوەکە بووە بەڵام بەداخەوە ڕۆماننووس ڕووداوەکەی تێکـەڵ و پێکـەڵ کـردووە و حەقیقـەتی ئاوەژوو کردۆتەوە.

ڕۆماووس کە ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە تووشی هەڵە بووە بەپێی سەرچـاوەی بـاوەڕپێکراو ئـەوەمان سەلماند کە مانگرتنەکە ڕۆژی سێی تەمووز دەستی پێ کردبـوو بەشـداربووان لـە ڕۆژی ١٢ ی تەموز کەوتنە بەر شالاّوی دڕندانەی هێزی پۆلیس کەرکوك. کەواتە مـاوەکە ١. ڕۆژی خایاندووە نەك حەوت ڕۆژ.

کەواتە ڕۆمـاننووس بەتەواوی ئاگای لە ڕووداوەکە نە بووە چـونکە ئەگـەر ئاگـاداری هەبوایـە ماوەکەی دەزانی!! کەدێتە سەر ژمارەی کوژراو بە ١ کەس پتری دەداتە قەڵەم. بەڵام وەکـو ئێمـە لە پێش دا ڕوونمان کردەوە ٦ کەس بوونە قوربانی داوا ڕەواکانیان.

کەواتە ڕۆمـاننووس کە تۆفیق دەکاتە ئەوکە سەی بەدوای ڕاستیدا وێڵـەو دەیـە وێـت پـتر لـە مانگرتنە کە حاڵی بێت بەڵام بەداخەوە زانیاری یەکانی لە مەڕ مانگرتنەکە وە زۆر لە ڕاستی وە دوورە کەپشت بەخەڵکی کە رکوکیش دەبەستێ و ئەوان دەکات بەشاهید بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکـە بە داخەوە شاهیدەکانیش تێنوێتی تۆفیق ناشکێنن ئەگەر ڕۆماننووس بڵێت من هـاتووم ڕۆمـان دەنووسم نەك مێژوو ئەوا دەڵـێم مادامــەکی باسـی ڕوداوەکـەی کـردووەو ئەیـەوێت مـانگرتنی گاورباخی بەخەڵکی ئاشنا بکات دەبوایە لە سەرچاوەی باوە ڕپێکراو زانیاری هەڵ بهێنجایە و لە زاری خەڵکی شارەوە بۆ تۆفیق بگێڕدرایە تەوە ئەوکات خوێنەر ڕاستی ڕوداوەکەی بۆ دەردەکـەوت و ڕۆمانەکەشی زیاتر دە رازاننەوە !!.

دیارە تۆفیق وێڵە بە دوای ڕاستیی ڕووداوەکە، چـونکە خۆشـی کرێکـارەو دەیـەوێت پـتر لـەو مانگرتنە کە کەرکووکی هەژاند شارەزا بێت بۆ یە پەنا دەبات بۆ دۆسـتێکی بـاوکی کـە نـاوی سەید وەلییە پێکەوە لە گەڵ باوکیا لە مانگرتنە کە بەشدار بوون و بۆ ئەوەی ڕاسـتی ڕوداوەکـە بزانێ ئەویش بۆی دەگێڕێتەوە کەوا: " لە و مانگرتنەدا، یوسف حەننا یەکمان لێ ڕاسـت بـۆوە و خۆی بەسەرپە رشتکار دانا هەردە تگـوت پارچـە ئـاگرە نـوتقی دەداو لـە بـان بـەرزایی کـەوە کرێکارانی دەهەژاند. پاشان هەر ئەو یوسفە لە ژێرە دەستی لەگەڵ مستەرگریندا تێکـەڵ کـرد. بووە فۆرمەن هەندێك گوتیان دوایی چۆتە ئەمەریکا و گەورەتر بووە "[١].

بۆ لێکۆلینەوە لە ڕاستی ئـەم ڕووداوەش پـەنام بـردە بـەر یـەکێ لـەو کەسـانەی بەشـداری مانگرتنەکە بووە بـۆ ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو زانیارییانـەی سـەید وەلی، بـەڵام دەرکـەوت کـە

ڕۆماننووس لە حەقیقەت دەرچووە و ڕاستی پێشێل کردووە چونکە یوسف حەننا خۆی نەفرۆشت و لە ژێرەوە دەستی لە گەڵ مستر گرین تێکەڵ نەکرد !! هەروەك نوری فەقێ دەڵێت:

" یوسف حەننا ئەسڵەن کرێکاری کۆمپانیا نەبووە بەڵکو یەکێك بووە لەو کەسانەی کە لەدەرەوەی کۆمپانیا هانی ئەو کرێکارانەی دەدا کە دەبوونە وەفد بۆ دا نوساندن لەگەڵ بەڕێوبەری کۆمپانیا و کاربەدەستانی پارێزگای کەرکوك بۆ ئەوەی سوربن لەسەر داخوازییە ڕەوا کانیان و بەهیچ کلۆ جێك تە نازول لە مافەکانیان نەکەن"[1].

کەواتە ڕۆماننووس بێ ئاگا بووە ڕوداوەکە و، خۆی ماندوو نەکردووە تا ڕاستی ڕووداوەکە دەربخات بۆ یە نەیتوانیوە وێنەیەکی ڕاستگۆیانە بۆ ڕووداوەکە بکێشێ ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی دەربارەی ئەم ڕۆمانەش نوسیویانە توخنی ئەم مەسەلەیە نەکەوتوون و ڕەخنەیان لێی نەگرتووە!![2].

تۆفیق دوایی مردنی قالە هەرزانیی باوکی، کە دوای مانگرتنە کە بە ماوەیەك کۆچی دووایی دەکات واز لە قوتابخا نەدەهێنی و هەروەك خۆی دەڵێت: " هەرمردنی باوکیشم بووە هۆی ئەوەی کە پاش برینی پۆلی سێیەمی ناوەندی لە قوتابخانە دابڕێم و ڕوولە بازاڕو کا ربکەم خۆت بگرە شاگردی نانەوایی خۆت بگرە شووشە فرۆش سەر عەربانەی گەڕۆك وملـ ملانی لە گەڵ ستەم و نەبونیدا هەتا ڕۆژێك دەرویەکم لێ والاّ بوو. لە لای حەمەشینی قۆنتەراتگر دامەزرام بە چاوشی کرێکاران "[3].

لەسەر ئەم ئیشە بەردەوام دەبێت تالە وە ئاگادار دەبێت کە حەمەشین فێڵ لە کرێکاران دەکات و قۆڵیان دەبڕێت بۆیە تۆفیق بۆ بەرگری کردن لە مافی کرێکاران لەگەڵ حەمە دەبێ بەشەڕیان کە لەم دیالۆگە نێوان تۆفیق و حەمەشین دا هەست بە وەرچەرخانێك دەکەی لە هۆشیاری تۆفیقدا:

تۆفیق:- سەعات و نیوێك زیادانە ئیشیان پێ دەکەیت و...

هەواڵنامەی کتێب

---

(١)- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری فەقێ لە ڕۆژی ٥ / ١١ /٢٠٠١ لە شاری کەرکووك

(٢)- بڕوانە:- أ- عادل گەرمیانی - ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا، نامەی ماستەرە پێشکەش کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا کراوە ، ١٩٩٦

ب- ابراهیم قادر محمد - ڕۆمانی کوردی لە عێرقدا. نامەی ماستەر کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ئەیلولی ١٩٩٠

(٣)- عەبدوڵلاّ سەڕاج - هەڵکشان بەرەو لوتکە ،ل٣٥-٣٦

حەمەشین:- ئێ

تۆفیق:- ئەوەش کەنە خۆش کەوت یان مرد چش

حەمە:- ئێ

تۆفیق:- بۆ سبەینێ قۆڕ سەرێکی تر جێگای دەگرێتەوە

حەمە:- ئیتر چی ؟!

تۆفیق:- زۆری تریش

ئیتر کە حەمە شین هەست دەکات کە وا تۆفیق بەڕە نگاری بـۆ تـەوە دەیـەوێت ڕاسـتیـیەکان دەربخات بۆ یە تورە دەبێ و هاواری بەسەردا دەکات کەوا:-

حەمە:- بۆ دەرەوە هەی هەیهەی. هەی کوڕی قالە نەوتفرۆش

تۆفیق:- ناوی باوکم مەزڕێنە ئەو لەیادی خەڵکدا، گرەوی لە سەدانی وەك تۆبر دۆتەوە

حەمە:- دەزانم باوکت لە هەرای گاورباخی یەکدا فنیش کراوە.

تۆفیق:- ئەی وەکو تۆ پیاوی ئینگلیزی بێ وکلکە لەقێ بکات بۆ نوری سەعید وساڵح جەبر!!

دیارە حەمەشین دەیتوانی بەئاسـانی تۆفیـق لەبەندیخانـە توونـد بکـات و ئـازارو ئەشـکەنجە بدرێت، بەڵام دەستە کەی حەمە بە پاڵە پەستۆو تەکان تا جاوەکە دووری دەخەنەوە هـە رچـەند تۆفیق دەزانێت کە کرێکارەکان بەدڵ لە گەڵیان، بەڵام لە ترسی نان بڕین ودەرکردن بەها نایـەوە نەهاتن. کە ئەمەش خەباتی تاکە کەسی دەردەخـات چـونکە هـیج نەبوایـە دەبوایـە کرێکـاران نارەزایی خۆیان پیشان بدایە ئەمە لە کاتێکدا کە تۆفیق بەرگری لە مافە کانی ئـەوان دەکـات کە تۆفیق دەردەکرێتە دەرەوە پەنجەی تورەیی را دەوەشێنی لە حەمە شین.

تۆفیق:- دەرکردنی کرێکار پیشەتە

حەمە:- بڕۆ باگاورباخی نانت بدات

کە تورەبون دەگاتە ئەوپەڕی لەلای تۆفیق بێسڵەمینە وترس رابردووی حەمەشین دەردەخـات کـە چون ساڵی ١٩٥٦ لە کاتی هێرشە سێ قۆڵیەکەی سەر میسر ئەو کرێکارانی بەفـەتارەت داوە. هەڕەشەی ئەوەشی لێ دەکات کە:- (دەبێ ڕۆژێك تەخت و تاجی تۆ و ئەوەی پێوەی دەنـازی ژێـرو ژوور بێت) کە دەزانێ لەمە زیاتر ناتوانێ بلێ ناچار ئەوێ بەجێ دێلێت .

دوای دەرکردنی لە ئیش دەست دەکات بە ئالۆ وێری سەرپێ یی پاشان بـەهۆی خالۆیـەوە ئـەو ڕەحمان بەگی نفووس دەناسێ ئەم پیاوە نیشتمان پەروەرە کـارێکی زۆر دەکاتـە سـەر کەسـایەتی تۆفیق و بە جارێك دەیگۆڕێت و وای لێ دەکات کە لێکدانەوە و شیکردنە وەی بۆ ژیان و تەنگوچە ڵەمەی خەڵکی زیاتر بێت و بتوانێ وەکو کە سێکی خەمخۆر لە خەباتی میللەتەکەیدا بە شداری ڕاستی قینە بکات ئەم برادەرییە بە قازانجی هۆشیاری کەسایەتی تۆفیق دەگەڕێتەوە لـە پاشـان

ئەورەحمان بەهۆی هەڵوێستی کورد پەروە رانەی و دژایەتی کردنی ڕژێمی پاشایەتی لە بەندیخانە قایم دەکرێت. دەکەوێتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی کار بە دەستان و بەدڕندەترین شێوەی ئازار و ئەشکەنجە لە بەندیخانە گیانی لە دەست دەدا ئەم ڕووداوە هۆش و بیری تۆفیق ئازار دەداو لە ناخەوە گیانی تۆڵەسەندن و یاخی بوونی لەلا دروست دەکات لە کارکردن بەردەوام دەبێ تا لەگەڵ سالاری هاوڕێیدا کە قوتابی بوو لە بەغدا دەخوێنێ و لە پشووی هاوینا کار دەکات پێکەوە لە کۆمپانیای ((کات)) کە خەریکی قیرتاوکرنی ڕێگای نێوان سلێمانی و کەرکووکی پێ سپێراوە دادەمەزرێن. سالاریش لە لای خۆیەوە کارێکی گەورە لەسەر هزرو هەڵوێستی تۆفیق دادەنا ئەوکاتەی شۆڕشی چواردەی تەمموز ڕوودەدات ئەم لە خەستەخانەیە و لەبەر ئەوەی پەراسویەکی شکاوە بۆ یەکە هەواڵی سەرکە وتنی شۆڕش لە رادیۆوە دەبیسێ و دەزانێ کە ڕژێمی کۆماری هاتۆتە جێگای حوکمەتی پاشایی. بۆ یە بێ ئەوەی چاك بێتەوە لەسەر مەسئولیەتی خۆی لە خەستەخانە دەردچێت، بەڵام وا دیارە ئەم ڕووداوە کار لە تۆفیق ناکاو بەچاوێکی سووکەوە لە شۆڕش دەڕوانێت .

ڕاستە شۆڕشی ١٤ تەموز گۆرانێکی بنەڕەتی بوو لەکۆمەڵگای عێراقیدا و هێزو لایەنە نیشتمانییەکانی ئەوسەردەمە بەگەرمی پێشوازیان لەم شۆڕشە کرد. بەڵام من وای بۆ ئەچم کەخودی ڕۆماننووس وەکو ئێشا کە بیری کردۆتەوەو دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە کە شۆڕش لە پەیامەکانی پاشگەزبووە و بەرامبەر گەلەکەی ئەمیش کەمی نەکرد. بۆیە وەها دەزانێت کە تۆفیقیش وا بیری کردۆتەوە، بەڵام نابوایە ئەمە هەڵوێستی ئەو بوایە چونکە خۆی و باوکی چەوساوەی ڕژێمی پاشایەتی ی بوون و کەمیان نەچێژا بەهۆی ئەو ڕژێمەوە پاشان تۆفیق دوای سێ ساڵ لە شۆڕشی ١٤ تەمموز لە گەڵ دوو هاوڕێیدا کە سالار و حەمە سوورن ڕوو لە چیا دەکەن و بەشداری شۆڕشی ئەیلول دەکەن بەڵام ئەوەی جێ سەرنجە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆماننوس خۆی لە کارەساتی کورد و تورکمان لە ساڵی ١٩٥٩ دا بواردووە و بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بۆ نەکردووە لە کاتێکدا ئەم ڕووداوەش بۆ ئەوسەردەمەی شاری کەرکووك وعێراق ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو دوای ماوەیەك سالاری هاورای ڕائەسپێرێ کە بچێتە شارو هەواڵی ژنەکەی و منداڵەکانی بۆ بێنێ بەڵام لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە سالار گەیشتبێتە وە کەرکووك و ڕوونی ناکاتەوە ئەمجار نەوزادی کوڕی تۆفیق کە ئەویش کرێکارە و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە. دەیەوێت لە گەڵ دلێردا کە هاورێیەتی درێژە بەخەبات بدەن بەشداری شۆڕشی گەلەکەیان بن کەواتە ڕۆمانەکە بەکراوەیی ماوەتەوە و بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێك بەدەستەوە بدات. بەواتا ڕۆمانەکە توانای ئەوەی هەیە کە بەرگی تری بەدوادا بێت بەڵام نەفەس کورتی ڕۆماننوس لە درێژەدان کورتی هێناوەو نەیتوانیوە کۆتایی پێ بێنێ وهیچ ئاماژە یەك لە سەر بەرگی

ڕۆمانەکەش نىیەکە بەرگى ترى هەبێت کەواتە نووسەر ڕۆمانەکەی پێتەواونەکراوە و بەکراوەیی ماوەتەوە.

عەبدوڵڵا سەڕاج لەم ڕۆمانەیدا کە دەکرێت ناوی یاداشتی لێ بنرێت، چونکە ئەوکەس و ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە هەمووی لە هزروبیری خەڵکی شاری کەرکووکدا زیندوون و نامۆنین چونکە ئەو کەسایەتییانە بەناوی حەقیقی خۆیانەوە ناویان لە ڕۆمانەکەدا هاتووە. بەڵام ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەگەڵ یاداشتەکانی هەژاری موکریانی کە ناوی ناوە (چێشتی مجێور) بەراورد بکرێت ئەوا بێگومان ڕەگەزەکانی ڕۆمان لە دوهەمدا زیاتر بەکار هاتوون وهونەریانەتر نوسراوە و بەسەرهاتی خۆی بەشێوازێکی هونەریانەی بەرز نووسیووە ئەگەر دەستکاری بکرێو هەندێك شتی لاوەکی لا ببرێت ئەوا دەڵێم چێشتی مجێور ڕۆمان ترە: کەسایەتی سالار کەهاورا ی تۆفیقە و لە خەباتی چەکداری لە گەڵیا بەشداره کە سایەتی خودی عەبدوڵڵا سەڕاج خۆیەتی ئەوەی کە سایەتی نوسەر بناسێ دەزانێت کە چون عەبدوڵڵا سەڕاج سەرەتا دەبێت بە مامۆستا و لە حەوتەغار دادەمەزرا و چۆنیش لەگەڵ هونەری تەشکیلیدا پێوەندی هەبووە وێنەی کێشاوە لە هەندێ شوێن لە ڕۆمانەکەدا دیسانەوە کەسایەتی تۆفیق لە خودی نوسەر نزیك دەبێتەوە لە لاپەڕە (٢٥١) ی ڕۆمانەکە تۆفیق بە سالار دەڵێت: کە لە ناوشۆڕشدا ناوی بووە بە میرزا شوان کە ئەوەی عەبدوڵڵا سەڕاج بناسێ دەزانێت لە شۆڕشی ئەیلولدا کادیر بووە و ناوی میرزا شوان بووە کە چەندساڵێکیش خەڵکی کەرکووك و دیهاتەکانی بە میرزا شوان ناویان دەبرد. کە واتە ڕۆماننوس بەسەرهاتی خۆی لە دووکە سی جیاواز دا ((کە سالار کت ومت خۆیەتی و تۆفیقیش لە هەندێ)) شۆینا بەرجەستە دەکات.

ڕۆمانی هەڵکشان بەرەو لوتکە کەرەستەیەکی یەکجار زۆری فولکۆری کوردی تیادا ئاخنراوە کە بەزۆرەملێ بەسەر ڕۆمانەکەیدا چەسپاندوە کە لە خزمەتی هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکاندا نییەو نرخی هونەری ڕۆمانەکەی هێناوەتە خوار دەکرا هەر ڕووداوی گاورباخی سەرجەمی ڕۆمانەکەی بۆ تەرخان بکرایە ئەگەر پشتی بەسەرچاوەو ژیانی ئەو کاتەی خەڵکەکەی ببەستایە بەڵام بێ ئاگایی ڕۆماننووس لە ڕوداوە مێژووییەکان و پەیڕەو بەشیکردنەوەی دەرونی ئەوسەردەمەو درێژە دان بە شۆڕبوونەوە بە ناخی کەسایەتییەکاندا نەیتوانیوە وێنەیەکی ئەوسەردەمەی گاورباخی و دوای گاورباخی بەووردی دەست نیشان بکات.

هەڵبژاردنی شوێن بۆ ڕۆمان یەکێکە لە ڕەگەزەکانی هونەری ئەم جۆرە ئەدەبە بۆ ئەوەی ڕۆماننوس لە بینای ڕۆمانەکەیدا ململانێ و ناکۆکی چین و توێژە جیا جیا کانی کۆمەڵ لە وشوێنە دا بەرجەستە بکات.

هەواڵنامەی کتێب

هەڵبژاردنی کەرکووك بۆ ئەم ڕۆمانە مانایەکی تر دەبەخشێت. ئەم شارە کە شانۆی ڕوداوەکانی لە سەر بنیات نراوە یەکێکە لەشارە گەورەکانی کوردستانی عێراق و مەڵبەندێکی گرنگی بەروبوومی نەوت لە سەرتاسەری عێراقداو شوێنی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەو مەڵبەندێکی گرنگی شارستانییە جگە لەوەش مەڵبەندی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئاینی جۆراو جۆرە و کە پێکەوە ژیانێکی برایانە بەسەر دەبەن.

عەبدوڵلا سەڕاج کەرکووکی هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی لە سەرەتادا کاربەدەستانی ڕووسیا ئەو کوردانە نابەنە سەرباز (عەسکەر)، بەلام دوای ماوەیەك ئەوانیش بەهەمان شێوە دەبەنە عەسکەری لەوکەسانە کەوا ڕۆشتن بو سوپای رووسیا (عومەر) و (سەرتیب) ی کوڕی جاورسەکان لە شەرێکدا تورکەکان ئەشکێنن ئەگەنە ئەو ناوچانەی کەوا لەکاتی خۆیدا ئەو هۆزە کوردانەی لێی جێنشین بووبوون دوای ئەوەی (عومەر) چاوی بە خاکی باوباپیری دەکەوێت دەست ئەکا بە گریان ئینجا لەویش چاوی بە زۆر کوردێك دەکەوێت ئینجا سوپای رووسیا بە رەو پێشەوە دەروات تاوەکو ئەگەنە ناوچەی (ئەرزرووم) بۆ ئەوەی ڕووسەکان رێگای هاتوچۆیان ئاسان بێت دەست ئەکەنە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر، ڕووسەکانیش هەموویان ماندوون، لەو ماوەیەدا بەشێك لە کوردەکان رووسی نازن داوایان کرد لە خەڵکی کورد بڕۆن خۆیان پێشاندان دروست بکەن لە ڕووسیادا.

بچووکترین زانیاری لەمەڕ گەڕەك و کۆڵان وشەخس و.. هتد لە بیر نەکات و لەبارەیەوە بنوسێ، چونکە واقیعییەکانی سەدەی نۆ زدەهەمی ئەوروپا لە ڕۆمانە کانیاندا لە سەر هەموو شەقام و خانوویەك چەند لاپەڕەیەکیان دەنوسی بۆ ئەوەی جوانکاری شوێن بپارێزن. بەلام مارکیز دەڵێت:-
" دوو شارم هەیە یەکەمیان لە واقیع و دووەمیان لە ڕۆماندا نابێ شاری یەکەم لە شاری دووەم بچێت، چونکە ڕۆماننووس نابێ کۆپیەی شارێکی دیاری کراو بکات " (١) .

مەبەستی ڕۆماننوس لە هەڵبژاردنی کەرکووك بۆ ڕۆمانەکەی مەبەستی ئەوە بووە کە جوگرافیایەکی تیروتەسەلی لەسەر بنووسێت و ڕێبەرێك (دلیل) بێت بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزای شارەکە نین. بەلام مەرج نییە کە ڕۆماننوس شارێکی هەڵبژارد بۆ ڕۆمانەکەی ئیتر مەحکوم بێت بەهەموو سیفەتەکانی شوێنەوە کەواتە عەبدوڵلا سەڕاج نەیتوانیوە کەرکووك لە ڕۆمانەکەیدا لە شارێکی واقعی جوگرافیاوە بگۆڕێت بۆ شارێکی ڕۆمانکارو ئیستاتیکای شوێن زیندوو ڕابگرێت.

## تەوەری دووەم

# ڕەنگدانەوەی کێشەی کورد لە شاری کەرکوك پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس)و (عەلی بەستێ)دا سرووشتی کارەساتەکەی ساڵی ١٩٥٩ لە کەرکووکدا

بۆ تێگەیشتن لەم ڕووداوە، یان هۆی بەرپابوونی ئەم کارەساتە، ڕەنگە نەتوانین ڕاشکاوانە لە هۆیەکانی ئەم ڕووداوە تێ بگەین، چونکە ڕووداوەکانی ئەوەندە تێك چرژاون ڕەنگە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوە هێشتا بە نادیاری بمێنێتەوە، چونکە لێکۆڵەر نا توانێت بێ لایەنانە ڕووداوەکە شیبکاتەوە. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەو بەڵگە نامانە بە جۆرێك باس لەم ڕووداوە دەکەن، کە شەنوکەو کردنیان و ڕاستی ڕووداوەکە کارێکی ئاسان نەبێت، بەلاّم لەو بڕوایەدام کە چۆنێتی کارەساتەکە بەهەر هەڵسەنگاندن و گۆشە نیگایەکەوە باس بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

کوردو تورکمان کە هەردووکیان قوربانی ئەم کارەساتە بوون مێژووی ئەم دوو نەتەوەیە خاڵییە لە کارەساتی لەم جۆرە لە رابردوودا " مێژوو شاهیدە کە ئەم دوو نەتەوەیە چۆن تێکەڵ بوونە لەگەڵ یەکترو لاپەڕەیەکی پرشنگداری خزمایەتی و خۆشەویستی و هاوسێتیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە " [(١)].

کەواتە هۆی سەرەکیی کارەسەتاکە هۆیە دەرەکییەکان بووە زیاد لەوەی لەناو خودی شارەکەوە سەریهەڵدابێت، بەلاّم دیارە مێژوو کاری ڕاستکردنەوەو بەرپەرچدانەوەی ئەو هەلاّنەیە کە ڕێگا خۆشکەر دەبن بۆ ڕوودانی کارەساتی لەو جۆرە لە پاشە ڕۆژدا. شۆڕشی چواردەی تەمموز خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی گەلانی عێراقداو، ئەم شۆڕشە کە حوکمی پاشایەتی ڕووخان و عێراقییەکان بە هۆی ئەم شۆڕشەوە بوونە خاوەن ولاّتێکی ڕزگارکراوەی خۆیان. دیارە هەموو شۆڕشێك لە جیهاندا ناتوانێت هەموو گەل بۆ لای خۆی رابکێشێت و خەڵکی لێی ڕازی بن.

---

(١)- بە هۆی داگیرکردنی سەرتاپای خاکی عێراق لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تورك لە عێراق نیشتەجێبوونە. شاری کەرکوکیش یەکێکە لەو شارانە بەهۆی دەسەلاّتی تورکەوە زۆر کەس لە عەشیرەتە ناودارەکانی کورد لەناو ئەوانەدا تواونەتەوە. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:
شاکر صابر الضابط – موجز تاريخ التركمان في العراق ، ج/١ ، بغداد ، ١٩٦٠

دەبێت خەڵکانێ هەبن کە بەرهەڵستی ئەم شۆڕشە بکەن چ بە هێزی چەك یاخود بە هەر هۆیەك کە بۆیاان بگونجێ.

دەربارەی شۆڕشی چواردەی تەمموز زۆر نوسراوەو [١]، پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ ئێمە ئەوەیە کە هۆی ڕوودانی ئەم کارەساتە تێبگەین و لە گۆشە نیگایەکی شۆڤینانەوە بۆی نەڕوانین.

کاتێك عبدالکریم قاسم دەسەڵاتی گرتە دەست لە زۆر لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە دابویە گەل پەشیمان بووبووەوە " سەرەتا بۆ ڕازیکردنی دڵی شیوعیەکان و بە هۆی ئەوەی جەماوەرێکی زۆری لەناو خەڵکا هەبوو ئەوانیش لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشدا پشتیوانییان لێکردو هەر هەمان ڕۆژ بەیاننامەی حیزبی شیوعی عێراقی بۆ شۆڕشەکە دەرچووو، لە ڕۆژی هەژدەی تەمموز لە ڕۆژنامەی زمان حاڵیان، کە (اتحاد الشعب) بوو، بڵاوکرایەوە[٢].

لەو بەیاننامەیەدا سەرەرای پشتیوانییان بۆ شۆڕشەکە داوای بەردانی زیندانییە سیاسیەکانیان و خەباتگێڕو تێکۆشەرانی خەڵکی عێراقیان کرد لە کوردو عەرەب ئەوانەی لە کاتی حوکمی پاشایەتیدا گیرابوون و، گەڕانەوەی ئەوانەی نەفی کرابوون و ڕەگەز نامەیان لێ سەنراوەتەوە بگەرێنەوە وڵات. هەروەها لەو بەیاننامەیەدا داوا لە گەلی عێراق کراوە، کەوا لیژنەی بەرگری لە کۆمار لەناو کارگەو گەرەکەکان و دامەزراوەکان دابمەزرێن. ئەو بۆچوونەی ئەو کاتەی حیزب لەبەر ئەوە بوو کە بنکەیەکی پتەوی لەناو خەڵکی عێراقدا هەبوو بە هۆی ئەو خەباتە نهێنییەی کە مێژوویەکی درێژی هەبوو "سەرەتا حیزبی شیوعی توانی کۆنترۆڵی هەموو ئەو ڕێکخراوە دامەزراوانە بکات کە لەو سەردەمەدا هەبوون، بەڵام حیزب لەوە نیگەران

---

(١)- ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر شۆڕشی چواردەی تەمموز نوسراون گەلێك زۆرن، بەڵام ئێمە تەنیا ناوی چەند سەرچاوەیەك دەبەین :

١- فاضل حسين – سقوط النظام الملكي في العراق، دار الهنا للطباعة، القاهرة، ١٩٧٤

٢- صبيح علي غالب – قصة ثورة ١٤ تموز والضباط الأحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشر، ط/٢، بغداد، ١٩٧١

٣- كاراكتاكوس – ثورة العراق ١٤ تموز، ترجمة: خيري حماد، المكتب العالمي للتأليف، بيروت، بلا سنة طبع

٤- حسين مروة – ثورة العراق ١٩٥٨ – دار الفكر الجديد ، بيروت ، ١٩٥٨

٥- ليث عبدالحسين الزبيدي – ثورة ١٤ تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، ط/٢، بغداد، ١٩٨١

(٢)- بيان الحزب الشيوعي العراقي الصادر في ١٤ تموز، صحيفة اتحاد الشعب، ع/١٤٧، س/١، ١٨ تموز ١٩٥٨

بوو کە سەرەرای پشتگیری تەواوی بۆ کۆمار، بەلاّم لە پرۆسەی بەرێوەبردنی حوکمی عێراقدا ئەو دەورەی نەدرابوبێ لەبەر ئەوە بە ئاشکرا لە رۆژنامەکەیاندا بانگەشەی بەشداریکردنیان لە حوکمدا دەکرد "[1].

بەهۆی نزیکبوونەوەی یادی یەك ساڵەی شۆرشی چواردەی تەمموز حوکمەت گۆرانکاری لە وەزارەتدا کردو رۆژی سیانزەی تەمموز چەند وەزیرێکی چەپی بۆ کابینە نوێیەکە دامەزراند[2]. ئەم گۆرانکارییە بووە هۆی ئەوەی کەوا حیزب لە رێگەی رۆژنامەکەیانەوە بانگەشە بۆ ئەوە بکەن کە توخنی ئەو هێزە کۆنە پەرستانە نەکەون کەوا کۆ ئەبنەوە بۆ یاد کردنەوەی یەك ساڵەی شۆرش، چونکە یادی یەك ساڵەی شۆرش رێکەوتی رۆژی عاشورا بوو، کەوا جەژنێکی پیرۆزی کەسانی شیعەیەو ئەوان لەو رۆژەدا یادی ئەو بۆنە ئاینییە دەکەن[3]. بۆیە حیزب لەو رۆژەدا لەوە دەترسا کۆنە پەرستان و ئەوانەی دژی حوکمی کۆمارین ئەو رۆژە بقۆزنەوە بۆ هێرش کردنە سەر ئەندام و لایەنگرانی حیزب و بەهۆی پێکدادان و شەرو شۆرەوە لەوانەیە تووشی گێرۆدەو کێشەبێن لەگەڵ کاربەدەستانی حوکمی کۆمارو ئەو پێوەندییە توندو تۆڵە لەیەك بترازێ و " لەم راگەیاندنەی حیزب دیارە لەخۆوە نەبوو بەڵکو بەباشی هەلومەرجە بابەتییەکانی ئەو سەردەمە هەڵسگاندبوو. ئەو پێش بینییەی کە حیزب بۆ ئەو رۆژە لەبەرچاو گرتبوو بە راست دەرچوو"، چونکە ئەوان لێزانانە لە هەلومەرجی بابەتی کۆمەڵگای عێراقیان کۆڵیبووەوە و هێزە کۆنەپەرستەکانیش لە سیرەدا بوون، بۆیە ئەوان لەو ساڵەدا دەترسان لە کارەساتی گەورە

---

(١)- بروانە ژمارەکانی رۆژنامەی ( اتحاد الشعب ) – ٧٨و٧٩ی رۆژانی ٢٨و٢٩ی نیسانی ١٩٥٩ ، هەروەها بروانە کتێبەکەی : لیث عبدالحسین الزبیدي – ثورة ١٤ تموز في العراق ، ل٤٠٧

(٢) – لەو وەزیرانە :-

- د. نزیهە الدلیمی بۆ پۆستی وەزارەتی شارەوانی، کەوا سەرۆکی رابتەی ئافرەتان بوو کەوا رێکخراوێکی کۆمۆنیستی بوو.

– عەونی یوسف بۆ پۆستی وەزارەتی ئەشغال و ئیسکان، ئەمیش مارکسی بوو لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

– فەیسەڵ السامر بۆ وەزیری ئیرشاد، ئەمیش سەر بە چەپ بوو.

- عبداللطیف الشواف بۆ وەزیری بازرگانی، ئەمیشس هەر چەپ بوو.

(٣)- بروانە :- رۆژنامەی (اتحاد الشعب )، ژ/١٤٠، ٩ی تەمموز ١٩٥٩

ڕوویدات، چونکە هەندێ کارەساتی خوێناوی لە شارەکانی المسیب والحی ودیوانیە لەنێوان حوکمەت و خەڵکدا ڕوویدابوو[1].

بەهۆی ئەوەی شاری کەرکووک مەڵبەندێکی ستراتیژی بوو، حوکمەتی بەریتانیاش لەوە دەترسا بەرژەوەندیەکانی بکەوێتە مەترسییەوە.بۆیە هەوڵی ئەوەیدا کارەساتێك لەم شارەدا ڕووبدات بۆ ئەوەی حوکمەتی شۆڕش کەوا تازە جڵەوەیان گرتبوو دەست نەچەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە خۆماڵیکردنی نەوت بکاتەوەو، هێزەکانی حوکمەت بە شەڕوشۆڕەوە خەریك بکات، بۆیە لە بیری ئەودا بوو پلانێك دابڕێژێ بۆ ئەم مەبەستە. هەرچەندە ئەو پلانە ئەنجامی هۆیەك بوو لە هۆیە دەرەوەیەکانی، بەلاّم لەناوەوە ئەنجامیانداو تا ڕادەیکی زۆریش تێیدا سەرکەتن. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا، ئەویش چۆن ئەم کارەساتە ڕوویداو بۆچی لە ساڵیادی شۆڕشی چواردەی تەمموز جێبەجێ کرا؟. ئەوی بەڵگە نەویستە کە دوای ئەوەی شۆڕشی چواردەی تەمموز تەخت و تەراجی ڕژێمی پاشایەتی لە گۆر ناو ئازادی تا ڕادەیك لە ئارادا بوو لەبەر ئەوە خەڵکی ئازادیخوازی عێراق بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و داواکردنی داخوازی زیاتر لە حوکمەت لەو ساڵیادەدا دەڕژانە شەقامەکانی شارەکانی عێراقەوە، بۆیە پیلانگێڕان و کۆنەپەرستان دەیانزانی ئەو ڕۆژە باشترین ڕۆژە بۆ ئەوەی قینی کۆنەپەرستانەی دڵیان هەڵڕێژن، بۆیە ئەو ڕۆژەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی زێڕینەکانی سەرکەوتن ڕەش بکەنەوەو مێژووو ڕەوتی برایەتیو پێکەوە ژیان بشێوێنن.

دیارە ئەوەی مەبەستی ئەوان بوو تا ڕادەیك هاتە دی و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو کارەساتە ڕەنگە لە بیرەوەری کەسانێکدا مابێ. پیلانەکە تەنیا لە لایەن حوکمەتی بەریتانیاوە کاری بۆ نەکرابوو، بەڵکو دەوری حوکمەتی ئیران و تورکیاش کاری خۆی هەبوو.

سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز لە ناوچەیەکی ستراتیژی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی ناوچەکە نەبوو "بۆیە ئەوان نا ڕاست لە بەرژەوەندی هەولیان دەدا لە ناوەوە نەك بە هۆی هێزی سەربازییەوە، چونکە رابەرانی شۆڕش کە سەرکەوتن عێراقیان بە ولاّتێك دانا کە کوردو عەرەب تیایا هاوبەش بوون "[1].

---

(١)- لیث عبدالحسین الزبیدي – ثورة ١٤ تموز في العراق ، ل٤٠٨

(١) لە مادەی سێ (٣)ی دەستوری کاتی عێراقدا هاتووە: عەرەب وکورد بەشدارن لەم نیشتمانەو، ئەم دەستورە زامنی مافەکانیان دەبێ لەناو یەکێتی خاکی عێراقدا... بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:- ادمون غریب – الحرکة القومیة الکردیة، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣، ص٣٨-٣٩

(٢) حوکمەتی شای ئیران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز ڕێگای دا بە دەرچوونی ڕۆژنامەیەك بە ناوی ( کوردستان )و، هەروەها ڕێگایدا بە کردنەوەی ئیزگەیەك بە زمانی کوردی لە تاران.. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە:- عبدالرحمان قاسملۆ – کوردو کوردستان، وەرگێڕێنی: عبداللە حەسەن زادە، ١٩٧٣

دیارە ئەم ڕاگەاندنە لە دەستوردا لەبەرژەوندی حوکمەتی ئیران و تورکیا نەبوو [٢] ، بۆیە بە هۆی خەڵکانێك، کە تورکمان بوون و کاریان بۆ بەرژەوندییەکانی حوکمەتی تورکیا دەکرد، کارەکانیان پێڕاپەراند [٣].

ئەمە ڕاستییە کەوا تا ئێستا ئەوانەی دەربارەی کارەساتەکەیان نووسیووە ئاماژەیان بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە، بەلاّم ڕاستی دەبێ بوتراو ئاشکرا بکرێت، بەلاّم ئەم کارەساتە چۆن ڕوویدا ؟.. ئەمە دیار دەکەم کە من بەویژدانەوە وەکو مستەفا نەریمان دەیگێڕێتەوە: " بۆ یەکەم بیرەوەری شۆڕشی ١٤ی تەمموز هەموو قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکان خۆیان ئامادە کرد منیش وەك بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەی (نەجاح) لەبەر تەکیە ئۆتۆمبیلێکمان بۆ ئەو نمایشە رازاندەوە ڕێکخراوەکان بەلاوان و جوتیاران و کرێکاران وئافرەتانەوە ڕێرەوەێکی گەورەیان ئامادەکرد قوتابخانەکانیشیان لەگەڵدا بوو ئەو ڕێرەوە پردی (گبقچلی) بڕی لە دەوری قەلاّ سوڕایەوەو هاتەوە سەر پردی بەرامبەر چاخانەی (یلّدز) هوتاف کێشان دژ بە رەجعیەت و تورانیەت لە شیوعییەکانەوە گەرمتر بوو هەندێ لە لاوە تورکمانەکان لەو چاخانەیە دانیشتبوون و دروشمی

---

هەروەها لە ئیران کۆمەڵێ بەکرێ گیراوی ئەوروپا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دزە بکەنە ناو خاکی عێراقەوە بۆ کوشتن و بڕین و تەقاندنەوە لە ناو شارەکاندا، هەروەها شای ئیران هەشت ڕۆژ لە ئیران سەرژمێری گشتی ڕاگەیاند بە هۆی ئەو کەسانەی لە ڕۆژی ١٤ی تەمموز کوژراون... بڕوانە ل٢١٣، ئەویش لە دەستنووسێکی د. عبدالجبار الجومرد، کە بە ناوی ( من حیاتی / ١٩١٠-١٩٧١ ) وەریگرتووە... بڕوانە :- ليث عبدالحسين الزبيدي – ثورة ١٤ تموز في العراق ، ص٢١٣.

(٣)- لەبەر ئەوەی حوکمەتی ئەوسای تورکیا دژی شۆڕش بوون لەبەر ئەوەی تورکیا لە حلفی بەغدا بوو بۆیە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی حوکمەتی تورکیا بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی : " أن المغامرين السياسيين في العراق يرتأون من وراء القيام بالأنقلاب القضاء على حلف بغداد الذي يعتبر مصدر السلام في الشرق الأوسط ، وأن اختيار يوم أجتماع مجلس الحلف لتنفيذ هذا الأنقلاب خير دليل على ذلك ". لە ڕۆژی ١٥ی تەممozی ١٩٥٨ ( الباب میشبیل) مولحەقی عەسکەریی ئیسرائیل چۆتە وەزارەتی بەرگری تورکیاو پیشنیاری بۆ سەرۆکی ئەرکانی سۆپای تورکیا پێشکەشکردووە کە پرۆژەیەك دابنێ بۆ ئەوەی تورکیاو ئیران یەکگرن بۆ گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا. هەر ئەمەش نا بەڵکو ئەگەر حوکمەتی ئەوسای یەکێتی سۆڤیەت یاداشتنامەی نەدایەتە حوکمەتی تورکیاو هەرەشەی لێ نەکردایە لەوانە بوو هێرشی بکردایەتە سەر عێراق... بڕوانە:-

أ- أحمد نوري النعيمي – السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ص٢٥٩

ب- محمد كمال عبدالحميد – الشرق الأوسط في الميزان الأستراتيجي ، القاهرة ، ١٩٧٢ ، ص٣٨٨

ج- اسمرا عيلان وآخرون – سياسة الأتحاد السوفياتي الخارجية ، دار التقدم ، موسكو ، ص ١٨٥-١٨٦

د- والتر لاكور – الأتحاد السوفياتي والشرق الأوسط ، المكتب التجاري للطباعة ، بيروت ، ١٩٥٩ ، ص٣٤٧

(١) مستەفا نەریمان – بیرەوەریەکانی ژیانم، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٤، ل١٦١

خۆیان بۆ پشتگیری كردنی شۆڕش هەڵواسیبوو لە ناو چاخانەكەوە گوایا ڕێڕەوەكە بەردە باران كرابوو ئەمانیش بەردیان تێ‌گرتن نەخێر بوو بە شەڕە تێلاو گوایا یەكێك لە دەرەوەی ڕێڕەوەكە دەمانچەیەكی تەقاندوەو ئیتر بوو بە تێك ڕژان و شەڕە بەردو تەقەی دەمانچەو ڕێرەو تێكچوو. ئێمە هێشتا لەبەری قەلاّ بووین دەڕوانین خەڵك وا بەرەودوا رائەكات هی واهاش هەبوو بەرەو تەقە كردنەكە ملی ئەنا ئەوەمان پێكرا قوتابییەكانمان گەیاندەوە قوتابخانەو ڕەوانەی ماڵەوەیانمان كرد وەك ئەندامێكی پارتی چووینە بارەگا تا بزانین سەركردایەتی پارتی فەرمانی لەسەر چییە؟ (عومەر مستەفا)ی پارێزەر لەوی نەبوو (مەلا عبداللە) جێگری بوو ئەو بە خەڵكەكەی ووت كەس نەچێتە ناو ئەو هەراوهوریایە ئەبێ ئەندامی پارتی بەشداری لەو كارەساتە نەكەن و ئێمەیش لێماندا گەڕاینەوە ماڵەوە. ئەو شەوە تا بەیانی تەقەی دەمانچەو تفەنگ و دەنگی قیڕەو هەراو دوكان بڕین بوو " [١].

هەروەها مستەفا نەریمان لە بیرەوەریەكانی ژیانی دەڵێت: " ڕۆژی دووەم (١٥)ی تەمووز جێگری سەرۆك ناردبیە دووی نوێنەرانی (جەبهە) واتە (پارتی و شیوعی) لە ئێمە ئەوەی لە بیرم مابێت (مەلا عبداللە ئیسماعیل، جلال عبدالرحمن، عبدالرحمن كریم، عەلی عەسكەری و من (مستەفا نەریمان) بووین لە برادەرانی شیوعی (مەعروف بەرزنجی، حسین بەرزنجی، حسن بەرزنجی، جەبار پیرۆوز خان، مەجید جەبهە). لە پێشدا هەردوولا لە (یانەی ئەفسەران) بەرامبەر (فیرقە) كۆبوینەوە تا قسەكانمان یەك بكەین لەو لاوە ڕەحمەتی (فاتح جەباری) هاتە ناوەوەو دانیشت یەك ڕاست مەلا ئەولاّ پرسی تۆ بە چی ناوێكەوە هاتووی ؟ ووتی بەناوی جەبهەوە، ووتی ئێمە ئەم دوو حیزبە نوێنەرانی جەبهەین، ئەوەتۆ لە ئێمە نیت برا شیوعییەكانیش داوای تۆیان نەكردووە تكایە خۆت بكێشەوە ئەویش خوا حەقی سەرپیچی كردن كشایەوەو ڕۆیشت. هەردوولا دەستمان كردە وتو وێژ لەو كاتەدا جێگری سەرۆك بانگی كردین كە چووینە ژووری سەرۆك دەڕوانین پێش ئێمە (فاتح جەباری) لە تەنیشت جێگری سەرۆك دانیشتووەو ئێمەی پێشكەش كردو ڕووی كردە سەرۆك و ووتی (جەنابی جێگری سەرۆك چەند جارێك بە ئێوەم وتووە پیلانێكی گەورە لە ئارادایە دەرەبەگ و كۆنەپەرستانی كوردو عەرەب و توركمان و پیاوانی سەر بە شەریكە دەیهۆننەوە سەرێكی پیلانەكەی بەست بە حیلفی سنتۆو ئەتلەسییەوەو ئوستولی شەشەمی‌و لە دەریای سپی ناوەڕاست خستە جموجوڵەوە) كتوپر مەلا عەبدولا لێ ی ڕاستەوە بوو ووتی (جەنابی قائید زۆربەی قسەكانی كاك (فاتح) لە خەیاڵەوە نزیكترە لە واقیع و ئەم زاتە لە نادی هاتە ناومان ئێمە قبوڵمان نەكرد نازانم چۆن خۆی كردۆتە دەم ڕاستمان) جێگری سەرۆك لای كردەوەو

ووتی (کاك فاتح تۆ بە منت ووت نوێنەری جەبهەم ئەمانەی جەبهە تۆیان ناوێ) ئەویش کتوپر لێ ی دا چووە دەرەوە، ئینجا جێگری سەرۆك هەڵیایەوەو ووتی (برایان من غەریبم کەرکوك شاری ئێوەیە شاری هەر سێ قەومیەتە بۆ ئەم شارە وەهای بەسەر هات چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە) لەو کاتەش دەنگی تەقە دەهات. مەلا ئەولا ووتی (پێش جەنابت دوو قائید لێرە بووە یەکەمیان (طبقچلی) دژی کوردو شیوعی بووەو دووەمیان (داود جەنابی) دژی کوردو تورکمان بووەو ڕێبازی خۆیشی شیوعیەت بوو بەس ئەویش ووتی (برایان ئەفرادی سوپامان لە کەرکوك یان پارتین وەیان شیوعین و دەسەلاتمان بە سەریانەوە نەماوە) کاك مەعروف بەرزنجی داوای کرد (منع تجول) بکرا ئینجا بڕیار درا سەرۆك ئۆتۆمبیلێکی عەسکەری ئامادە بکات پارتییەك و شیوعیەك بەیاننامەی حکومەت بۆ (منع تجول) بەهەر سێ زمان بخوێنێتەوە پارتی بۆ ئەمە (عەلی عەسکەری) هەڵبژاردو ئەو ڕۆژە تا ئێوارا لەو ئۆتۆمبیلە بەناو شاردا گەرا کە شەو داهات کەس لەناو شاردا نەما سوپا جڵەوی گرتە دەست .

ڕۆژی (١٦)ی ڕەحمەتی (مەعروف بەرزنجی) کە سەرۆکی شارەوانی بوو ئەمریدا هەرچی لاشەی کوژراوەکان هەیە کۆبکرێنەوەو زوو بشارێتەوە. ئێمەیش چەند ئەندامێکی پارتی لەناو شاردا گەڕاین، شارێکی خامۆش و بێ دەنگ و کش و مات چەند دیمەنێکی ترسناك و چەند کوژراوێك بە دارەکانی پشت فیرقەوە هەڵواسرابوون تەرمی چەند کەسێکیش لەم لاو ئەو لای شەقامەکانەوە کەوتبوون.

یەك دوو ڕۆژی پێ نەچوو شەقامەکانی لە دارو بەردی شوشە پاك کرانەوەو (منع تجول)ەکەش هەڵگیراو تاکە تاکە خەڵك بۆ خواردن دەرچوو بوونە دەرەوەو وابزانم لەو کارەساتە (٣٦) کەس کوژرابوون تەڕ لەگەڵ وشکدا سووتابوون بە هۆی کۆنە قینەوە چەند کەسێکیش تیادا چوون "[1]. هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان پاش ڕووداوەکە بە زنجیرە نووسینێك ئەو ڕووداوەی شیکردەوەو ئوباڵی خستە بەر پەنجەی

هەواڵنامەی کتێب

---

(١)- مستەفا نەریمان – هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٦٣

(٢)- ئەم قائید فیرقەیە ( ناظم الطبقجلي ) سەردەمێك لێپرسراوی فیرقەی دوو بوو لە شاری کەرکوك و ، دوستێکی نزیکی تورکمانەکان بوو لەدوای سەرنەکەوتنی بزاڤەکەی ( الشواف ) بڕیاری لە سێدارەدانی درا.
بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە :
جاسم مخلص – مذكرات الطبقجلي وذكريات جاسم مخلص ، بيروت ، بلا سنة طبع

(٣)- ئەم قائیدەش ( داود الجنابی ) سەردەمێك لێپرسراوی فیرقەی دوو بوو لە شاری کەرکوك و، لە شیوعییەکان بوو.

بێگانەو دوورە پەرێزی هەندێ لە تورکمانەکان و توندو تیژی شیوعییەکان و هەردوو قائید فیرقەی دووی شاری کەرکوک (ناظم الطبقجلي)[٢] و (داود الجنابی)[٣].

ئەم کارەساتە بە شێوەیەکی نائاسایی ئەوتۆ دەنگی دایەوە سەرنجامەکەی کوشتن و بڕین و لەناوچوونی دەیان کەسی گوناهبارو بێ گوناه بوو. عبدالکریم قاسمیش لە ڕیزی نیشتمان پەروەران هەڵگەراو قورسایی کارەساتەکە بەسەر کوردی بەسەزماندا شکایەوە.

## ڕووداوەکانی پاش کارەساتەکە

هەرچەندە ڕوودانی کارەساتەکە بە شێوەیەکی سەیر ڕوویداو ئەوەی لێکەوتەوە، بەڵام چونکە پلانەکە نەخشەی بۆ کێشرابوو دەبوایە جێبەجێ بکرێت، بۆیە تورکمانەکان خۆیان بە خاوەن حەق دەزانیو کوشتن و بڕینەکە ئەوان باجەکەیان دابوو بۆیە وەفدێك لە تورکمانەکان چوونە لای عبدالکریم قاسم و مەسەلەکەیان گەورە کردەوەو ژمارەی کوژراوو بریندارەکانیان ئەوەندە زیاد کرد کە ڕق و کینەی عبدالکریم قاسمیان زیاتر هەڵساندو بۆ ڕۆژی ١٩ی تەمموز چووە کلیسەی (مار یووسف) لە وێ وتارێکی خوێندەوەو لەوێدا وتی: " أما ما حدث أخيرا في كركوك فأنني أُشجبه شجباً تاماً، وباستطاعتنا أيها الأخوة أن نسحق كل من يتصدى لأبناء شعبنا بأعمال فوضوية نتيجة للحزازات والأحقاد والتعصب العمى ".

هەر لەو وتاریدا وتی: " أنني سوف أحاسب حساباً عسيرا اولئك الذين أعتدوا على حرية الشعب في كرؤكوك بصورة خاصة وفي الدن الأخرى والقرى والأرياف " [١].

هەرچەندە لەو وتارەدا ڕاستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر شیوعییەکان، بەڵام لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کە ڕۆژی ٢٩ی تەمموزی ١٩٥٩ بەستی و لەوێدا بە ئاشکرا باسی کارەساتەکەی شاری کەرکوک و شارەکانی دیکەی کردو لەوێدا بە ئاشکرا هێرشی کردە سەر شیوعییەکان. لەوێدا وتی: " لو لم أشجب هذه الأعمال في كلمتين في مار يوسف، فأن كرامتنا كانت ستهدر في الخارج، وكانت ستثار ضجة حولنا في الصعيد الدولي، لدي تصاوير التقطت خلال الحوادث تدين بعض الجماعات " [٢].

---

(١) - مبادىء ثورة ١٤ تموز في خطب أبن الشعب البار الزعيم الأمين عبدالكريم قاسم ، ج/٢ ، مطبعة حكومة الجمهورية العراقية ، بغداد ، ١٩٥٩ ٩٥٩ ، ص٤٢-٤٧

(٢)- صحيفة اتحاد الشعب ، ع/١٥٨ ، ٣١ تموز ١٩٥٩

دیار بوو عبدالکریم قاسم بەتەواوی تورە ببوو دەیویست بۆ دوورخستنەوەی شیوعییەکان لە هەر شوێنێ بۆی بکرێت کارەساتەکەی کەرکوك بە نموونە  بهێنێتەوە بۆیەکە لەگەڵ وەفدی یەکێتی سەندیکای کرێکاران دانیشت و ڕووی لێیان کردو  وتی: " أن الذين يدعون بالحرية والذين يدعون بالديمقراطية لا يعتدون اعتداء وحشياً. أن حوادث كركوك لطخة سوداء في تاريخنا ولطخة سوداء في تاريخ ثورتنا. هل فعل ذلك بيجوي أو هولاكو ؟ هذه مدنية القرن العشرين ؟ لقد ذهب ضحية هذه الحوادث ٧٩ قتيلاً يضاف اليهم ٤٦ شخصاً دفن بعضهم وهم احياء وقد امكن ٣ اشخاص منهم فقط "[١]. دیاربوو حیزبی شیوعی عێراقیش بە تەواوی لەوە گەیشتبوو کە حوکمەتی عبدالکریم قاسم بە تەواوی لێیان نیگەڕانەو دەیەوێت هێرشیشیان بکاتە سەر " بۆیە حیزب لەناوەڕاستی تەمموز لیژنەی مەرکەزی حیزب کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی سیاسەتەکانی حیزب، هەر لەوێشدا سەرەڕای پشتگیری لە کۆمار ڕەخنەی ئەوەشیان لە خۆیان گرت کە ئەوەی ڕوویدا هەڵەی خۆیان بوو "[٢]. بەلاّم تورکمانەکان دوای ئەوەی زانیان کەوا حیزبی شیوعی کەوتۆتە داوەوە هەلیان قۆستەوەو کەوتنە گیانی حیزبی شیوعی و کوردەکان، دوا بەدوای چاوپێکەوتنی وەفدی تورکمانەکان لیژنەیەك لە بەغداوە بۆ بژاردنی زەرەرو زیان هاتنە کەرکووك، هەندێ لە تورکمانە زەرەر مەندەکان یەك دوو زەرەرەکانیان لە قەڵەم داو هەزاران دیناریان وەرگرت. پاش ئەوە لیژنەی دووەم هات بۆ ئەوەی بکوژان و تالاّن کراوەکان و پیاو خراپان دەستنیشان بکەن. سەدان کەس لەیەك هەفتەدا لە شیوعییەکان و غەیرە شیوعییەکان خرانە ژوورەوەو بەندیخانە پڕبوو یەك دوو قوتابخانەش پڕکران، خەڵکی ئەوتۆیان پێوە کرد کە دوورێکیان لە مەسەلەکەدا نەبوو بۆیە پارتی وەفدێکی ناردە سەر ئەو لیژنەیە کە لە ئوتێلی (ڕێست هاوس) بوون و مەترسی ئەم خەڵك گرتنەی پێ وتن و بە هۆی ئەو هەوڵەی پارتییەوە زۆر کەس بەرەڵاّ کران و " ئەو گیراوانە چەند مانگێك لە ژوورەوە نووستن ئینجا داوایان لەو کەسانە کرد کە داویانن بە دەستەوە بچن شایەت پەیدا بکەن، چونکە ئەو گیراوانە ئەدرێنە دادگا. پیاوی وەها چەند جارێك شایەتی دابوو دەستی دابووە قورئان کە ئەوانە تاوانبارن کەچی لە حەقیقەتدا ئەو کەسانە لەو ڕۆژانەدا لە ماڵی خۆیان نەهاتبوونە دەرەوە "[٣].

---

(١)- ليث عبدالحسين الزبيدي – ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ، ص٤٠٩

(٢)- تقرير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي في اجتماعها الموسع الذي عقد في اواسط تموز ١٩٥٩

(٣)- مستەفا نەریمان – هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٦٦

دوای ئەوە تورکمانەکان کەوتنە ئازاردانی خـەڵکی زەحمەتکێشـی کوردوبـە ئاشـکرا کەوتنـە کوشتنی خەڵکی بێ تاوان، لەو ڕۆژەدا کاربەدەستانی حوکمەت لـە شـارەکە یارمـەتیی تـەواوی تورکمانەکانیان ئەدا.

پارتی ئەو کوردانەی ئاگادار کرد کە لەناو گەڕەك و بازاری تورکماندا ئەژێن ئاگادار بـن لـەو ناوچەیە دوور بکەونەوە، ڕۆژا نەبوو کابرایەکی کـورد نـەکوژرێت و دەبینـی دەشـتەکییەك بـارە دارێکی هێناوەتە شار لەناو گەڕەکی موسەڵاوە تێپەڕ ئەبێ بێ ئەوەی سوچ و قەباحەتێکی کردبێ ئەکوژراو، بۆ بەربەستکردنی لافاوی کوشتن پارتی لەگەڵ شیوعییەکاندا کەوتە وتوێژ بۆ ئـەوەی هیچ دەشتەکییەك نەچێتە قەرەی تورکمانەکان و هیچیان پێ نەفرۆشێت. شیوعییەکان ئەمـەیان بەدڵ نەبوو دژ ئەمەش وەستان و بەیاننامەیەکیان دەرکرد گوایە ئـەم هـەنگاوە دژی کاسـبکارو جوتیارو چینی خوارەوەی کوردو تورکمانەو خێری بۆ بورژوازییەکانی هەردوولا هەیە. ڕۆژ بـە ڕۆژ کوشتن و بڕین تا دەهات پەرەی ئەسەندو کوژراوی بێگوناهی کورد لە زیاد بووندان بـوو لەگـەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارەکانی شارەکەش هانی تورکمانەکانیان ئەدا بۆ ئـەوەوی بـێ ویژدانانـە بەربنـە گیانی ئەو خەڵکە بێ گوناحە بۆیی پارتی کەوتە خۆی بۆ ئـەوەی سـنوورێك بـۆ ئـەو کوشـتارە دابنێ‌و، سەرەتا دەیویست لەگەڵ شیوعییەکان پێکەوە کارەکە ئەنجام بدەن، بەڵام ئـەوان لەگـەڵ تۆڵە سەندنەوە نەبوون، بەڵکو دەیانویست ئەم کوشـتارە پەرەنەسـێنێ، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی کاربەدەستانی شارەکە پاڵپشتی تورکمانەکان بوون و ئاگری شـەڕیان خـۆش ئـەکردو سـەرەڕای پاڵپشتی‌دوژمنانی دەرەوەبۆیە جەماوەری ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لـەو رایـەدا بـوون کـە کاتی ئەوە هاتووە تۆڵە سەندنەوە باشترین ڕێگا چارەیە بۆ کپکردنی ئەو ئاژاوەچییانە هەرچەندە وەك مامۆستا نەریمان دەڵێت: " لیژنەی ناوچەی پارتی بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ تۆڵـە سـەندنەوە نەبوون، بەڵام تازە جڵەوی کەوتبووە دەست جەماوەری سەر بـە پـارتی. ئـەو کەسـانە لـە پێشـدا هەندێ لە ناودارەکانی تورکمانەکانیان لە مەترسی ئەم پیاو کوشتنە ئاگادار کرد سوودی نـەبوو لای ئەوانیش (واتە تورکمانەکان – ئیبراهیم) کاربەدەست پیـاوە عاقلەکانیانـەوە نـەمابوو، ئـەو کوردە چاو سوورانە گەڕان یەکێکیان لە تاقی پیاو کوژەکان دەست نیشان کرد چوونە سەری‌و بـە ڕۆژی نیوەڕۆ لە ناو بازارو دوکانەکەی کوشتیان، بەوە جەماوەری تورکمـان وەك زەردەواڵـە وروژان و، بە نومایشێکی گەورەوە تـەرمی کوژراوەیـان بـردە گۆرسـتانی شـەهیدان و دەیـان خوتبـە و شیعریان لەسەر مەزارەکەی خوێنرایەوە کە هەر دەستەکەیان بۆنی ئاگرو بارودی لێوە دەهـات و، هەر ئەو ڕۆژە یەك دوو کوردی دیکەیان لە تۆڵەی ئەودا کوشتەوەو ئینجا ئەو دەستە سوورە چوون شەخسی دووەمی ناو پیاو کوژاندا لەبەر دەرگای ماڵی خۆی لە گەڕەکی پیریـادی کوشـت و، بـە

کوشتنی ئەو دوو کەسە ئیتر پیاو کوژان هاتنە هۆشی خۆیان و دەستیان لەو جۆرە دەست درێژ کردنانە هەڵگرت "[١].

دوای ئەوەی کاربەدەستانی حوکمەت لە شارەکەو تورکمانەکان لەوە گەیشتن کە چی تر جەماوەری پارتی ڕێگای دووبارەکردنەوەی ئەو هەوڵە شەرانگیزییە ناداو تۆڵە دەکاتەوەو، جەماوەری پارتیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەهێز بۆندان، بۆیە وازەیان لەم جۆرە سیاسەتە هێناو کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی بە شێوازێکی نوێ بەکار بەرن بۆ ئەوەی شارەکە سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێ، بۆیە هەر ئەوان لە دەسەڵاتی باڵاوە بە هۆی بەرتیلەوە دادی حوکمەتیان گرت بۆ ئەوەی دادگای بەغدا حوکمی لە سێدارەدان دژی ئەو شیوعییانە دەربکات گوایا لە ڕۆژی یەکەمی کارەساتەکە دەستیان هەبووە، بەلاّم عبدالکریم قاسم تا لە حوکمدا بوو ئەو حوکمەی جێبەجێ نەکردو بگرە هەندێکیان بە کفالەت دەرچوون و خۆیانیشیان نە شاردەوە، چونکە دڵنیا بوون قاسم لە سێدارەدانیان نادات تا لە ڕۆژی؟؟ حورزەیرای ١٩٦٣ بە هۆی قینی کاربەدەستانی داخ لە دڵ ئەوانەی تەنیا بۆ ئەوە هاتبوون کە ئاژاوەکە زیاتر پەرە بسێنێ ٢٨ کەسیان لە ناو شاری کەرکووك لە سێدارەداو، ئەمەیە ڕاستیی ڕووداوەکەو مێژووش غەدەر لە کەس ناکات، بۆیە بە دڵنیایەوە دەڵێم ئەم کارەساتە نەخشەی بۆ کێشرابوو ئەگەر لەساڵیادەی شۆڕشدا نەقەومایە ئەوا لە کاتێکی دیکە ڕووی هەر ئەدا، کەواتە مەسەلەیەکی حەتمی بوو دەبوایە ڕوویبدایە !، بەلاّم ئەم یادە تاڵە برایەتی کوردو تورکمان تێك نادا.

## ڕەنگدانەوەی ئەم کارەساتە لە ڕۆمانی (هەرەس)دا

ڕۆمانی کوردی بەهۆی ئەوەی کە درەنگ سەریهەڵدا، تا ئێستا کەم ئەزموونە ئەگەر سەرجەم ڕۆمانە کوردییەکان لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لەسەر بکرێت. هەندێکیان بە ڕۆمان ناژمێرێت، بەڵکو هێشتا ئەزموونی تایبەتی نووسەری کورد لە هەناوی کورتە چیرۆکەوە سەریهەڵداوە، سەرباری ئەوەی کە هەموو ڕۆمانێك جەستەیەکی ئازادو جیهانێکی تایبەتییە بۆ خۆی.

ڕۆمانی کوردی تەکنیکی چیرۆکی پێوە دیارەو هێڵە درامیەکانی ڕۆمانی کوردی هەمان هێڵی چیرۆکن و کشاندنیان تیاکراوە، بەواتا بابەتی ڕۆمانی کوردی بابەتی چیرۆکن و درێژکراوەتەوە.

(١)- مستەفا نەریمان — هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٦٨

ئایا ئەم کارەساتە چۆن لەلایەن ڕۆماننووسی کوردەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ؟. ئایا ڕۆماننووسی کورد ئەم کارەساتەی وەکو مێژوویەکی ڕووت سەیر کردووە ؟. یاخود ئەم مێژووەی تۆمار کردووە کە فەرامۆش کراوە، چونکە کاری نووسینی ڕۆمانیش لە خەیاڵ و ئەندێشەوە پەیدا دەبێت و ئەگەر بە تەواوی پابەندی ژیانی ڕاستەقینەش نەبێ، ئەوا بۆ خۆی ژیانێکەو رایەڵەکانی بە جیهانێکی تایبەتیەوە بەستراونەتەوە. کاتێکیش بابەتی ڕۆمانیش بە تۆمارو ڕووداوە مێژوییەکانەوە ببەستێ لە تێڕوانین و پێگەیەکی تایبەتییەوە بیرو لێکدانەوەیەکی خودییەوە سەرهەڵدەداو بەپێی ئایدیۆلۆژیای نووسەر دەچێتەڕۆمانەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە نە لەلای ڕۆماننووس محەمەدموکری لە ڕۆمانی (هەرەس)دا مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵدا کراوەو، نە لەلای ڕۆماننووس حەسەن جافەوە لە کورتە ڕۆمانی (عەلی بەستێ)دا توانیویەتی هونەریانە کارەساتەکە بەرجەستە بکات.

بە هەمان شێوە ڕۆماننووس بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا بە ئاماژە کردنێکی خێراوە کوردی تاوانبار کردووەو ئیتر لەسەر باسەکە نەڕۆیشتووە بێ ئەوەی خوێنەر تێ بگات کە مەبەستی ڕۆماننووس لە هێنانی ئەو پەرەگرافە چی بووە.

بۆ ئەوەی ئەم سێ ڕۆمانە شیبکەینەوە، دەبێت ڕاستی و دروستی ڕووداوەکە تێبگەین بۆ ئەوەی فیشەك بە تاریکییەوە نەنێین، لێکۆڵەر بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی تا رادەیەك توانی پەردە لەسەر هەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە هەڵماڵێ محەمەد موکری لە ڕۆمانی (هەرەس)دا زیرەکانە ماوەیەکی زەمەنی پاڵەوانەکەی دەستنیشان کردووەو مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەلاّم ئەوەی مەبەستی لێکۆڵەرە کارەساتەکەی کەرکووکە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەویەکی وردی لەگەڵدا بکەین، سەرەتا ڕووداوەکەمان شیکردەوە بۆ ئەوەی بزانین چۆن محمد موکری بۆ ڕووداوەکە چووەو چۆنی تێگەیشتووە ؟. دەبێ لە خودی ڕۆمانەکەوە دەست پێ بکەین.

ڕۆماننووس دوای ئەوەی وەسفێکی چڕوپڕی شاری کەرکوك دەکات، ئینجا دێتە سەر وەسفی ئەو ڕۆژەی کە کارەساتەکە تیا ڕوویداوە: " گەرمای ڕۆژانی مانگی تەمموزی کەرکوك، ڕەنگە هەندێ کەس شێتگیر دەکات، یەکێ لەو ڕۆژە هەرە درێژانەی تەمەنی ئەحمەد، کە هەرگیز لەبیری ناچێتەوە ڕۆژی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٩ بوو، ڕۆژێك بوو نەك تەنها ئەحمەد بەڵکو هەموو دانیشتوانی شاری کەرکوك لە بیری ناکەن، دەماو دەم باوك بۆ کوڕو کوڕ بۆ کوڕزا، ئەو مێژووە دەگێڕنەوە کە بۆ دامرکانەوەی نەوس (خوێنمژان و گەوجان) لاپەڕەیەکی ڕەشتری خستە سەر ڕەفتاری دانیشتوانی شار " [١]. ڕۆماننووس درێژە بە لێدوانی لەسەر ئەو ڕۆژە دەداو دەڵێت: "

---

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، چ/٣ ، چاپخانەی بیسارانی ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل١٦٢

هەر لەبەر بەیانی ئەو ڕۆژەدا، کە سالڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز بوو ئەحمەد ماخۆلانی بوو، بە خەیاڵ خۆی دەبینی پێشەنگی کاروانی منالانی گەڕەکە، با بژی، با بڕۆخێ، دەڵێ‌و بۆی دووبارە دەکەنەوە "[٢]. نووسەر بە هۆی فلاش باکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزو چۆن کارێکی گەورەی کردە سەر ئاسۆی بیری ئەحمەدو لەگەڵیا گەورە بوو. ئەوجا ڕۆماننووس بەردەوام دەبێ: " پێش سەعات چواری ئێوارە لەگەڵ کەمال و مەحموودو چەند هاوتەمەنێکی خۆیدا بەرەو (نێو کەرکووك) کەوتنە ڕێ، بڕیار بوو خۆپیشاندانەکە لەوێوە دەست پێبکات... یەکەمجار بوو ئەحمەد شەرواڵێکی کوردی لەپێ کردبوو، میدالیایەکێشی وێنەی ڕێگەی نەوتی بەسەرەوە بوو، نابوویە قەد سنگی‌یەوە لە نێو کەرکووك حەشاماتێکی ئەوتۆی بینی واقی ورما "[٣].

پاشان بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەوەی کە باسی ڕیزی خۆپیشاندانەکە دەکات کەوا چۆن ریزەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەنگاو دەنێن: " لە پێش دا مەلاو پیاوە ئایینییەکان و قەشە بەرگ ڕەشەکان و لێپرسراوانی شار لە پێشەوەی ریزەکەدا وەستابوون و، دروشمی جۆراوجۆرو ڕەنگو ڕەنگیان بەدەستەوە بوو، پاشان ڕیزی کرێکارو جوتیارو کاسبکاران و قوتابی... هەرچەند کەسەو وێنەیەکی گەورەی (عبدالکریم قاسم)و وێنەیەکی (عبدالسلام عارف)یان پێبوو "[١].

نووسەر بەردەوام دەبێت لەگەڵ گێڕانەوەی سەرەتای ڕووداوەکەو دەڵێت: " ئەحمەد دەیەوێت تێکەڵی ڕیزەکە بێ بەلآم دەچێتە لای هەر ڕیزێکەوە دەری دەکەن بە هۆی ئەوەی کەوا منداڵەو لە هیچ ڕیزێك شوێنی ناکەنەوە بۆیە لەبەر خۆیەوە دەڵێت (ئێ بۆ؟ ئەوە نییە جلی کوردیم لەبەر کردووە! ئەی بۆ لە نێو ڕیزی تورکمانەکاندا لە من مناڵ تریان داناوە، جلی تورکمانیان لەبەر کردووە! ئەی ئەوە نییە ئاسورییەکان، کچ و کوڕیان، لە تەمەنی منیشی تێدایە دروشمیان هەڵگرتووە "[٢].

---

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦٢

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦٣

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٦٢

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦٩

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦٦

هەروەها دەڵێت: " ئەحمەد دەیەوێت بەهەر چ نرخێك بێت شوێنێ بۆ خۆی بکاتەوە، چـونکە وا یدەزانی ئەوەی لە نێو ڕیزەکاندا بێ، زیاتر دەنگ بەرزکاتەوە چەپڵەی چاکتر لێدا ئەوا ئەو کەسە، زیاتر دڵسۆزی منیش ئەو زیاتر فیداکارە " [٣].

ئەمجارە ڕۆماننووس لە زمانی ئەحمەدەوە وەسفێکی واقیعیانەی ڕیزەکە دەکـات بـە شـێوەیەکی فۆتۆگرافی وێنەی دەگرێت: " ئەمە ڕیزی گەنجە تورکمانەکانە.. چـەند جوانـە جـل و بـەرگیان، کلاَویان ناوەتە سەر، جامانیش بەسەر شـان، خـۆ حسـاب ناکرێـت... پێـنج سـەد، هـەزار، دوو هەزاریش زیاترە.. ئا.. ئەوانەش کچانی تورکمـانن، چـەند ڕێـك و سـفتن، پۆشـاکەکانیان چـەند جوانە، کلاَوەکانیان پەپوولکەی ڕەنگاو ڕەنگ چنراوە، ڕەنگی سوخمەکانیان چەند گونجـاون چـەند زۆرن، دوو دووو سی سێ دروشمیان پێیە، وێنەی عبدالکریم یان بەدەستەوەیە، زەردە خەنە بەسەر لێوانیانەوە پەرش دەبێتەوە... ڕیزی کوردەکان چەند زۆرن، هەموو رانگ و چۆخەو جلی کوردیـان لەبەر کردووە  ئەوە ڕیزی کچە کوردەکان هاتن، جلەکانیان وەك خۆیان دەبریسکێتەوە، ئا... ئـەوە خۆ هەیام..ە جلێکـی کـوردی سـپی و کـەوای سـپی و کـۆترێکی سـپی شـی لەسـەر دەسـتە، هەرچییەك دەڵێ کچە قوتابییەکان بە چەپڵە ڕێزانەوە بـۆی دووبـارە  دەکەنـەوە... ئـەویش ڕیـزی عەرەبەکانە زۆربـەیان داسـیان بـە دەسـتەوەیە، ژنـان و کچانیشـیان جـل و بـەرگی عـەرەبیان لەبەردایە، ئای کە جوانن، چەند بە کەیف و خۆشییەوە  دروشمەکان دووبـارە دەکەنـەوە... ئـەوەش ترکێفێیەکان... ئاسووریەکان... ئەوە پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەی سەر کلاَوەکانیان چەند جوانە" [١].

ڕۆمـاننووس چـالاکانە مامەڵـە لەگـەڵ پاڵەوانەکـەی دەکـات و تێرامـانی ئەحمـەد لـەو خۆپیشاندانە تا دەگاتە ئەوەی: " لەپڕ دەنگی دوو سێ تەقـە وەك گەلـە گـورگ کەوتبێتـە نێـو چەند مێگەلە مەڕێکەوە، ئاوها ئەو تەقانە دری بەو حەشاماتەدا... کوڕ ئەو کوڕە بـوو خـۆ لـە پەنا نێت، چییە؟ چی بوو؟، پرسیارێ بوو لەسەر زاری زۆربـەی خـەڵکی دەنگـی دەدایـەوە، ئـەو ڕووخسارە گەشانە کە چەند ساتێ لەوەوبـەر ببوونـە لانـەی خۆشەویسـتیو نیشـتمان پـەروەری، ڕەنگیان پەڕی، بوونە لانەی  ترس و پرسیار پەشۆکان ئالاَی هەنگاوەکانیان بگرەو بەردەو هـاوارو قیژە وهەرەشەو پاڕانەوە تێکەڵی چەند تەقەیەکی دەستڕێژ بوو "[٢].

ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت لەگەڵ وەسفکردنی ئەو شڵەژانەو ئەوە دەسەڵمێنێ کە لە ڕۆژێکـی ئاوەهادا کەس کەس ناناسێ، بێ ئارامی چی لەو خەڵکە دەکات تا دەگات بـەوەی کـە مرۆڤـــــ

---

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٦٨

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٦٨

لەو کاتەدا هەر ئەوەی  بۆ ئەکرێت ڕابکاو خۆی دەرباز بکات، ئەو شتانە هەموو لەپێش چاوی ئەحمەدی شاکەسی ڕۆمانەکە ڕوودەدەن تا دەگات بەوەی " هەندێ زەلام.. لەبەر چاوی ئەحمەدا.. گەنجێکی تورکمانیان گرتبوو هەریەکەو بە ئارەزووی خۆی تێی بەربوو، بەشەق و زللە، دارو تێلاّ شەکتیان کرد، پاشان زەلامێکی کەتە (چوار خەت) ئازایەتی و پیاوەتی خۆی نواند!! گەنجە تورکمانەکەی لە دەستی خەڵکی سەندەوە... تورکمانەکە نزاو پارانەوە لە چاوانی دەتکا، ئەوەندەیان لێیدا بوو تاساندبوویان، زمانی بەسرابوو خۆی بۆ بەپێوە بۆ نەدەگیرا، (کابرای چوار خەت لە شان) دەستی برد دەمانچە (تۆپەڵ) یەکەی دەرهێنا، ناڵەی لێوە هەڵسان، گەنجە تورکمانەکە بەدەما کەوت ویستی هەڵسێتەوە، تەقەیەکی دی دەمانچەکە بەسەر پشتا خستی دەستی بەلەقە فراکرد (چوار خەت لە شانەکە) هەندێ خۆی شۆڕکردەوە لوولەی دەمانچەکەی نابە تەوقی سەری، پاش تەقەی سێهەم، تەنها دەنگدانەوەی تەقەکان نەبێ هیچ دەنگێ لەو دەنگەکانی ئەو هەراو هوریایە لە مێشکی ئەحمە دەنگی دەدایەوە "[1].

ئەم دیمەنە ئەحمەد تەواو وەڕەسی و بێزار دەکات دیمەنی ئەو گەنجە تورکمانە لەبەر چاویا دێت و دەچێت ئەحمەد لەو بڕوایەدایە کەوا " کەسێکیان ئەو گەنجەیان نەدەناسی، نەیانزانی ناوی چییەو چ کارەیە کەچی لە حیسابی هەموشیاندا خایەنی ولاّت و کلکی ئیستعمارە !! ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی جلی تورکمانی لەبەر بوو هیچی تر !! "[2].

ڕۆماننووس بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە بدات وەیا ئەحمەد هیچ بدرکێنێ نازانێ بۆ دەکەونە گیانی تورکمانەکان، چونکە هەموو ڕووداوێك دەبێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، جا لەسەر زاری کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە بێ یاخود لەسەر زاری نووسەر خۆیەوە لە کاتی لێدوان لەسەر ڕووداوەکە.

پاشان ڕۆماننووس وەسفێکی ئەو کوژراوە بێ تاوانانە دەکات و بەشێوەیەکی فەلسەفییانە جۆری کوشتنەکە دەگێڕێتەوەو فەلسەفەی مەرگ شیدەکاتەوەو، لە ڕەوانگەیەکی فەلسەفییەوە مەرگی ئەو لاوە تورکمانە دەخاتە ڕوو. ئەمجا دێتە سەر ئەوەی " خەڵکەکە زیاتر وروژابوون، چاکتر سەر گەرمی شێتگیری ببوون، ئەحمەد وەك ئەوەی لە خەو ڕاییپەڕێنن دەنگی سەربازێکی گوڵە بنەی کوت وکوێر ڕایچەڵەکاند:-

---

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٦٩

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٧٠

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٧٣

- سەگباب تۆ چیت؟ زووکە بڵێ کوردیت یا نەو؟

ئەحمەد گەلێ شانازی بەوە دەکرد کە کوردە، هەموو سەرمایەییەکی ئەوەبوو بەسەربەستییەوە لەنێو منداڵانی گەڕەکدا دەیووت من کوردم.. نەك تەنها خۆم نژادەی دڵێ دانەدەمرکا، بەڵکو لەدەمی خەڵکیش بیبستبا کە کوردە بۆیە گەلێ جار چەتوونی دەکرد، شەڕی بە منداڵان دەفرۆشت تا بژنەوێت (کورد کۆپەکی) دەیزانی ئەم ووشەیە جنێوە "[٣].

ڕۆماننووس لێهاتوانە دەرونی شاکەسی ڕۆمانەکە کە ئەحمەدە زۆر جوان شیدەکاتەوە، چونکە مرۆڤ لە کاتێکی ئاوهادا کە تاوان بەرانبەر خەڵکەکە دەکرا لە مرۆڤایەتی خۆی ئەمالڕێ، بۆیە ئەحمەد کە شانازی بە نەتەوەکەیەوە دەکات لە کاتێکی ئاوهادا " لە ئاست پرسیاری سەربازەکەدا بۆ یەکەم جاری تەمەنی بیزی لە ووشەی کورد هاتەوە، بەشەرمەوە سەیری خۆی کرد کە لەنێو ئەم گەلە گورگە برسییەدا ئەمیش کوردە "[١].

ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت لەسەر باسکردنی کەسایەتی ئەحمەدو ڕەتکردنەوەی ئەو دیمەنە بێزارکەرە، چونکە دیمەنەکە بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەرە دەسێنێ کە ئەحمەد لە ئاستیا خۆی پێ ڕانەگیراو دۆش دائەمێنێ هەتا ئەگات بەوەی کە ناتوانێ بە ئاشکرا لە ئاست ئەو دیمەنەدا بڵێ کوردم ؟!.

ئەحمەد کە سەرسوورمان ورماوە دیمەنێکی دیکە زیاتر ئازاری دەداو بێز لە ڕۆژەش دەکاتەوە کە تیایا لەدایکبووە:

" هەر کە چاوی بەرز کردەوە دیمەنی نوێیەکە زیاتر نزیکی ببووە، بە جۆری حەپەسا، تەنانەت نەیدەتوانی چاوانی بتروکێنێ کچێ ڕووت وقووت کراوەتەوە چەند کەسێ ئەم لاو ئەولایان گرتووە، دەر بە خەڵکەکە دەدەن و بەناو شەقامەکەدا دەیگێرن، تەمەنی ١٤-١٥ ساڵان بوو، باڵا بەرزی قژ ڕەشی پیست سپی، ترس وای لێ کردبوو هەست بەوە نەکات ڕووتەبە جۆرا حەپەسان هەڵنیشتبووە سەر ڕوخساری دەنگی لێوە نەدەهات، چاوەکانی وەك دوو پشکۆی گەش دەبریسکانەوە، ئۆقریان لێ هەڵگیرابوو، بە هەموو لایەکا دەیانروانی، ئەو جووتە چاوە گەشە، لەو ساتەدا ئەوەندە دلسۆزی ئەرکی خۆی بوو بۆ هەزار یەکی ساتێ لەسەر چ دیمەن و ڕوخسارێکدا نەدەوەستان ئەو چاوانە چە مرۆڤێکیان بەدی نەدەکرد.. باڵیان گرتبوو بەناو خەڵکەکەدا دەیانسوڕانەوە، ناو بەناو کەسێك ی (هار) خۆی رادەپسکان، شەقێ یا زللەیەکی پیا دەکێشا، کچە رادەچەڵکێ سەری بە هەموو لایەکدا بائەدا، کەسێکی مرۆی نەدەبینی بچێتە

---

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٧٣

هانایەوە، هەر کە جار جار سەری بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە، بە جوانی چاوە گەشەکانی دەبینرا، کە چۆن ئەو فرمێسکە بێ دەنگانەی کلی چاوانی رادەماڵیو تێکەڵی ئارایشتە ئاڵەکەی سەر گۆنای دەبوو تك تك ئەو فرمێسکە ڕەنگاو ڕەنگە بەسەر سنگیدا دەبارا، کچەکە بێ ئەوەی گیانی دەرچوو بێت، بە ڕەنگ، بەدەنگ، بە ئومێدو هیواوەوە مردبوو، کەچی دەجولایەوە بێ ئاسا دەلەرزێ، هەر کە پرچە درێژەکەی دەهاتە سەر ڕوخساریو بەرچاوی دەگرت بەسەر راوەشانەوەیەکدا چەند دڵۆپە فرمێسکێ وەك تفی لەعنەت بەر ڕوخسارو سەرو لەشی دەوربەرەکەی دەکەوت، کە بازنەیەکی سفتیان دروست کردبوو، چ کەسێ نەیدەزانی بۆ وا لەو کچە دەکەن تەنها تاوانەکەی ئەوە بوو جلی میللی تورکمانی لەبەر بوو... چاوانی کەسانی دەوروبەریتینووی خوێن بوون، شەهوەتیش هانی دەدان بە نەوسێکی درندانەوە سەرنجی لەشی بدەن، هاوارو قیژەیەکی ئەحمەد لەگەڵ دەنگی (ئاخی) کچەکەدا تێکەڵ بوو، کاتێ کە هەرزەیەکی نەگریس بە (قاوە) سکی کچەکەی هەڵدری وەك مریشکی سەربراو ەبەر پێی خەڵکەکەدا هەڵبەزو دابەزی کرد، بە خوێنە گەشەکەی ئەو شەقامە پیسەی ڕەنگکرد... خەڵکەکەش پێیان بەسەر خوێن و جەستەیدا دەناو دەڕۆیشتن.. جووتە چاوانی کچەش لە کاتی گیانە لادا جۆرە پرتە پرتەیێکی سەیری کرد بە ژان وترسەوە دیمەنی ئەو خەڵکەی پێچایەوە، دەستە سپیەکەیو پرچە ڕەشەکەی لەنێو خوێنی سوورو پیسی پێلاودا ئامێتەی جۆرە ڕەنگێ بوو کە هەرگیز پیسترین تاوانێ لەبەر ئەو ڕەنگەدا خۆی بۆ نەدەگیرێ "[1].

دیارە ئەم دوو دیمەنە کارێکی زۆ رگەورە دەکەنە سەر بیرو هۆشی ئەحمەدو وای لێدەکەن کە ئاگای لە خۆی ببراو ئاگاداری ئەوە نەبێت کە چۆن پەلاماری تورکمانەکان دەدەن و، ئەو تەنیا چاوی لەوەیە کە وەسفی ئەو دوو کوژراوە بکات.

پاشان ڕۆماننووس دەبێتە حیکاتخوان و خۆی کارەساتە دەگێڕێتەوە:" نەك ئەو ئێوارەیەو بەس، ڕۆژی داهاتوویش ڕۆژێکی تریش وەك دەیانووت (ڕاوە تورکمانە) بوو گەلێ جار مێژوو تاوانی ئاوەهای لە دوو توێی خۆیدا پاراستووە "[2].

پاشان ڕۆماننووس وەسفێکی گشتیی ئەو سێ ڕۆژەی کەرکووك دەکاو لە زمانی ڕۆماننووس خۆیەوە: " لەهەر ڕۆژێکا دەیان کەس کوژراوەو دەبینی بە گوریسەوە بەستراونەتەوە دوای سەیارەو بە مردوویەتی ڕایان دەکێشن، شەقامەو شەقامیان پێ دەکەن، خەڵکەکەش بەدارو بیڵ بە

---

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٧٣-١٧٤

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٧٣-١٧٤

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل١٧٥

دوایانەوەن... سەدان دوکان و ماڵ بە تاڵان دەبرێت، سەدان ماڵە تورکمان بە جۆرە پاڕانەوەیەکی شەرم ئامێز خۆیان دەکرد بە کورد، هەزاران ماڵە کوردی بە شەرەفیش بەرەو پیری ماڵە تورکمانەکان دەچوون و لەناو ئەو خەڵکەشدا دەیانووت خزمی ئێمەن "[٣].

پاش گێڕانەوەی ئەم کارەساتە تراژیدییە، دوای " ئەوەی دایکی ئەحمەد خەجێ کە ڕووداوەکەی نەدیوە فرمێسکی بۆ ڕشتووە بەو هەموو ساکارییەی خۆی دەیزانی مەسەلەکە کوردو تورکمان نییە "[١]. ڕۆماننووس لەم دێرەدا کۆتایی بە کارەساتەکە دێنێ، بەلآم بێ ئەوەی وەلآمی پرسیارەکان بداتەوە ؟.

بە گشتی دەربارەی ئەم ڕۆمانە لێکۆڵەر هەندێ سەرنجی هەیە:

(١)- نازانرا ئەو تەقانەی کە کراو بووە هۆی تێکدانی ڕێرەوەکە لە چ لایەکەوە کراو لەبەر چ هۆیەك بوو؟ چ لایەنێك بەرپرسیار بوو؟.

(٢)- بۆچی تەنیا بەربوونە گیانی تورکمان و تاوانەکەیان چی بوو؟ وەیا بە مانایەکی دیکە ئەوان چیان کردبوو تا وایان لێ بکرێت لە لایەن هێزی سەربازی حوکمەت و کوردەوە.

(٣)- لەم ڕۆمانە کورد تاوانبار کراوە، بەلآم بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك هەبێت کە کورد ئەو تاوانەی ئەنجام دابێت.

(٤)- لەم ڕۆمانە ئاماژە بە کوشتنی کورد نەکراوە لە لایەن تورکمانەوە کەوا ئەمانیش تراژیدیای کوشتن و ئازاردانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردیان ئەنجام داوە؟.

(٥)- ڕۆماننووس نەیتوانیووە وێنەیەکی سەرکەوتووی ڕووداوەکە بۆ ڕۆمانەکە بکێشێت، ئەویش لەبەر شاردنەوەی وەیا باس نەکردنی سەرجەم کارەساتەکە لە ڕۆمانەکەیدا.

## کارەساتی کەرکووك

## لە کورتە ڕۆمانی (عەلی بەستێ)دا

ئەم کورتە ڕۆمانەی حەسەن جاف سەربڕدەی شۆڕە سوارێکی شاری کەرکووکە کە لای هەموو خەڵکی شارەکە ڕێزێکی تایبەتی بۆ دانراوە، ئەو شۆڕە سوارەش (عەلی بەستێ)یە. ڕۆماننووس کە باسی ئەم کەسایەتییە ناودارە دەکا ئەوەش لەبیر ناکات کە مێژووی شارەکە بگێڕێتەوە.

(١)- محمد موکری – ڕۆمانی ( هەرەس ) ، ل١٧٦

هەواڵنامەی ئینتیر

ئەگەر چی کورتە ڕۆمانە لە یاداشت نامە دەچێت و هونەری ڕۆماننووسینی کەم تێیدا ڕەچاو کراوە، بەڵام توانیویەتی وێنەیەکی فۆتۆگرافیانەی شارەکە بکێشێت، زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ئەم کورتە ڕۆمانە پێوەندی بە کارەساتەکەی ساڵی ۱۹۵۹ی شاری کەرکووکەوە هەیە. ڕۆماننووس دوای ئەوەی وەسفێکی شارەکە دەکاو ئەو ئامادەکارییە بۆ ساڵیادی شۆڕشەکە ڕێکخراوە ئێنجا دێتە سەر ڕووداوەکە: " دەوروبەری سەعات (۱.)ی بەیانی[*] لای چایخانەکەی (یلدز)و لەو کاتەی کە ڕێپێوانی تورکمانەکان گەیشتە ئەوێ،، یەك دوو تەقە کرا، ئیتر خەڵکەکە بە یەکجاری خرۆشان و ڕیزەکان تێکچوون و هوتاف و دروشمەکان پێچرانەوەو هەریەکەو بە لایەکدا رای کرد "[1]. دوای ئەوەی باسی راکردنی خەڵکەکەو بڵاو پێکردنەکە دەکات " هەر کەسەو دەیەوێت دەرباز بێت و لەبەر خۆشیانەوە دەیانگوت (**مۆامرە**) کە دەستی پێکرد، کوردو تورکمان لە یەکیان داو قەوما هەر هەمووشی هەر رایان دەکرد، ڕەنگ پەریو لێو وشك هەلاتو، کە لە تەقەو قەڵەباڵغیەکەوە دوور دەکەوتنەوە، ئەوسا بە هەنگاوی گورج بەرەو ماڵەوە ملیان دەنا "[2]. ڕۆماننووس بەردەوام دەبێ لە وەسفی راکردنی خەڵکەکەو ئێنجا " لای چایخانەکەی (یلدز) هەراکە گەرم بوو، تەخت و رادیۆکە لەسەر جادەکە وردو خاش کراو خاوەن چایخانەکەیان شل و کوت کردو پاشان بە جێبێکی سەربازیوەیان بەستەوەو بە جادەی ئەتلەسدا کەوتنە راکێشانی و لە کۆڵانەکەی پشت نەخۆشخانەی کۆماریشەوە عەتاوڵڵایان هێنایە دەرەوەو بە پشتی زیلێکیانەوە بەست و کەوتنە راکێشانی. تفەنگ لە شان و پەت بە دەست لەو ناودا حاکم بوون، کۆنە قین بووە یاسای زاڵی شار، هەر ماڵێك ویستبایە وێرانی کەن هەر ئەوەندە بەس بوو بڵێی ئەوە ماڵی (مؤامرة) چییە، یان تەقەی لە (جماهیر) کردووە، ئیتر ماڵی تالان دەکراو بۆ خۆشی بە پەتکراوی ڕادەکێشراو کۆمارە ساوەکەمان دەپارێزرا، هەردوو برای خاوەن سینەما عەلەمێن کە هێنایانن باوەشیان بەیەکدا کردبوو گیانیان تێدا نەمابوو کردنیان بە ئینزبات خانەیا.ئەو ڕۆژە تا ئێوارە پەت لە کاردا بوو تەقەش بێ دەنگ نەبوو، ئینزباتخانە بووە قەسابخانە، ئەوەی بە لێدان و راکێشان نە مردبوو کە دەگەیشتە ئەوێ تەواویان دەکرد، سەیرەکەش لەوەدا

---

(*) د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ وەك سەرۆکی لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکەم لە ڕۆژی تاوتوێکردنەکە ئەوەی ڕوونکردەوە کەوا کاتی تەقەکرنەکە سەعات چواری ئێوارە بوو نەك سەعات ۱۰ی بەیانی وەك حەسەن جافی ڕۆماننووس بۆی دەچێت.. - لێکۆڵەر -

(۱)- حەسەن جاف – عەلی بەستێ، کورتە ڕۆمان، بێ ناوی چاپخانەو بێ نووسنی ساڵی چاپکردنە، ل۲۰

(۲)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل۲۰

بوو هەموو ئەو (مؤامرة)چیانە بێ چەك بوون و کەسیش نە دەپرسی چۆن ئەمانە ئەتوانن کۆمارە ساواکەمان برۆخێنن و چەکشیان پێ نییە "[١].

دوای ئەوەی ڕۆماننووس دێتە سەر گێڕانەوەی دووەم ڕۆژی کارەساتەکەو دەنوسێ " بۆ بەیانیەکەی لە گۆڕەپانەکەی تەنیشت ئینزباتخانە چەند تەرمێکیان سەر بەرەو خوار بە تێکدراوی هەڵواسیبوو "[٢]. ئەمجا باسی ئەو خەڵکە دەکات لە ڕۆژی دووەمدا چاوەڕوانی چین " ترس بوە مێوانی گشت ماڵێك، کەس نەیدەزانی ئەگەر بۆی هاتن چۆنی بسەلمێنی پیلانگێڕ نییە، هەبوو جلی کوردی لەبەر کردبوو لە ماڵەوە دانیشتبوو چاوەڕێی قەدەرێکی نەزانراوەی دەکرد، کوردیش نەبوون، بەڵام دەیانگوت جلی کوردی پەساپۆرتی پەڕینەوەیە لە پردی سراتی مەرگ "[٣]. دوا بە دواش ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت لەسەر باسەکە تاکو دێتە سەر ئەوە کە لە ڕۆژی دووەمدا چۆن " هەشت نۆ تۆپ لوولەکانیان کردبووە قەلاَو پەیتا پەیتا بە بڵند گۆ داوای تەسلیم بوونیان لێدەکردن، ئەوانیش هەر کەسە لە ماڵی خۆیدا گرمۆڵە ببوون و باوەشیان بەیەکدیدا کردبوو نەیان دەزانی بۆچیو لەبەر چی تەسلیم بن سەدان دەرگا شکێنراو خەڵکەکانیان لە ماڵەوە دەرنران، ئەوەی کوشتیان پەتیان خستە ملی یان قاچیو رایان کێشاو ماڵەکەشیان تالاَن کرد "[٤].

دوای ئەوە ڕۆماننووس باسی تالاَنی ئەو ڕۆژە دەکاو وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە دەکێشێ ئێنجا دێتە سەر شاکەسی ڕۆمانەکە، کە (عەلی بەستێ)یە ڕۆڵی ئەوە پیشان دەدات لە ڕزگار کردن و داڵدەدانی ئەو خەڵکە بێ گوناحەو بەرگری کردن لێیان، ئەمجا دێتە سەر باسی (مەحموود کوڕی عەلی بەستێ) کە چۆن لە شەریکەی نەوت گیری خواردووەو دەیەوی بگەڕێتەوە ناو شار کەچی لە دەمی پۆلیسی کۆمپانیای نەوتەوە دەزانێ کە لە شار کارەساتێکی گەورە قەوماوە. دوای ئەوەی مەحموود لە زمانی هەندێ کرێکارەوە کە ماڵیان نزیك بوو لە کۆمپانیاکەوە بە جێبی سەربازییەوە هاتبوونە سەر ئیش هەواڵی کارەساتەکەی بە چاکی زانی، ئینجا ڕۆماننووس دێتە سەر باسی " ڕۆژی سێیەم سوپا لە بەغداوە گەیشت و جادەو ڕێگەو گۆڕپانەکانی گرت،

(١)- حەسەن جاف – عەلی بەستێ ، ل٢١-٢٢
(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢
(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢
(٤)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٢٢

هەواڵنامەی کتێب

ئەوجا کەوتنە وێزەی خەڵك، پێش سێ ڕۆژ کە جلی کوردی پەساپۆرتی هاتووچۆ بوو، لە تفەنگ و فیشك خەترتری لێهات، ئەوەی جلی کوردی لەبەر بوایە دەیانگرت و لە بەندیخانەیان قایم دەکرد " [(١)].

پاشان ڕۆماننووس دێتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن تورکمانەکان هەوڵی تۆڵە کردنەوەیان لە کورد دەکرد، ئینجا دێتە سەر ئەوە کەوا " پاش چەند ڕۆژێ وەفدێکی تورکمانەکان چووە بەغداو چاوی بە سەرۆك وەزیران کەوت، ئەویش دوای ئەو چاوپێکەوتنە وتارێکی زۆر تورەی دا بەرەڵلاو ئاژاوەگێڕێنی بە ڕووداوەکانی کەرکووك تاوانبار کرد، پاشان فەرماندە سەربازییەکەی کەرکووك گوێزرایەوەو یەکێکی دیکەی داخ لە دڵیان ناردە شار... ئیتر بە هەموان شاریان کردە دۆزەخێك بۆ کورد کە بێ گوناح و تاوانبار بە یەك چاو تەماشا دەکران، هەر هەموو تاوانبارو پیاو کوژ سەیر دەکران " [(٢)].

ئەمجا ڕۆماننووس وەسف و ناوی ئەو کوژراوە کوردانە دەکات بە دەستی تورکمان و چۆن کاربەدەستان پشتگیری تورکمانەکانیان دەکرد، لەو ڕۆژانەدا هێزی ئاسایش دەوری بەرچاوی هەبوو لە تیرۆر کردنی خەڵکی کورد " دوێنی بەیانی هەشت نۆ کرێکار لە شۆڕیجەوە دەچن بۆ مەیدانەکە بەشکو وەستایەك بیانباتە سەر ئیش و نانێکیان دەست کەوێ بۆ ماڵ و منداڵیان، ئەم خوێریانە دەسرێژیان لێ کردبوون و هەر هەموویان کوشتبوو هەروا بێ ئەوەی کەسیش بگیرێ، کێ بگیرێ، ئاسایش خۆی ئەم ئیشانە دەکات " [(١)].

دوا بە دواش ڕۆماننووس دێتە سەر ئەو ڕۆژانە کە چی بەسەر کورد دێت و چۆن دژایەتییان دەکرێت " ئەی ئەو هەموو خەڵکە بێ گوناهە بۆ ناڵێیت کە لە بەندیخانەیان بەستاون ئەوەی بۆیان نەکوژرێ شەو دەدەن بەسەرماڵیاناو دەیانگرن و تۆمەتی خەڵك کوشتن و پەت راکێشانیان دەدەنە پاڵ و دوو سێ تورکمانی خوێریشیان بۆ دەهێننە لای حاکم و لە جیاتی جارا سەد جار دەس دەدەن بە قورئانا کە بە چاوی خۆیان ئەمانیان دیوە خەڵکیان کوشتووەو رایان کێشاوە " [(٢)].

---

(١)- حەسەن جاف ، ل٣٣

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٤

(١)- حەسەن جاف ، ل٣٥

(٢)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٥

(٣)- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٦

ئەمجا ڕۆماننووس باس لەوە دەكات كە چۆن حاكم و كاربەدەستانی شار دەستیان لە راوە كورددا هەیەو چۆن شارەكە یاسای تێدا نەماوە، ئەمجا وەسفێكی سوپا لە شارەكە دەكا كە چۆن لە بارەگای فیرقەی دوو توركمانەكان دەكوژران و چۆن ئێستاكەش بەربوونەتە گیانی كورد. پاشان دێتە سەر گرتنی (عەلی بەستێ) و (مەحموودی كوڕی) كە چۆن لە دووەم ڕۆژی كارەساتەكە بەرگرییان لە توركمانەكان دەكردو چۆن ئێستاكەش هەر ئەوانەی داڵدەیانی دابوون وا كەوتوونەتە وێزی عەلی بەستێ‌و كوڕەكەی " شەوێكیان دایان بەسەر ماڵی حاجیدا، شەوێكی یەكجار گەرم بوو، ئاسمانی كەركووك ئاگری دەباراند، حاجی و ماڵ و منداڵی لەسەر بان نوستبوون، كاتێكیان زانی بە قۆناغە كلاشینكۆف لە خەویان هەڵسانن، سەربان و حەوشە پڕ بوو لە چەكدار دوو توركمانیان لەگەڵدا بوو كراسەكانیان بەسەر پانتۆڵەكانیانا، هەردووكیان دراوسێی ماڵی حاجی بوون و لە ئاسایش كاریان دەكرد، ڕۆژی هەراكە خۆیان لە ماڵی حاجی حەشار دابوو "[٣].

ئەمجا ڕۆماننووس وەسفێكی چروپری گرتنەكەو بەندیخانەی شاری كەركووك دەكات و هەر لەوێشەوە كەسایەتی عەلی بەستێ دەردەخا كە چۆن ناوبانگی دەركرد، ئەویش كاتێ نۆكەرەكانی ئینگلیز سوپای لیڤی دەیانەوێ هێرش بەرنە سەر جووت حەمام و ناموسی ژنە موسڵمانەكان بەرن، ئەمیش لەگەڵ دوو هاوڕێی بەرەنگاریان دەبەنەوەو دەسرێژیان لێدەكەن و چەند كەسێكیان لێدەكوژن كە ئەوە بووە هۆی ئەوەی شاری كەركووك عەلی بەستێ وەك پاڵەوانێكی ئەفسانەیی سەیر دەكەن.

ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەوەی كوڕەكەی عەلی بەستێ لەنێو بیستو هەشت كەسدا لە سێدارەیان دەدەن و عەلی بەستێ دەمرا. لێكۆڵەر لە ئەنجامی خستنە ڕووی ئەم كورتە ڕۆمانە ئەم سەرنجانەی خوارەوەی هەیە:

(١)- ئەم ڕۆمانە ڕەچاوی مەرجە هونەریەكانی تێدا نەكراوە بۆیە لە یاداشت نزیكترە وەك لە كورتە ڕۆمان.

(٢)- بە شێوەیەكی واقیعیانە كارەساتەكەی گێڕاوەتەوە بە هەموو وردكاریەو، ڕووداوەكە چۆن بووە و چۆن ڕوویداوە وەبەر چاو خراوە.

(٣)- حەسەن جاف بە پێچەوانەی محەمەد موكرییەوە هەردوو دیوی ڕووداوەكەی خستووەتە ڕوو، سەرەتا كوشتنی توركمان و پاشان تۆڵەكردنەوەی توركمان لە كورد دەكات.

هەوراز نامەی کتێب

(٤)- حسەن جاف لەم ڕۆمانەدا وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە ئەو هەڵومەرجانە چی بوون کە بوونە هۆی ڕووداوەکە.

(٥)- حەسەن جاف لەم ڕۆمانەیدا هێزی سوپاو تورکمانەکان تاوانبار دەکات، کەچی محەمەد موکری کورد تاوانبار دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجـــــــــــام

* ڕۆمان وەك ژانەرێكی ئەدەبی هاوچەخ گرنگیی پێ دراو لە لایـەن هـەموو نەتەوەكانـەوە، بـە بەرهەمێك شاری ناسـراوە، چـونكە سـەرهەڵدانە جیهانییەكـەی دەبەسـتنەوە بـە پەیـدابوون و تەشەنەكردنی چینی ناوەڕاست و خاوەن هۆیەكانی بەرهەم هێنان.

* ئەگەر مێژوو تۆماری ڕابـردوو بێـت لـە ڕوانگـەی مێژوونووسـینەوە، ئـەوا ڕۆماننووسـینیش ڕووداوی ڕابـردووو هەنووكـەییو پاشـە ڕۆژی تۆمـاركردووە بـەپێی دیـدەو بۆچـوونی خۆیـو تاموچێژێكی تایبەتی دەدات بە ڕووداوەكە. ڕۆماننووس بەخەیاڵی خۆیـو شـێوازی كاریگـەری خۆی ڕووداوە مێژووییەكان بەرجەستە دەكات، كە زۆر جار لەگەڵ ئەسـڵی ڕووداوەكـە یـەكانگیر نابێت، چونكە ڕۆماننووس هەندێ گۆڕانكاریو جێدەستی خۆی لەسەر ڕۆمانەكە بەجێـدەهێڵێت كاریگەری لە دەروون و ویژدانی خوێنەر هەبێت تا بگاتە چڵەپۆپەی چێژ وەرگرتن لەو بەرهەمـە، هەروەك ڕۆماننووس دەیەوەی چێژێك بداتە ڕووداوەكان.

* هەوڵەكانی پێناسەكردنی ڕۆمانی مێژوویی بە گشتی لە چوارچێوەی چەمكی ڕابردووی مێژوو دەرناچـێت و، پشـتیان پێدەبەسـتێت بـۆ دیـاریكردنی سـیماكانی. ئـەم ڕابـردووە بـە واتـای سەردەمێكی دیكە نەوەك سەردەمی نووسەر دێت.

* ئەگەر كورد لە بـواری نووسـینی جۆرەكـانی ڕۆمانـدا هـەژارە ئـەوا لـە نووسـینی ڕۆمـانی مێژووییدا حاڵی خراپترە، كەوا گەلانی دراوسێی كورد لە تورك و عـەرەب و فـارس لـەم بـوارەدا بەناوبانگن و مەودایێكی فراوانیان بڕیوە. ئەلبەتە هەژاری كوردیش لە بواری ڕۆمانی مێژووییدا بەستراوەتەوە بە بارودۆخی خراپ و پەرپووتی كوردەوارییەوە لە هەموو بوارە سیاسی و ڕووناكبیری و كۆمەلایەتی و ئابوورییەكانەوە

* ڕۆماننووسە كوردەكان لەم جۆرە ڕۆمانەدا كارەكتـەرەكان و پاڵەوانـەكانیان لـەنێو جەرگـەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی هەڵبژاردووە كەوا بەسەر میللـەتی كـورددا هـاتووەو، بـە خـەیاڵێكی هونەری جوان ڕاستیی ئەو ڕووداوانەیان داڕشـتووەتەوە بـە شـێوەیەك دەتـوانین بڵـێین سرووشـتی ڕۆمانی مێژوویی كوردی تا ڕادەیـەكی بـاش توانیوویـەتی ڕووداوە مێژووییـە كـۆن و نوێكـانی كۆمەڵی كوردەواریمان بەرجەستە بكات.

* هەرچەندە هەر هەموو ژیانی گەلی كورد خۆی لە خۆیدا ڕووداو ئەشكەنجەو نازاربووە، بەلاّم بە داخەوە ڕۆماننووسانی كـورد نـەیان توانیـوە ئـەم هـەموو ڕووداوانـە بكەنـە چـێژی نـاوەڕۆكی

ڕۆمانەکانیان وەکو لەم ساڵانی دوایی ئەم جۆرە ڕووداوانە لە ڕۆمانەکانی عەرەبی شەمۆو محەمەد موکریو حەسەن جافدا بەدی دەکرێت، بگرە زۆربەی ڕۆمانەکانیان بریتییە لە ڕووداو. واتە ڕۆماننووسانی کورد لەم ساڵانی دواییدا بەرهەمیان لە بواری ڕۆمانی مێژوویی زیاترە لە ڕۆماننووسانی سەردەمی پێش ئێستا.

* ڕۆماننووسی هاوچەرخی گەلەکەمان خوسرەو جاف لە هەموان زیاتر گرنگی بە ڕووداوی مێژوویی داوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ هاورێیانی.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچـــــــــــــاوەكان

## سەرچاوەی كوردی و وەرگێڕاوەكان

- ئەحمەد باوەڕ - كوردستان لە دووریانی دەوڵەتی عوسمان و سەفەویدا، گ/ گۆڤار، ژ/٢، ١٩٩٨

- ئەحمەد باوەڕ - ناودارانی كورد لە سەدەی بیستەمدا، ڕ/ كوردستانی نوێ، ژ/٧٤.٢، ڕۆژی١٥/٢/٢...

- دڵشاد محەمەد ئەمین – چیرۆكی كوردی و هونەری چیرۆك لە ئەدەبی كوردیدا، ڕ/ پاشكۆی عێراق، ژ/ ٢، ١٩٧٧

- دڵشاد محەمەد ئەمین – كورتە چیرۆكی كوردی و نووسەرەكانمان، ڕ/ بیری نۆی، ژ/٢٥٧، ١٩٧٧

- حاجی جندی – وا بەهار هات،ڕۆمان، وەرگێڕانی جەلال دەباغ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی / ژ/١، ٢...

- حسین عارف – چیرۆكی هونەری كوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧

- حەسەن جاف – عەلە بەستێ، كورتە ڕۆمان، بێ ناوی چاپخانەو بێ نووسنی ساڵی چاپكردنە

- خەسرەو جاف – ڕۆمانی (پاشایان كوشت)، چاپخانەی الرسالە، بەغدا، ١٩٩٣

- جەلیل گادانی - پەنجا ساڵ خەبات، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حكومەتی هەرێمی كوردستان

- جەمال بابان - سلێمانی شارە گەشاوەكەم، بەرگی یەكەم، دار الحریە للطباعة، بغداد، ١٩٩٣

- چاوپێكەوتنێك لەگەڵ پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسول، كۆڤاری بەیان، ڕ-١٩٥ساڵی ١٩٩.

- سۆران مەحوی – شتێكیتر دەربارەی كرێكار لە كورتە چیرۆكی كوردیدا، ڕۆژنامەی عێراق، ژ/١.، ١٩٧٧

- صەباحی غالب - ئافرەت لە چیرۆكی كوردیدا (١٩٢٥ – ١٩٧.)، دار الحریە للطباعة، بەغداد، ١٩٧٩

- د.کاوس قەفتان – چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان، سۆران، بۆتان، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥

- کریس کۆجیرا – مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا، وەرگێڕانی: محەمەد ریانی، چاپخانەی کاروان، تەهران، ١٩٩٧

- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٤٦دا، گۆڤاری (گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا)، کۆڕی زانیاری سۆڤیەتی، مۆسکۆ، ١٩٦٨ ل٥٨ (بە زمانی ڕووسی) وەرکێرانی: د.کەمال مەزهەر بۆ زمانی کوردی.

- د. کەمال مەزهەر، سلاوێك بۆ نووسەری کوردی عارەبی شەمۆ، ڕ/ ژین، ژ/٥٦، ڕۆژی ١٩٧٢/٢/١

- د. کەمال مەزهەر – کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا، چاپخانەی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥

- د. کمال مەزهەر - تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی چینی کرێکاری کورد - گ/ ڕۆشنبیری نوێ، ژ/٧٢، ١٩٧٩

- د. کەمال مەزهەر – مێژوو، مگابع دار الآفاق العربیە، بەغدا، ١٩٨٣

- گفتوگۆ لەگەڵ شێرزاد حەسەن، گۆڤاری رامان، ژ/٧١، ٢٠٠٢

- ڕەحیمی قازی - ڕۆمانی پێشمەرگە، لە بلاوکراوەکانی بنکەی (تیشك)، مەهاباد، چ/٢، ١٩٧٠.

- ڕەفیق سابیر – کورتە چیرۆکی کوردی بەرەوکوێ دەڕوا ؟، ڕ/بیری نوێ، ژ/ ٢٤٢، ١٩٧٧

- زاهیر ئەحمەد سەوز – قسە هەزارەو دوانی بەکارە، ڕ/ هاوکاری، ژ/ ٣٧٦، ١٩٧٧

- د. عبدالرحمن قاسملو – کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووریە، وەرگێڕانی: عبداللە حسن زادە، بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣

- عەبدوڵڵا سەراج - هەڵکشان بەرەو لوتکە (ڕۆمان)، دار الحریە للطباعة، بەغدا، ١٩٨٩

- عەرەب شامیلۆڤ، ڕۆمانی دمدم، شوکور مستەفا کردوویەتی بە کرمانجیی خوارو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٤

- عومەر مەعروف بەرزنجی – لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ – ١٩٦٩)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨

- د. عیزەدین مستەفا ڕەسول - گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات، ژ/١٦، ساڵی ١٩٧٣

- د. عیزەدین مستەفا ڕەسول - گۆڤاری گەلاوێژی نوێ- ساڵی دووەم، ژ/١٢- ١٣، ١٩٩٩
- محمد توفیق وردی، قەڵای دمدم، بەغدا، ١٩٦.
- محەمەد عەلی کوردی - نازدار یان کچی کورد لەلادێ، گۆڤاری رووناکی، ژمارەکانی (٧ و ٩ و ١١)، ١٩٣٦
- محەمەدی مەلا کەریم – بۆچی چیرۆکی کرێکارانمان نییی ؟، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ/٦، ١٩٧٧
- محمد موکری–ڕۆمانی(هەرەس)، چ/٣، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی،١٩٩٨
- محمد موکری – هارون ئەلرەشید– شانۆگەری،چاپخانەی داناز، سلێمانی،٢..١
- مستەفا نەریمان – بیرەوەریەکانی ژیانم، دار الحریە للگباعە، بەغدا، ١٩٩٤
- نەوشیروان مستەفا - حکومەتی کوردستان – کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشبیری هەرێمی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٣

## سەرچاوەی عەرەبی و وەرگێراوەکان

- د. ابراهیم خلیل احمد ود.خلیل علي مردان-ایران وترکیا دراسة في التاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل ١٩٩٢
- ادمون غریب – الحرکة القومیة الکردیة، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣
- أحمد مختار جاف - مسألة الضمیر، مراجعةوتقدیم: د. عزالدین مصطفی رسول، ترجمة:عادل طةرمیانی، مطبعة الفنون، بغداد، ١٩٨٩
- أحمد نوري النعیمي – السیاسة الخارجیة الترکیة بعد الحرب العالمیة الثانیة، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٥
- د. اسماعیل احمد یاغی – تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١– ١٩٥٢، مطبعة الرشاد، بغداد، ١٩٧٩
- اسمرا عیلان وآخرون – سیاسة الأتحاد السوفیاتي الخارجیة، دار التقدم، موسکو
- ارسطو طالیس – فن الشعر: ترجمة: عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بیروت، ١٩٧٣
- ارنولد کیبتل - مدخل الی الروایة الأنکلیزیة، ترجمة: هانی الراهب، المجلد الأول، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٧
- اللواء محمد کمال عبدالحمید – الشرق الأوسط في المیزان الأستراتیجي، القاهرة، ١٩٧٢

هەواڵنامەی کتێب

- المكان والكتابة – حوار مع غابرييل كارسيا ماركيز، ترجمة: محمد نجيب لفته، آفاق عربية، ع/١٠، تشرين الأول ١٩٨٩

- بيان الحزب الشيوعي العراقي الصادر في ١٤ تموز، صحيفة اتحاد الشعب، ع/١٤٧، س/١، ١٨ تموز١٩٥٨

- تقرير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي في اجتماعها الموسع الذي في اواسط تموز، ١٩٥٩

- جعفر عباس حميدي – التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ – ١٩٥٣، رسالة ماجستير، النجف الاشرف، مطبعة النعمان، ١٩٧٦

- جريدة (صدى بابل)، ع/ ٣٦ ، عام/ ٩.١٩

- جورج لوكاش – الرواية التاريخية، ترجمة: د. صالح جواد الكاظم، مطابع دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦

- جيرارد ليباردديان – قضايا في دراسة العلاقات الأرمنية – الكردية، مجلة دراسات الكردية، ع/٣-٧، س/٨، ١٩٩٢

- حسين مروة – ثورة العراق ١٩٥٨ – دار الفكر الجديد، بيروت، ١٩٥٨

- حميد جاعد – الحركة النقابية في العراق، بغداد، ١٩٧٤

- سعاد خيرى– من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق، بغداد، ١٩٧٥

- شاكر صابر الضابط– موجز تاريخ التركمان في العراق،ج/١، بغداد، ١٩٦.

- صادق قدير الخباز – نصف قرن من تاريخ الحركة النقابية في العراق، بغداد – ١٩٧١

- صبيح علي غالب – قصة ثورة ١٤ تموز والضباط الأحرار، دار الجاحظ للطباعة والنشر، ط/٢، بغداد، ١٩٧١

- صحيفة اتحاد الشعب، الأعداد:- ع/١٥٨ في ٣١ تموز ١٩٥٩ ع/ ٧٨و٧٩ في ٢٨و٢٩ نيسان ١٩٥٩ /١٤. في ٩ تموز ١٩٥٩

- ضياء خضير – الرواية التاريخية.. التاريخ وعمل الأدب، مجلة آفاق عربية، ع/٦، ١٩٨٩

- عادل غفوري خليل - احزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ – ١٩٥٤، ط/١، بغداد، ١٩٨٤

- د. عبدالاله احمد - نشأة القصة و تطورها في العرق ١٩.٨-١٩٣٩، مطابع دارالشؤون الثقافية العامة، ط/٢، بغداد، ١٩٨٦

- د. عبدالامير هادي العكام – تأريخ حزب الاستقلال العراقي١٩٤٦ – ١٩٥٨ دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨.

- عبدالسلام الناصري – معارك طبقية، بغداد، ١٩٧٣

- عبدالرحمن بدوي – مفهوم التاريخ، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣
- عبدالرزاق الحسنى - تاريخ الصحافة العراقية، ط/٣،، الجزء الأول، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٧١
- عبدالرزاق الحسيني – تأريخ الوزارات العراقية، ط/٧،مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨
- د.عزالدين مصطفى رسول – الواقعية في الادب الكردي، مطبعة دار المكتبة العصرية، صيدا، بلا سنة طبع
- د. فاضل حسين - تأريخ الحزب الوطني الديمقراطي ١٩٤٦ – ١٩٥٨، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٦٣
- فاضل حسين – سقوط النظام الملكي في العراق، دار الهنا للطباعة، القاهرة، ١٩٧٤
- قيس عبدالحسين الياسري - الصحافة العراقية والحركة الوطنية العراقية من نهاية الحرب العالمية الثانية حتى ثورة ١٩٥٨، بغداد، ١٩٧٨
- كاراكتاكوس – ثورة العراق١٤ تموز، ترجمة: خيري حماد، المكتب العالمي للتأليف، بيروت، بلا سنة طبع
- د. كمال مظهر احمد - الطبقة العاملة العراقية.. التكون وبدايات التحرر، بغداد، ١٩٨١
- د. كمال مظهر- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر،مطبعة الأمانة العامة للثقافة والشباب،اربيل
- ل.ن. كوتلوف – ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ترجمة د. عبدالواحد كرم، ط/١، بغداد، ١٩٧١
- ليث عبدالحسين الزبيدي – ثورة ١٤ تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، ط/٢، بغداد، ١٩٨١
- رولان بورنوف وريال اوئيليه – عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، مطابع دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩.
- رؤوف شماس – مشكلة العمال في العالم وفي العراق، بغداد، ١٩٣٦
- ر.م. البريس – تأريخ الرواية الحديثة، ترجمة: جورج سالط/٢، ١٩٨٣
– مباديء ثورة ١٤ تموز في خطب أبن الشعب البار الزعيم الأمين عبدالكريم قاسم، ج/٢، مطبعة حكومة الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٥٩
- مصطفى نريمان - اوراق تاريخية كردية في وثيقة عثمانية، مجلة كاروان، ع/٤٥، حزيران، ١٩٦٨

- د. محمد سلمان حسن – التطور الاقتصادي في العراق. التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي(١٨٦٨–١٩٥٨)،ج/١– صيدا - بيروت، ١٩٦٥
- محمد مهدي كبة - مذكراتي في صميم الأحداث (١٩١٨-١٩٥٨)، بيروت، ١٩٦٥
- م. د - الاستمارات الطبية للقتلى والجرحى الصادرة من مستشفى كركوك في ١٣ تموز ١٩٤٦، ملفة وزارة الداخلية
- د. والتر لاكور – الأتحاد السوفياتي والشرق الأوسط، المكتب التجاري للطباعة، بيروت، ١٩٥٩
- وزارة الداخلية..اضراب عمال شركة النفط العراقية في كركوك من تقرير المفتش الاداري سعيد قزاز ومفتش الشرطة محمد صالح حمام
- يوسف الشاروني - الرواية المصرية المعاصرة، دارالهلال، مصر، فبراير ١٩٧٢

## سەرچاوەکان بیانییەکان

١- Encyclopedia Britanica (١٩٧٤), Novel ,v.١٣ , p٢٩.-٢٩٨
٢- (Le Kurde et le sange verse des Armeniens), Par K.M.Ahmed , Aprecu general du texte et du sujet , Memoire Pour le D.E.A , Presente Par SiamanD Othmam , Directeur d, etudes Poal Vieille , Ecole des Hautes Etudes en Sciences Sociales , Paris , ١٩٨١.

سیامەند عوسمان – (کوردو خوێنی ئەرمەنی ڕژێنراو) نووسینی کەمال مەزهەر ئەحمەد – شیکردنەوەی گشتیی دەق و بابەت) وەك بابەتێك بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر، نامەکە بە سەرپەرشتی پۆل فییل، ساڵی ١٩٨١ لە پەیمانگای خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پاریس) – بە زمانی فەرەنسایی - گۆڤاری ( – CTIQUE SOCIALISTE ١٩٨٢- ڕەخنەی سۆشیالیستی)
- (BOLSHAYA , SOVETSKAYA ENCYCLOPEDIA), VOL – ٣ ١٩٧٣XIV , MOSCOW ,
(٤)- عشائر شكاك وشرح زندگی اغا بەهیری اسماعیل اغا (سمكو)، تاران، ١٣٤٨

## نامەی خوێندنی باڵا

- ابراهيم قادر محمد – ڕۆمانی کوردی لە عێرق دا. نامەی ماستەرە پێشکەش کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ئەیلولی ١٩٩.
- عادل گەرمیانی– ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا، نامەی ماستەرە پێشکەش کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا کراوە، ١٩٩٦

## دەستنووس

(١) د. عادل گەرمیانی- ڕەهەندی مێژوویی لە ڕۆمانەکانی خوسرەو جافدا.

- لوقمان حسین گاهر - مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك لە گاوربـاغی.

## چاوپێکەوتن و گفتوگۆ

- چاوپێکەوتن لەگەڵ زانای گەورەی کورد پڕفیسۆر د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – بەغدا لە ڕۆژی یەکشەممە ٢/٤/٢٠٠٢

- چاوپێکەوتن لەگەڵ حسین عارف - سلێمانی ڕۆژی یەکشەممەی ساڵی ٢٠٠١

- چاوپێکەوتن لەگەڵ خوسرەو جاف – بەغدا لە ڕۆژی ٢٢/٤/٢٠٠٢

- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوری فەقێ – کەرکووك لە ڕۆژی ٥ / ١١ /٢٠٠١

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ملخص البحث

## (أنعكاس الحدث التأريخي في الرواية الكردية)

شهدت الرواية الكردية بعد أعوام السبعينيات بروزاً ملحوظاً في بقاع كردستان، وتعتبرأعوام مابعد منتصف العقد الثمانيني في القرن الماضي بداية العصر الذهبي للرواية الكردية في كردستان العراق.

أن الرواية الكردية ولدت وهي تنتهل من الينابيع الصافية الرقراقة للواقعية كمنهج أدبي وفني تجسد في غالبية الروايات الكردية التي تناولت بعضها تلك الأحداث التاريخية المهمة في قديم زمان الكرد وحاضرهم من منظور واقعي تأريخي.

لقد حاولنا في هذا البحث دراسة وتحليل تلك النصوص الروائية الكردية التي تناولت بعض الأحداث التاريخية، وبيننا مدى صدق الروائيين الكرد في تجسيدهم لحقيقة تلك الأحداث.

لقد أتخذنا من المنهجين الوصفي والتحليلي أسلوباً لكتابة هذه الرسالة الأكاديمية عن أنعكاس الحدث التأريخي في الرواية الكردية، والتي تعتبر خامس رسالة ماجستير في الدراسات الكردية العليا عن الرواية الكردية بشكل عام، وأول رسالة ماجستير عن الرواية التأريخية الكردية وعن الأحداث التأريخية كموضوع روائي، ومن هنا تكتسب هذه الدراسة الأكاديمية أهميتها العلمية.

لايختلف أثنان حول وجود فرق ملحوظ بين المؤرخ والروائي التأريخي رغم كونهما يرتشفان من ذات الينبوع التأريخي، لكنهما يختلفان من حيث كيفية التعامل الموضوعي مع حقيقة الحدث التأريخي وأسلوب تجسيد وتدوين تفاصيل ومجريات ذلك الحدث التأريخي، ويمكننا القول بأن لغة المؤرخ تاخذ في أغلب الأحيان نوعاً من الطابع التقريري بينما تكون لغة الروائي التأريخي هي لغة أدبية تعتمد على الصور الأدبية المجسدة بنوع من الخيال الفني المؤثر الذي يُغلف جوانب من مجريات الحدث التأريخي.

تتكون هذه الرسالة من مقدمة وخاتمة واربعة اقسام موزعة على بعض المحاور التي لها علاقة مباشرة بعناوين أقسام هذه الدراسة الأكاديمية عن كيفية أنعكاس الحدث التأريخي في الرواية الكردية التي يتجاوز عمرها الأدبي السبعون عاماً.

تناولنا في القسم الأول مفهوم الرواية، وتحدثنا في المبحث الأول عن بدايات ظهور الرواية الكردية، وفي المبحث الثاني تحدثنا عن طبيعة الرواية التأريخية كنوع من أنواع الرواية التي بدأت تأخذ حيزها في النتاجات الروائية الكردية، وتحدثنا في المبحث الثالث عن الفروق بين المؤرخ والروائي التأريخي من

حيث طبيعة الكتابة التأريخية والكتابة الأدبية التي توظف الخيال الفني لأظهار أبداع الروائي في روايته التأريخية.

وتناولنا في القسم الثاني طبيعة أنعكاس بعض الأحداث التأريخية في بعض الروايات الكردية، حيث تناولنا في المبحث الأول طبيعة التجسيد الأدبي للصمود البطولي التأريخي الكردي في رواية (قەڵای دمدم – قلعة دمدم) للروائي عرب شاميلوف، وتناولنا في المبحث الثاني طبيعة التجسيد الأدبي للعلاقات التأريخية بين أمراء بابان ورؤوساء عشيرة الجاف وما جرى من أحداث تأريخية خلال حكم البابانيين والتصوير الأدبي لها في رواية (**پاشايان كوشت** – قتلوا الباشا) للروائي خسرو الجاف.

تناولنا في المبحث الأول من القسم الثالث طبيعة التصوير الأدبي للفتنة العثمانية في أشعال نيران الأقتتال بين الكرد والأرمن في رواية (**وا بەهار هات** – هاهو الربيع قد جاء) للروائي حاجي جندي، وتناولنا في المبحث الثاني طبيعة التناول الأدبي لنضال الشعب الكردي في إيران في رواية (پَيشمەرطة – الفدائي) للروائي رحيم قاضي.

وتناولنا في القسم الرابع التجسيد الأدبي الروائي لبعض الأحداث التأريخية المعاصرة في حياة أكراد مدينة كركوك بعد الحرب العالمية الثانية، حيث تناولنا في المبحث الأول طبيعة التصوير الأدبي لأضراب العمال الكرد وغيرهم في شركة نفط كركوك المشهور بأضراب عمال كاور باغي عام ١٩٤٦ والتي جسدها الروائي عبدالله السراج في روايته (**هەڵكشان بەرەو لوتكە** – الصعود نحو القمة)، وتناولنا في المبحث الثاني مأساة الأقتتال بين الكرد والتركمان في مدينة كركوك بعد ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ والتي قام بعض رجال النظام آنذاك بتأجيج الخلافات بين هذين الشعبين وإيصالها الى حالة الصراع الدموي وسفك الدماء التي راح ضحيتها العديد من أبناء هذين الشعبين في مدينة كركوك، والتي قام الروائي **محمد** موكري في روايته (**هەرەس** – الأنهيار) بتجسيد هذا الحدث التأريخي من منظوره الروائي تناولاً فيها جوانب من هذا الحدث التأريخي، وجسدها ايضاً الروائي حسن الجاف في روايته القصيرة (**عەلە بەستێ**) من منظوره الروائي.

يتضح لنا من خلال تناولنا لهذه النصوص الروائية الكردية بأن الواقعية التأريخية كان لها حضوراً في الأسلوب الروائي لهؤلاء الروائيين الكرد الذين استطاعوا كلاً من منظوره الروائي أن يتناول حدثاً تأريخياً مهماً من تلك الأحداث التي شهدها الكرد في تأريخهم القديم والحديث.

ودوننا في خاتمة هذه الدراسة الأكاديمية بعض الجوانب والفقرات المهمة التي تؤشر طبيعة مضمون وأسلوب بحثنا الذي استفدنا من المنهجين الوصفي والتحليلي في تناولنا لطبيعة تلك الأحداث التأريخية المجسدة في بعض النصوص الروائية الكردية التي أبدع كتابها في التصوير الأدبي لتلك الأحداث التأريخية بشكل مؤثر.

هەولێرنامەی کتێب